سروە

ئەدەبی ـ فەرهەنگی

١٣

ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی
ئینتشاراتی صلاح الدینی ئەییووبی

گۆواری ئەدەبی ـ فەرهەنگی سروە ـ ساڵی سێهەم ـ ژمارە ١٣ ـ گەلاوێژی ١٣٦٦ ـ نرخ ١٥ تمەن



مونا جات

ئەحمەدی خانی

ئەی واستەیێ وجوود کەونەین
شایستەیێ قوربێ قاب قەوسەین
شاهەنشەهێ تەختگەه مەدینە
موعجز ژتە ئەوقەدەر مەدینە
سەیرا فەلەکان ل نک تەگا ڤەک
فەخرا مەلەکان ژتە سلاڤەک
شەققەلقەمەرا تەیەک ئشارەت
زاغەلبەسەرا تەیەک عبارەت
ئەی پادشەهێ سەریرلەولاک
رابەهەرە ئاسمانی چالاک
حازر ژتە رابوّراق ورد فرەف،
شاترب تەرا فریشتەرەف، رەف
دارەفع ببن ژبەرتە پەردە
بێ پەردە دگەل خودێ خەبەردە
بێژێ تو قەدیرو زولجەلالی
بێژێ تو قەدیم ولایەزالی
ئەمٍ فانی وژارو موشت خاکین
هادی تو نەبی خوئەم هیلاکین
ئەڤەل تەژبوّ چ دا مەتەعزیم
دانی ل سەرێ مەتاج تەکریم

تەشریف خەلافەتێ تەدا مە
گاڤا تەئەمانەتێ خوەدا مە
مەعلوومی تەبوو کوئەمنەزانین
قەدرێ وی ئەمانەتی نزانین
هەرچی تەژبوّمە کر ئیرادە
یەک زەرڕە مەلێ نەکر زیادە
حاشا ژکەمال هوممەتا تە
دوورە ژجەلال ورەحمەتا تە
کوفرو گونەهان بکی بەهانە
لاییق تەبتن ئەوە شەهانە
یەک روونە لنک تەکوفروئیمان
یەک سوونە لنک تە خولدونیران
قەهرا خوە بکی ئەگەر تو زاهر
جننەت ل مەدێ ببیتە ئاگر
وەرفەیز بکەت سەحابێ رەحمەت
دووزەخ لمەدێ ببیتە جننەت
گەرکافرو گەر گوناهکارین
بیلجوملەژ تەئومیدوارین
کەس نینەژکافروعێساتان
مەزهەر نەبتن ژبوّسیفاتان
کافر بوویین ئەم بئیسمێ قەهار
غەففارە کوئەمکرن گونەهکار
کوفرێ تو مەگەر نەشێ ببەخشی
گەر دێ گونەهان ل مە نەبەخشی
دێ شادبن لمە شەیاتین
مەسروور ببن گەلەک مەلاعین
قەت غیرەتەئەی پەناهێ عالەم
قەت لاییقە ئەی شەبانێ ئادەم
ئەو گورگێ لەعین وبەدسەرەنجام
ژێکرا بکەتن مەشوبهی ئەغنام
ئەلقسە بکی کودێوێ سەرکەش
تەنها وتەنێ بچیتەئاتەش
فیلجوملە مەجوملە خاس وعامان
عاسی وشەقی ونا تەمامان
تێکرا بشەفاعەتا خوەخاس کە
ڤێکرا مەژئاگری خەلاس کە

نێوەرۆك

بەناوی خوا



سەروتار

سڵاو لە خوێنەرانی بەرێز

ئیمڕۆ کەپێکەوە دەدوێین دنیا لە قەرەباڵغێکی گەورە دایە. بگرەوبەردەیەکە کە لایەنەکانی هەموو جیهانی داگرتووە. هەڵلایەکە ئەوانەی سازیان کردووە بۆیان سەروبەر ناکرێ. باسکردن لەم بشێوی یە نە کاری ئێمەیە و نەلەم باسەدا دەگونجێ بەڵام لە هەرێمی باسەکەماندا واباشە لەسەر نەخش و دەوری سەیری زانست لە دنیای پڕ هەنگامەدا بدوێین . یاخۆ واباشە لەسەر دەوری پڕ سەمەرەی زانست لەئاڵۆزی دونیادا کورتە باسێک پێشکەش بکەین .

بەر لەوە بچینە نێو باسەکەوە پێویستە ئەوە وەبیر بێنینەوە کە مەبەستمان لەزانست تەنیا باری زانستی ئەزموونی و فیزیکی یە. وەختێک دەڵێین سەیرە لەبەر ئەوەیە کە باری ژیانی مرۆڤ لە

شوان



کاری وێنەگەری کورد: محەممەد ناهید



دونیای ئیمڕۆدا دووبەرەکی و بگرە جیاوازی زۆرتێدایە ئەڵبەت زانستی مرۆڤ لە باوبۆرانی خەباتی ئەودا بەربەرەکانی لەگەڵ دیاردە ـ کانی سروشتی وزاڵ بوون بەسەر دونیای هەستی دا دەبڕێتەوە و بەرە بەرە پێدەگا .

مرۆڤ بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پێویستی بە چەند ئەسڵ هەیە .

تاشای دڵی کەلکی لێ وەربگرێ.

کەوابوو زانستی بەشەر لە چوارچێوەی ناسینی قانوونی جیهان و شێوەی لەکارکردنی ئەمقانوونانەدا دەبڕێتەوە. پەس پێشکەوتنی مرۆڤ بۆ گەشەی ئاگاداری ئەو لە جیهان دەبێ کەم بوونەوەی مەترسی و کەندو کولۆ وبەرفرەیی هێمنایەتی و حەسانەوە و خاترجەمی

کەوابووزانستی بەشەر لە چوارچێوەی ناسینی قانوونیجیهان و شێوەی لەکار کردنی ئەم قانوونانەدا دەبڕێتەوە. پەس پێشکەوتنی مرۆڤ بۆگەشەیئاگاداری ئەو لە جیهان دەبێ کەمبوونەوەی مەترسی و کەندو کولۆ وبەرفرەیی هێمنایەتی و حەسانەوە و خاترجەمی لەگەڵ بێ .

پتر هەست بە هێمنی و خاترجەمی دەکەن ؟

سەیربوونی دەوری عیلم لێرەدا بەجوانی وەدیار دەکەوێ. کاتێک بیر لە پێشکەوتنی مرۆڤ لەسەر ناسینی خاشەی نەخۆشی یەکان و دۆزینەوەی چارەودەرمانی ئەوان دەکەینەوە یا ئەو دەمەکە گیروگرفتی هات و چۆوپێوەندی وتەفریحی باب و باپیرانی خۆمان بۆ دەبێتە فکر دەتوانین لە وەڵامی پرسیارەکانی سەروودا ، بڵێین (ئا) ودان بەشوێن و دەورئیجابی زانست لە ژیانی کۆمەڵایەتی بەشەردا بێنین بەڵام ئێستا ئەم بیروفکرە نەبووەتە بریار چون کەند وکوسپێکی زۆر لەبەرچاوی عەین و زەینی ئێمەدا ریز بوونەوەهەژاری و برسیەتی درووت وقووتی و کۆیلەتی فەرهەنگی وئابووری وسیاسی زوربەی دانیشتوانی سەرگۆی زەوی ناچارمان دەکا بڵێین (نا) وبۆ لە کارهێنانی راست وبەجێی زانست لە کۆمەڵگای بەشەری دا هانمان دەدا .

ئێستا چ بڵێین ؟ ئەم جیاوازی یە وناکۆکی یەچۆن چارە بکەین ؟

واوێدەچێ لە باسەکانی رابردوودا وەڵامی ئەساسی ئەم گرفتەمان وەدەست کەوتووە چون گوتمان زانست

یەکەم قانوون وزاکوونی حاکم بەسەر خوو ورەوشتی سروشتدابناسێ بۆ ئەوە کە لە ئازار و توورەیی ئەو خۆ بپارێزێ .

دووهەم: بە لەبەر چاوگرتنی قانوونی ناسراو وەدیارخستن و خستنەرووی، قانوونی نەناسراو بتوانێ سروشت بەردەست بکاو بە

لەگەڵ بێ. جا بائێستا بزانین بەراستی وایە؟

بەراستی بشێوی وکەندو کۆسپ وگرێ و دژواری و خراپە..لەدونیای ئیمڕۆدا (کەبێ شک عیلموزانست لە پێشوو زۆر پێشکەوتووترە) لە رابردوو کەمتربووەتەوە و دانیشتوانی سەر زەوی لە باب وباپیرانی خۆیان

ئەدی چۆنە دیسان دەسەڵاتی پۆلێـــک ساماندار و بێ دین و زالم هەر ماوە

وەک کەرەستەیەک دەتوانێ هێزوتوانستی مرۆڤ زیاد بکا و لە بەڕێوەبردنی کاری گەورە و ئەستەمدا یارمەتی بدا وئەمدەرفەتەی کەپێشان بۆی نەڕەخسابوو پێک بێنێ.کەچی قەزاوەت لە سەر بەرهەمی کەلک وەرگرتن لەزانست بەپێی کەرەستەبوون وخولقاندنی هێزوتوانست و نەگرتنی لانێکی تایبەتی مەحالە، کەوابوو دەبێ پێشان روون بکرێتەوە کەبڕشت و توانستی پێشکەوتی زانست بۆ کێ یە؟ یا کەرەستەی زانین بەدەست کێوەیە؟

بێ شک هەرکات زانست لەخزمەت چارەسەری گیرو گرفتی ئینسانەکان بووبێ بەرهەمی باشی لێ وەرگیراوە و گرێ پووچکەی کاری مرۆڤی کردۆتەوە بەلام بەداخەوە توانستی بەربلاوو پێشکەوتووی زانست و تکنۆلۆژی لەجیاتی ئەوە کەهەموو خەڵکی جیهان کەلکی لێ وەربگرن بۆ دەستەیەکی بێ ئیمان و نائینسان تەرخان کراوە و بووەتە کەرەستەیەک بۆ گەیشتن بەویست و داوای چەپەڵیان.

باچاوێک بە دونیادا بگێڕین تا بۆمان دەرکەوێ لە بەرامبەر هیندێک خاوەن هێزو دەستەلات زۆر بێ بەش ورووت و برسی هەن کە هەموو حەول و دەولیان ئەوەیە کە پارووە نانێک بۆ خۆومال ومندا — لیان دابین بکەن(هەڵبەت ئەگەر ماڵێکیان هەبێ) بەراستی شتی وادەبێ ؟

ئاخر چۆن دەبێ چەند کەس چارەنووسی دونیا بەدەستەوە بگرن ولەگۆڕەپانی جیهاندا حوکماتی بێ سنوور و بێ برانەوەیان ببێ ؟

ئاخر لە رابردووشدا خەلک هەمیسان کۆیلە و ژێر دەستی سولتان و پاشای زالمبوونە. بەلام کورتە سەرنجێک ئەوە زوون دەکاتەوە کە نەزانی و هەژاری فەرهەنگی لەلایەک ونەبوونی پێوەندی لەنێوان چین و توێژەکانی جۆراوجۆری کۆمەڵ لە لایەکی دیکەوە دەرفەتی دەسەلاتداری شا گەلێکی پێک هێناوە کە زۆرجار بێ سەوادونەزان و نەلایق بوونە. بەلام ئیمرۆ تەنەوەی دەنگەوەرەی خەبەری و پێوەندی تەواوی دونیای لێک ئاگادار کردووەوخەلک لەچاو پێشوو زۆر زاناتر و ئاگادارترن و زانستی سیاسی شیان کامیل ترە.

ئەدی چۆنە دیسان دەسەلاتی پۆلێک سامانداروبێ دین و زالم هەروا ماوە؟

خۆ ئەگەر بیروڕای پڕ و پووچ وبێ مانابوونی شا گەلێکی بەسەر خەلکدا دەسەپاند و کەم بوون و نەبوونی رادەی گەشەی بیروڕای کۆمەلایەتی ماوەی توورەیی وتۆسنی ونارەزایی نەدەدا ولەولاشەوە سەر هەلدانی رێکخراوەی سیاسی و کۆمەلایەتی بەمەبەستی بەدەستەوەگرتنی هەموو کار وباری چەوساوەکان لەلایەن ئەوانەوە نەدەلوا، ئەدی ئێستا چۆن دەکرێ باوەڕ بەحاکمەتی بێ ئەم لاو ئەو لای حاکمە زالمەکانی هەموو دەوروزەمانان بەسەر چەند میلیارد خەلکی دونیابکەین؟

درێژەی هەیە

بسمه تعالی

سر مقاله

ضمن سلام به خوانندگان عزیز امروز که با هم سخن میگوئیم جهان در غوغایی بس بزرگ بسر میبرد. غوغایی که ابعاد آن اینک

اقصی نقاط دنیا را فرا گرفته است . غوغایی که کنترل آن دیگر از دست برپاکنندگانش خارج گشته است . بررسی ابعاد ، کیفیت وعوامل این غوغا نه کار ماست ونه دراین مقوله میگنجد لکن درحوزه بحث خود مایلیم در باره نقش عجیب علم در دنیای پرغوغا ویا بهتر بگوئیم نقش عجیب علم در غوغای دنیا بحثی هرچند کوتاه داشته باشیم. قبل از ورود به بحث لازم است یادآوری کنیم که مقصودمان ازعلم دراین گفتار صرفا" علوم تجربی وفیزیکی است .اینکه میگوئیم عجیب به خاطر اینست که امروزه شاهد نقش دوگانه وبلکه‌متناقضی از علم درزندگی انسانها هستیم .بدیهی است دانش بشری درکوران مبارزهٔ او با مظاهر سرکش طبیعی و به‌منظور تسلط هرچه بیشتر برجهان هستی پدید آمده‌تا از تهدید مظاهر قهرش درامان بماند و ثانیا" بااستفاده ازقوانین شناخته شده و نیز کشف قوانین پنهان وناشناخته بتواند طبیعت را مسخر فرمان خویش کرده وبروفق مرادش ازآن بهره جوید. بدین ترتیب علم بشر به‌مجموعه دانسته‌هایش از قوانین جهان آفرینش و روشهای کاربردی این قوانین اطلاق میشود. براین اساس پیشرفت آدمی در تکمیل دانسته‌هایش ازجهان لزوما" باید با کاهش مخاطرات و ناملایمات وافزایش امنیت آسایش ورفاه در زندگی همراه باشد.

اکنون باید دید که آیا واقعا" همینطوراست ؟ آیا واقعا" ناامنی ، ناملایمات ، سختی ها ، فقر تباهی و... درجهان امروزی که درپیشرفت علمی آن نسبت به‌گذشته هیچ جای تردیدی نیست) کمتر از گذشته بوده و آیا مردم جهان امروز بیشتر از گذشتگان خود در آسایش وامنیت بسر میبرند؟ عجیب بودن نقش علم در اینجا کاملا" ملموس میشود .وقتی به پیشرفت بشر درشناخت ریشه بسیاری ازبیماریها و کشف روشهای درمان آنها میاندیشیم ، یا وقتی که‌به مشکلات تردد ،ارتباط،تفریحات و...آدمی در گذشته فکر میکنیم جهت میابیم تا به سوالات فوق پاسخ مثبت‌داده و بطور مطلق به تاثیر مثبت علم درزندگی اجتماعی بشر اعتراف نمائیم. اما هنوز این اندیشه‌به‌تصمیمی جدی تبدیل نشده که نابسامانیهای فراوانی به سرعت از جلوچشم عین و ذهن رژه مبروند و توجه به فقر ، گرسنگی،برهنگی ، مظلومیت واسارت فرهنگی اقتصادی،سیاسی ، اکثریت انسانها در کره خاکی سریعا" آدمی را به دادن

بدین ترتیب علم بشر به‌مجموعه دانسته‌هایش از قوانین جهان آفرینش و روشهای کاربردی این قوانین اطلاق میشود.براین اساس پیشرفت آدمی در تکمیل دانسته هایش از جهان لزوما" باید با کاهش مخاطرات ونا ملایمات وافزایش امنیت ،آسایش و رفاه در زندگی همراه باشد.

چگونه سیطره مشتی سرمایه‌دار وملحد و ستمگر ممکن گشته است

رای منفی نسبت به‌کاربرد مثبت علم درجامعه‌انسانی ترغیب مینماید.راستی چه باید گفت ؟این تناقص چگونه حل شدنی است ؟... به‌نظر میرسد در بحثهای گذشته به‌پاسخ اساسی برای این مسئله دست یافته‌ایم.

گفتیم که علم چون ابزار میتواند قدرت بشر را افزایش داده و او را درانجام اقدامات بزرگ و بسیار مشکل یاری کرده و تحقق شرایطی را که در گذشته ناممکن بود ،ممکن سازد.

قضاوت وپیش‌بینی نتایج بهره‌برداری از علم بنا به خاصیت ابزاری وقدرت‌آفرینی علم وبه دلیل اینکه ذاتا " ازهیچ جهت‌خاصی برخوردار نیست امری غیرممکن است بلکه باید دراین رابطه روشن گردد که‌قدرت حاصله از پیشرفت علم به چه کسانی تعلق دارد و به تعبیر دیگر ابزار علم مورداستفاده چه افرادی قرار میگیرد؟روشن است که هرگاه ازعلم درراه‌حل مشکل انسانها استفاده شد نتایج مثبتی بدست آمده و گره ازکار آدمها‌گشوده گشت . لکن متاسفانه‌قدرت عظیم ناشی از پیشرفت علوم و تکنولوژی به‌جای آنکه متعلق به عموم جامعه جهانی انسانها باشد دراختیار عناصر فاقدایمان وهویت انسانی قرار گرفته وبه‌وسیله‌ای برای تحقق اهداف شوم وپلیدشان مبدل گشته است . وقتی که به جهان مینگریم میبینیم که دربرابر تعداد معدودی از صاحبان قدرت و مکنت اکثریتی محروم یا گرسنه‌و برهنه هستیم ویابا تلاشی جانفرسا همه هم و غمشان این است که قوت خود و اهل بیت را (اگر بیتی باشد) فراهم سازند.راستی چگونه چنین چیزی ممکن است ؟یعنی چگونه میشود که گروهی اندک سرنوشت جهان را رقم زده و در عرصه جهانی حکومتی بلا منازع داشته باشند؟

البته درگذشته نیز مردم همواره دراسارت سلاطین و شاهان ستمگر بوده‌اند.لکن یک بررسی ساده نشان میدهد که جهالت و فقر فرهنگی ونیزموانع ارتباطی بین واحدهای اجتماعی امکان تسلط شاهانی را فراهم میکرد که گاه خود بی سواد وفاقد مدیریت سیاسی (هرچنددرجهت باطل) بوده‌اند. اما امروز که امکانات ارتباطی و خبری به‌نحوی گسترده تمامی نقاط جهان رابه‌هم پیوند داده‌و مردم به‌طور نسبی ازنقطه نظر اطلاعات عمومی و دانش سیاسی با گذشتگان تفاوت بسیار پیدا کرده‌اند چگونه سیطره‌مشتی سرمایه‌دار ملحد وستمگر ممکن گشته است ؟ به‌عبارت دیگراگر درگذشته خرافات‌واندیشه‌های واهی ضرورت وجود شاهان را برافکار اجتماعی تحمیل میکرد واگر نازل بودن سطح آگاهیهای سیاسی و پائین بودن درجه رشد اجتماعی امکان ظهور روحیه گستاخی وپرخاشگری واعتراض و نیز بروز تشکلهای سیاسی - اجتماعی بمنظور تلاش در راه بدست‌گرفتن زمام‌امورا درمستضعفین منتفی میساخت ، امروزه چگونه میشود سلطه بی چون وچرای ستمگرترین حکام‌همه اعصار و قرون را بر جمعیت چند میلیاردی دنیا باور کرد ؟

ادامه دارد

مەزهەبی

قوربان قوربان قوربان



کاتێک سارا خێزانی حەزرەتی ئیبراهیم تێگەیشت کە منداڵی نابێ داوای لە ئیبراهیم کرد کە "هاجەرە" بخوازێ بەڵکوو خودا منداڵێکی بداتێ.

پاش ساڵێک هاجەر کوڕێکی بوو کە ناویان نا ئیسماعیل. باوکی تامەزرۆی وەجاغ رۆژ لە رۆژ زیاتر خۆشەویستی خۆی دەخستە سەر کوڕەکەی و ئەو کارە دەبووە هۆی ئێرەیی و حەسوودی سارا. سارا کە خۆی حەزرەتی ئیبراهیمی خەلیلی هان دابوو لەگەڵ هاجەر زەماوەند بکا ئەوجار دەستی کرد بە شەڕهەڵایساندن و تەوس و پلار هاویشتن و ئازار دانی ئیبراهیم و هاجەر. بەوجۆرە ئاسایش لە ماڵی ئیبراهیم کۆچی کردوژیانێکی تاڵ و ناخۆش دەستی پێکرد.

ئیبراهیم کەرێگا چارەیەکی دەویست دەستی نیازی بەرەو پەروەردگار بەرزکرد و دەستی بە پاڕانەوە کرد. لە لایەن خودای گەورەوە ئیلهامی بۆ هات کە **" ئەی ئیبراهیم سەبوور بە کە ئێمە پیاوی سەبوورمان خۆش دەوێ.زۆر بوون ئەو پێغەمبەرانەی کە پێش تۆش لەدەست ژنەکانیان جاڕز بوون."**

ئیستا هاجەر و ئیسماعیل سواری وشتر کە وبەو بیابانە قاقڕەدا وەڕێ کەوە. هەر بڕۆ تا وشتر بۆخۆی رادە – وەستێ. ئەمجار لەگەڵ سارا و ئیسماعیل ماڵاوایی بکە و بگەڕێوە وڵاتی خۆت .

ئیبراهیم کە دڵی لە ئەوینی کۆرپەی ساوا و هاجەر کە لەوە رێز بوو سەری بۆ فەرمانی خودا دانەواند و ماڵاوایی لێکردن و کوتی :

" رَبَّنا إِنّی أَسکنتُ مِن ذُرّیتی بوادٍ غیر ذی زرع عندَ بیتک المحرم. رَبَّنا لِیُقیموا الصلٰوةَ فاجعَل أفئِدَةً منَ النّاسِ تَهوی إلیهم و ارزُقهم مِنَ الثمراتِ لَعَلَّهم یَشکرُون "

هاجەر و ئیسماعیل لەو بێروونە بەرەهووتەدا، لەسەر رەملی داغ و لە ژێر قرچەقرچی گەرمادا بێ ئاووخواردەمەنی، رۆژو شەویان رابوارد. توونیەتی و برسیەتی بەسەریان دا زاڵ بوو. سارا بۆ چۆڕێک ئاو بۆ کۆرپەکەی کەوتەپەلەقاژەو هەوڵ دان بەلام هەرلایەک رووی تێدەکرد هەر تراویلکە بوو. ئاو لەهیچ جێگایەک دەست نەکەوت .

سمایلی تینوو گڕووی ئاوی گرتبوو لاقەکانی دە عەرز دەکوتا وهاواری دەکرد دێوەزمەی ناهومێدی بەسەر سارادا زاڵ ، ببوو کە لە نەکاو گریانی سمایل وەستا و سارا وەخۆ هاتەوە و دیتی لە ژێر پانیەی سمایل دا ئاوێک هەڵقولێوە . کانی یەکی روون و ئاوێکی فێنک کە پاشان ناویان نا ئاوی زەمزەم.

هەڵقولینی کانی یەکی ئاوا فێنک وجوان بوو بەهۆی داوەرووکانی تەیر و توور و جانەوەر وئینسان و زیندەوەری دیکە. عەشیرەتی (جورهوم) لە نیزیک کانی نیشتەجێ بوون و ئەو بیابانە قاقڕە وردە وردە ئاوەدان کراوە.

کاتێک سمایل تەمەنی مناڵی دەبردە سەر ، حەزرەتی ئیبراهیم جاروبارسەرێکی لێدەدان و چاوی بە دایک و کوڕ دەکەوت ، ئەوین وخۆشەویستی ئەولاد ، تەواوی گیان و لەشی ئیبراهیمی داگرت تا ئەو جێگەی کە فکر وزیکری هەر کوڕەکەی بوو . لە نەکاو فەرمانێکی ئاسمانی لە لایەن خوداوە گەیشت "

" ئەی ئیبراهیمی خەلیل ئیرادە و ڕای ئێمە لەسەر ئەوەیە کە ئیسماعیلی کوڕت




لە ڕێگەی ئێمەدا قوربانی کەی."
ئیبراهیم بە پەشۆکاوی لەخەو ڕاپەڕی. فەرمانی خودایە و چی دەگەڵ ناکرێ. ڕووداوەکەی بۆ هاجەریش گێراوەوئەمری کرد کە ئیسماعیل بە جوانترین جل و بەرگ بڕازێنێتەوە و سەروکاکۆڵی بەشانەکاوو عەتری بۆن خۆشی لێ بداوئامادەی قوربانی کردنی بکا، پاشان بۆ بەڕێوە بردنی فەرمانی ئیلاهی دەستی داخەنجەرو دەستی ئیسماعیلی گرت وبەرەو قوربانگا کەوتە ڕێ.

پاش پێوانی مەودایەک گەیشتنە ئەو جێگایەی کە ئەمڕۆ"مەنا"ی پێدەڵێن و مزگەوتی شکۆداری حەنیفە لەوێ دروست کراوە. ئیبراهیم کە نوقمی گەرداوی خەیاڵی ئاڵۆزو پاڵۆزی خۆی بوو لە کاتێکدا چاوی لە چاوە جوان ومەعسوومەکانی سمایل بڕیبوو فەرمانی خودای پێ ڕاگەیاند.


سمایل بە ورەی بەرزەوە ئامادەیی خۆی بۆ قوربانی کردن لەڕێگای خودا دەربڕی و ئیمانی خۆی بەخودای تەنێ و پێغەمبەرەتی باوکی خۆی ڕاگەیاند.پاشان دەستووری بە باوکی دا خۆ ڕاگر بێ و دەست و پێ ون نەکا وبۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانی خودا پەلە بکا.

ئیبراهیم بەپەلە دەست بەکار بوو. بە دەستی لەرزۆکەوە خەنجەری تیژی لە سەر گەردنی ناسکی سمایل دانا و ناوی خودای هێنا، شەیتان سێ جاران ویستی ئیبراهیم وەسوەسە بکا ونەهێڵێ سمایل قوربانی کا بەڵام سەر نەکەوت (ڕەجمی شەیتان وەبیرهێنەوەی ئەم ڕووداوەیە) خەنجەری بە هەموو هێزی خۆی داگرت بەڵام بەسەر سوڕمانەوە دیتی کە خەنجەر وەک بە بەردی خارایدا بێنی نابڕێ و کولە. زۆری هەوڵ دا بەڵام سوودی نەبوو



سەری هەڵێنا و لە خودا پاڕاوە کە یارمەتی بدا. لە نەکاودەنگی جبرئیلی ئەمین بەگوێی گەیشت.

" ئەی خلیل اللە تۆ وئیسماعیلی کورت نیشانتان دا کە گوێ لەمستی فەرمانی خودان. ئەو لەخۆ بووردنەتان لێ



پیرۆز بێ. حەق تەعالا دەفەرمووێ "ئێمە بێجگە لەرەحمەت هیچ شتێکمان بۆ بەندەکانی خۆمان ناوێ. ئێمە لەبەرەی مرۆڤ تەنیا مرۆڤایەتیمان دەوێ نە کوشتنی یەگدی ، هەستە ئەو بەرانە سپی بەڵەکە لەجیات سمایل بکە بە

قوربانی و گوشتەکەی لەنێو فەقیران دابەشەوە تا ئەو سەدەقەیە لە لایەن خوداوە قەبووڵ بکرێ. ئەی ئیبراهیم بە پاسی ئەو تەسلیم ورەزایە لە تۆرەمەی سمایلی کوڕت پێغەمبەرێک دێتە سەر دنیایە کە وەک تۆ موسوڵمان وخوداناس دەبێ. ئەو لەگەڵ ئۆمەتەکەی زۆر قوربانی لە رێگەی ئێمەدا دەدەن وئەم جێگایەش کە ئێستا تۆ لێی راوەستاوی دەبێتە جێگایەکی بیرۆز وموقەددەس ."


لە ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤدا ئەو رۆژە وەک یەکێک لە رۆژە پیرۆزەکانی ژیانی مرۆڤ لەدرێژایی مێژوو دێتە ژمار ئەو رۆژە جێژنی هەموو موسوڵمانانی جیهانە و بەناوی جێژنی قوربان ناودێر بووە. حاجی یەکانی سەرانسەری جیهان هەر لەو جێگایە قوربانی خۆیان پێشکەشی بارەگای خودا دەکەن .

خودای مەزن ئەو جێگایەی بە حەرەمی ئەمنی خۆی داناوە. لێرەدا نابێ خوێن بڕژێ و گیاندار وئینسان بکوژرێ.

بەڵام دەرد وداخ لە بەرێوەچوونی حەجی ئەمساڵ دا (۱۴۰۷)ق) ئەو حەڕەمە ئەمنە بەخوێن سوور کراو ئیستیکباری جیهانی وداروودەستە بۆ ئیرادەکەی یانی بنەماڵەی سعوود ئەو حەریمەیان شکاند. کەعبەی پیرۆز بە خوێنی زیاتر لە ۴۰۰ حاجی ئێرانی و غەیرە ئێرانی خوێناوی بوو. ئەوەش لە کاتێکدا کە حاجی یەکان دروشمی مەرگ بۆ ئەمریکا وئیسرائیل و شووڕەوی یان دەدا وبەڕائەتی خۆیان لە موشریکان دەردەبڕی.ئێمەش وەک هەموو موسوڵمانانی جیهان خەلعی یەدی بنەماڵەی سعوود لەحەڕەمەینی شەریفەین داواکارین.

وێرای سپاس لە عەزیز کەیخوسرەوی

تەرجەمە



موحەممەدی قازی

تەرجەمە یا وەرگێڕان کارێکی گرینگ و ئەساسی یە . وەرگێڕ وەختێک لە کاری خۆیدا سەردەکەوێ کە بتوانێ حەوت ئەسڵی خواروو لەبەرچاو بگرێ. لەبەرچاو نەگرتنی هەر یەک لەم ئەسڵانەدەبێتە هۆی ئەوە زەبرێک وەوەرگێڕانەکەی بکەوێ .

الف- مەبەستی مەتنە ئەسڵی یەکە بگەیەنێ .

ب - راوێژی زاری نووسەر بپارێزێ .

ج - زمانی تایبەتی مەتنەکە بدۆزێتەوە .

د - وشەی راست و بەڕێ و جێ و لەزاران خۆش هەڵبژێرێ.

هـ - رێزمان لە مەتنی وەرگێڕاوەکەدا لەبەر چاو بگرێ .

و - کورت ودرێژی رستە و بۆچوونەکانی نووسەربپارێزێ.

ز - نوختە وجێگەی نوختە دانان لەبەرچاو بگرێ .

جابا ئێستا بزانین مەبەستلەم حەوت باسە چیەو بە نۆبەهەریەکە لەوان شی بکەینەوە .

الف:روونە کە **وەرگێڕ دەبێ ئەو زمانەی وەریدەگێڕێتە سەر زمانەکەی خۆی، ئەوەندەی تێدا شارەزا بێ کەلەبابەت و مەبەستەکانی بگا و وردە ئێشکالیش لە فەرهەنگ یالای ئەوکەسانە** کەزمانەکە لەو باشتر دەزانن حەل بکا بەکورتی **وەرگێڕ دەبێ مەبەستی نووسەری ئەسڵی بزانێ و وەک خۆی وەری بگێڕێتەوە نەک ئەوە وەرگێڕاوەکە بە پێچەوانەی قسەی نووسەر بێ و مەبەستی ئەو نەگرێتەوە .**

ب : **راوێژی زاری نووسەر بپارێزێ** .نووسەر بە پێی سروشتی خۆیان راوێژی جۆراو جۆریان هەیە. من زۆرتر ئەو نووسەرانە دەناسم کە کارەکەیانم بە فارسی وەرگێڕاوە بۆیە وێنە لەوان دێنمەوە.

نیکۆس کازانتاکیس نووسەری یۆنانی شۆخ،و قسە خۆشە ونووسراوەکانی پڕن لەقسەی خۆش وبەتام وخوێ. بۆ ئەوە کە ئەوقسەتان بۆ دەرکەوێ کتێبی **" ئازادی یا مەرگ "** **"مسیح بازمصلوب" و "زوربای یۆنانی "**(کەمن وەرمگێڕاونەوە) بخوێننەوە .

ئەناتۆل فرانس نووسەرو فەیلەسۆفی فەڕەنسەیی تەنز نووس وناسک هەستە. ئەوم لەکتێبی **"جزیرە پنگوئن ها"** کەکردمە فارسی بۆدەرکەوت کە تەنزی توندوتیژ دەنووسێ ئەوەی کاری ئەم چەشنە نووسەرانە وەردەگێڕێتەوە دەبێ لە وەرگەڕاوەکەدا ئەم شیرن زمانی یا وشک ورەقی یا تەنزوێژی و فرەهاوێژی نووسەرەکەی لەبەرچاو بێ. دەنا ئەگەر هەموو بابەتێک وەک یەک تەرجەمە بکرێ و خوێنەر تەنیا بە روانینی بەرگی کتێبەکە نووسەرەکەی بناسێ وەرگێڕاوەیەکی سەرکەوتوو نابێ و وەک ئەوە دەچێ کە هەموو کاری نووسەر- ێکن .

بۆوێنە **فەرموو ، دانیشە، داتووکە***، هەرسێک یەک مانان

بەڵام گوتنەکەیان فەرق دەکا .

فەرموو بۆ ڕێز و تەعاروف دەبێ. **دانیشە** حاڵەتی خۆمانە وئاسایی هەیە .

داتۆوکە* نیشانەی تەشەر و سووکایەتی یە .


ئێستا ئەگەر وەرگێڕی شوێنەواری نووسەرێک هەرکام یا نووسرا - وەکانی **جەماڵ زادەو جەلال ئال ئەحمەد** یەک نیە . ئێستا ئەگەر وەرگێڕێکی فەرەنسەیی یا ئینگلیسی **"تاریخ بیهقی" یاگلستان سعدی"** هەر بەو زمانە وەرگێڕێتەوە کە بەرهەمەکانی **جەماڵ زادە** و هێندێکان وەرگێڕاوەکە لە ئەسڵەکە نزیکترە.

د - وشەی راست وبەڕێ و جێ ولەزاران خۆش هەڵبژێرێ.

ڕەنگە وشەیەک چەندمانای هەبێ یاچەند شێوەی جۆرا و جۆری ببێ. وشە وەختێک راست بەکار هاتووە کە مانای دڵخوازی نووسەری گەیاندبێ . بۆ وێنە وشەی **"سۆڕس"** هەم بەمانای **کانی** یە وهەم بەمانای **سەرچاوە** و **مەنبەع**. دەبێ وەرگێڕ بزانێ مەبەستی نووسەر کام مانایە یا وشەی **"گرناد"** هەم بە مانای **هەنارە** و هەم بە مانای **(نارنجۆک)** هەنار دەخورێ و**نارنجۆک** پیاو دەکوژێ .

وەرگێڕ دەبێ زۆر ورد بێ کە نەکا بەجێی هەنار وشەی **نارنجۆک** دابنێ یابەپێچەوانە. (من وەرگێڕێک دەناسم ئەو کارەی کردبوو)

وشە وەختێک بەڕێ وجێ و لە زاران خۆش دەبێ کە لەنێو چەند ماناوشێوەدا **هەرە** خۆش راوێژیان هەڵبژ - ێرێ. بۆ وێنە وشەی **"فیگور"** بەمانای **روو ،روخسار دەموچاو ، فەلاقەت و .....** هاتووە هەمووش هەر یەکن یا وشەی **"تریست"** بە مانای **خەمگین پەرۆش ،دلگیراو ، خەمناک ،بەپەژارە** و ..... هاتووە ،وەرگێڕی خۆش زەوق ئەو کەسەیە کەلەم وشانە



لەم وشانە بەڕێ وجێ وپڕ بەپێستی خۆیان لەکار نەکا ئەودەم راوێژی زارومەبەستی نووسەری رانەگەیاندووە .

ج - زمانی تایبەتی دەقی نووسراوەکە بدۆزێتەوە.

نووسەرێکی وەک **بۆکاچیۆ** ٠نزیک بەشەشسەت وپەنجا ساڵ لەمەوبەر ژیاوە یا **سروانتس** چوارسەت ساڵ بەر لەئێمە بووە. زمانیان لەگەڵ ئێمە جیاوازی هەیە. هەروەک زمانی **"تاریخ بیهقی"** لەگەڵ زمانی **" تاریخ مشروطیت "** هیدایەتی پێ وەرگێڕاوە، حەتمەن سەر ناکەوێ .

دیسان لە کارەکانی خۆمکە زۆرتر لەگەڵیان شارەزام وێنە دێنمەوە.

بایەخی شێوە وەرگێڕانی **"دن کیشوت"** یا **"دکامرون"** - ی من لەوە دایە کە **توانیومە زمانێکی نزیک بە زمانی نووسەرەکەیان بدۆزمەوە** .ئەگەر **پێم نەڵێن خۆهەڵکێشە دەڵێم کە ئەو مەبەستە یەکێک لەهۆیەکانی سەرکەوتنی منە و بەبڕوای**

ئەوەی لەگەڵ مەتنی وەرگێڕا ـ وەکەی ڕێک دەکەوێ هەڵبژێرێ. بە هەرحاڵ ئەو باسە بەستە بە زەوق و

ڕوونە کە وەرگێڕ دەبێ ئەو زمانەی وەریدەگێڕێتە سەر زمانەکەی خۆی ، ئەوەندەی تێدا شارەزابێ کە لە بابەت و مەبەستەکانی بگا و وردە ئیشکالیش لای ئەوکەسانە کە زمانەکە لەو باشتر دەزانن حەل بکا . بە کورتی وەرگێڕ دەبێ مەبەستی نووسەری ئەسڵی بزانێ و وەک خۆی وەری بگێڕێتەوە نەک ئەوە وەرگێڕاوەکە بە پێچەوانەی قسەی نووسەر بێ و مەبەستی ئەو نەگرێتەوە .

مرخی وەرگێڕە و وەرگێڕی خۆش زەوق وبە تایبەتی **شیعرناس** لەموردەکاری یانەدا سەرکەوتووترە .

هـ : **ڕێزمان لە دەقی وەرگێڕاوەکەدا لەبەر چاو بگرێ .**

ئەمە ڕوونە کە مەرجی سەرەکی ڕاست بوونی ڕستەیە- کی فارسی وهەموو زمانێک لەبەرچاو گرتنی ڕێزمانی ئەو زمانەیە. بۆ وێنە لە فارسیدا زەمیری‌سێهەمکەسی تاک بۆ شت وەک "آن"ە وبۆ کەس "او". وەختێک ، کۆبکرێنەوە ئەویان دەبێتە "آنها" وئەمیان " ایشان " یا "آنان". ئەوەش دەزانین کە سیفەت و مەوسووف جێگەیان وەک زمانی فەڕەنسە نیە . هەروەها ژمارەکان.ئێمە دەڵێین "مردان دانا" بەڵام فەڕەنسەیی دەڵێن " مردان دانایان" یا ئێمە دەڵێین "پنج مرد" ئەوان دەڵێن " پنج مردان" **وەرگێڕ دەبێ ڕێزمانی خۆی لەبەرچاو بگرێ ولە شێوەو ڕێبازی ئەو زمانە کە نووسراوەکەی پێ نووسراوە پەیڕەوی نەکا .**

٦- درێژ دادڕی وکورت بڕینەوەی نووسەر لەبەرچاو بگرێ .

ئەوەش ڕوونە . ئەگەر نووسەر مەبەستێکی لەدێڕێکی کورتدا بڕیوەتەوە وەرگێڕ دەبێ لاسای بکاتەوەو ئەگەر هەستی بەوە کرد کەدەبێ پتر شی بکرێتەوە دەتوانێ لە پەراوێزدا باسی بکا . یا ئەگەر نووسەر مەبەستێکی لەچەند ڕستەی دوور ودرێژدا باس کردووە وەرگێڕ نابێ درێغی بکا .لەبەرچاونەگرتنی ئەم ئەسڵە دەبێتەهۆی ئەوە کە وەرگێڕاو لەگەڵ نووسراوە چەند لاپەڕە کەمتر یا زۆرتر بێ کەئەوەش باش نیە .

بەکورتی ئەگەر نووسەر وشەی "**بیابان**"ی هێناوەتەوە پێویست ناکا ئێمە "**بێروون**" یشی ڕەگەڵ بخەین .

٧- بایەخ بەنوختەدانان بدا .

نووسەری قەدیم‌ئەوباسەیان لەبەرچاونەدەگرت .ناسینەوەی ئاخری ڕستە زۆر دژوار بوو. پیاو نەیدەزانی ئایا ئەم دێرە لەیەکی دیکە وەرگیراوە یا گوتەی نووسەرەکەیە ، پرسیاری یە، یا ...

لەو دەمەدا کەئێمەشارەزای ئەدەبی ڕۆژئاوا بووین فێری نوختەدانان بووین . جاکەوا بێ دەبێ نوختەی‌ئاخری ڕستە ونیشانەی پرسیار (؟) ونیشانەی سوڕمان(!) یاوێرگول(،) یا لە گیوومە" " نانی نەقڵی قەول هەر بەم شێوە کەنووسەر کردوویەتی لەبەرچاو بگرین تاخوێندنەوە وتێگەیشتنی ساناتر بکەینەوە .

لەم باسە بەوە دەگەین کە **هەموو ئەم قاعیدە ورێ و شوێنانەی تەرجەمە بۆ لەبەر چاوگرتنی دووئەسڵی بنەڕەتی ـ یە .**

یەکەم : دۆزینەوەی مەبەست و پەیامی وەرگێڕاو .

دووهەم : دۆزینەوەی شێوە و ڕێبازی نووسەرە .

سەبک ورێباز ، ڕاوێژی ئاخاوتن وتەنزی زمان و دۆزینەوەی وشەی بەڕێ وجێ وکورت ودرێژ و لەبەرچاو گرتنی ڕێزمان و نوختە دانانیش دەگرێتەوە .

پیرۆز

هاوار

" **پیرۆز** " یەکێک لەو وشانەیە کە لە زمانی کوردی دا زۆرجار بە هەڵە بەکاری دەبەن وبەداخەوە ئەو هەڵەیە لەچاپەمەنیەکاندا دەبیندرێ ولەدەنگ و رەنگیشەوە دەبیسترێ . هۆی ئەو هەتڵەبوونە بە رواڵەت نزیک بوونی وشەی "پیرۆز"ی کوردی یە لەگەڵ " **پیروز**"ی فارسی .

بناغەی وشەی "**پیرۆز**" لە زاراوەی ئەوێستایی دا کە زاراوەیەک لەزمانی **مادی یە** داڕێژراوە .

لە **ئەوێستاییدا** ئەووشەیە "**پەیتی رەئوچە** بووە کە لە دوو وشەی "**پەیتی**" بەمانای هاتنەخوار و"**رەئوچە**" بە مانای هەتاو پێک هاتووە. کە لەسەر یەک ئیستلاحی " **هاتنەخواری هەتاو**"بەمانای "**موبارەک**"ە .

وشەی "**پەیتی رەئوچە**" لە زمانی پەهلەوی دا بۆتە " **پیرۆچ** " و لە زمانی ساسانی یەکاندا " **پیرۆج** " گوتراوە .

ئەو وشەیە لە زمانی فارسی ئێستادا بۆتە "**پیروز**" و لە زمانی کوردی دا "**پیرۆز**" دەگوترێ . وشەی "**فیروز**" عەرەبی کراوی وشەی "**پیروز**"ە

ئەمرۆ کە وشەی "**پیروز**" لە زمانی فارسی دا بە مانای "**سەرکەوتوو**" بەکار دێ وەک دەڵێن :" **من در امتحان پیروز شدم**" واتا "**من لە تاقی کردنەوەدا سەرکەوتم**" یا :"**انقلاب ما پیروز گردید**" واتا : "**شۆڕشی ئێمە سەرکەوت**" . ئەگەر ئەو دوو جوملەیەی ئاوا وەرگێڕینەوە: "**ئەمن لە تاقی کردنەوەدا پیرۆز بووم**" یان " **شۆڕشی ئێمە پیرۆز بوو**" دیارە دروست نیە و هەڵەیە .

لەرابردوودا "**پیروز**" ی فارسی جگە لە مانای سەرکەوتوو بەمانای **موبارەک کەلک وەرگر ، زاڵ و شادیش** هاتووە کە لە شیعری شاعیرانی رابردووی فارسی‌دا دەبیندرێ بەڵام وەک گوتمان ئەمرۆ تەنیا بە مانای "**سەرکەوتوو** " کەلکی لێ وەردەگیرێ .

لەزمانی کوردی‌دا وشەی "**پیرۆز**" بەمانای موبارەکە وەک دەڵێن :" **جێژنەت پیرۆز بێ**" یان :" **ئەم سەرکەوتنەت پیرۆزبایی لێ دەکەم**" . هێندێک کەس دەڵێن :... **پیرۆزباییت پێ دەڵێم** کەدیارە دروست نیە ووەرگێڕاوی "**تبریک میگویم**"ی فارسی یە .

دوای چاپ وبڵاوبوونەوەی کتێبی " **شاری وێران** " هاوڕێیەکی بەڕێزم رەخنەی گرتبوو کە بۆ وشەی "**تقدس**"م بەکار هێناوە و نووسیبووی وشەی " **پیرۆز**" پڕ بەهەنگڵیەتی . بەڵام ئەمن لەسەر ئەو بڕوایە نیم. وشەی تقدس **مصدری بابی "تفعل"**ە و لە وشەی " **قَدَسَ** " وەرگیراوەوبناغەکەی **قُدس** بەمانای (**پاک**)ە. بەڵام نەک هەر **پاک وخاوێن** . پاکێکی کە حاڵەتێکی رووحانی و ئاسمانی هەبێ. تا ئێستا ئەمن بۆ وشەی تقدس یان مقدس لەکوردی دا وشەیەکم بۆ نەدۆزراوەتەوە .

لەدوایی دا پێویستە بڵێم وشەی "**پیرۆزە** " کە بە فارسی "**فیروزە** " یان " **پیروزە**" دەگوترێ و بە مانای بەردێکی شین کاڵی قیمەتی یە و خەڵک بە پیرۆز وموبارەکی دەزانن هەر لەوشەی " **پیرۆز** "ەوە وەرگیراوە .



شەقڵی خەرمان

مستەفا شێخە

گەرمای بەتینی چلەی هاوین قرچەقرچی وەوپووشو پەلاشەی خستبوو کە لە وەرزی رابردوودا کەسک و گەش بوون و بە شنەبا دەشەکانەوە . مانگی خەرمانان،مانگیکۆکردنەوەی خەڵەوخەرمان و بەرهەمی چەند مانگ کوێرەوەری و ئارەق رشتنە .

گاگێرە گوریسیان لەمل راکشا قەڤی* جەلەی لەبەر یەکرەوینەوە ، دەمبین لە دەمی ماڵاتی داماڵا،بەکەیفی خۆیان دەلەوەڕان، مانگا پیرەش شیری هاتەوە گوانی و دمەدۆی منداڵان لەکیتەڵە ودیزەڵان دا هەوێن کراوە.

سۆفی غەفوور دوو رۆژ بوو بەشەنەوە چاوەڕوانی بای قوبڵە بوو خەرمانەکەی لەبەر هەڵاوێ.زریانێکی بەقەوەتی دەهات بەڵام ئەو خەرمانەکەی بەبای قوبڵەی شکاندبوو،هەر ماڵۆسکێکی مابوو دەرچێ .

هەموو رۆژێ لێ رۆژئاوا بابنۆکەر بەخۆی وشەقڵەوە سواری ماینی بۆرە دەبووو بە خەرمانەکان دا دەگەڕا یەک بە یەک شەقڵی دەکردن و هەتا بەیانی بۆ خۆی نەیدیبانەوە کەس حەقی نەبوو دەستیان لێدا و ئاڵۆزیان بکات،گەیشتە لای سۆفی غەفوور ، ماینە بۆرەی وەسەر سوۆری* کرد و تێی راخوڕی :

ـ سۆفی ئەوە بۆ لەسەر ئەو تاقە ماڵۆسکەی خەرمانەکەت بە قوۆن* داخستووە ؟


سۆفی مژێکی توندی لە سیغارەکەی دا بە چەشنێک دووکەڵەکە وەکی هێزێکی زۆر پاڵی پێوەنێ لەهەموو سێ* یەکانی گەڕا و پاش ماوەیەکی بە رەنگی گۆڕاو هاتەوە دەرێ. بە دەم دووکەڵ بەباکردنەوە وەڵامی داوە :

ـ بەدشانسی من ئەوە دوو رۆژە بایەکەی گۆڕیوە.

ئەوەندی گوت و بیروخەیاڵ هەڵیانگرت نەیزانی کەنگێ خەرمان شەقڵ کرا و باب نۆکەر رۆیشت . پێش چاوی تاریکبوو دنیایەکی پرسیار هاتەپێشنەیدەزانی وەڵامیان بۆ بدۆزێتەوە :

" ئاغا ئەو هەموو زەویانەی لە کێ کڕی و لە کوێ بوون ؟ ئەو خەڵکە هەمووی دزە ئەوە نەبێ ..؟ ئەوشۆ هەڵیکاتە بای قوبڵەی ناتوانم ئەوەندە سوورەش وەدەرخەم ، ئاخر ئەگەر بەیانی ئەو کابرایە بێتەوە دەڵی بۆ بە شەو هەڵتهاویشتووە ، هەتا نیوەی بەریەوە ماڵێ و دەو دووی لێ نەدەی ؟ بۆساڵێکی دیکە ئەوەندەشم دەچێ و دەریشم دەکەن،لەگوندێکی دیکەش هەر ئاوایە! ئاخ بۆ رۆژێ لەو کوێرەوەرییە رزگاریم بێ ! بڵێی رۆژێک دابێ تاقانە کوڕەکەم دەستی داری بگرێ و راستو چەپی خۆی بناسێ ؟ ئەودەمی لەو وڵاتەی دەرۆم و دەچمە وڵاتێکی کەس نەناس ، بە گاوانیش بێ بەڕێوەم دەبات ."

لەو بیرانە دابوو بایەکە هەر دەمێ لە لایەکی را دەهات . بوو بە شەڕە با ، زریان دەهات شەماڵ دەی قوۆستەوە* و بای



قوبڵەی دەهات زریان بەگژی دادەچوو. دەمێکی بایەکی راستی دەهات و دوایە دەبوو بە گێژەڵووکە و پووش وهەژگەڵی دەسووڕاند و ڕەحەوای دەخست و لەبەر چاوان ون دەبوو. ئاخری بای قوبڵە هەڵیکردێ، بایەکی خۆش بوو هەودای خەیاڵی سۆفی غەفووری لەبەریەک پچڕی وگوتی:

ـ ئەگەر خەرمان شەقڵ کردن نەبایە، هەر ئێستا بە قەنەکێشێکی ئەوەندەشم لەکۆڵ دەکردەوە. ئەوە بوو لێڵ داهات ئەو ژنە پاروە نانێکی بۆ نەهێنام.


لەو دەمی دا خێزانی لە رێی ئاوایی وەدیار کەوت. توورەکەی نانی لە کۆڵ بەستبوو ودەستی کوڕەکەی گرتبوو و وردە وردە، بە پێی وی نێزیک دەبۆوە و گەیشتە جێ:

ـ خەرمان بەرەکەت، ماندوو نەبی پیاوەکە.

ـ "خێروبەرەکەتی خوات لەگەڵ بێ، جا بە ناشکوری ناڵێم ماندوو بوونی چی. ئەوە دوو رۆژە لە سەر ئەو مالوسکە گەنمە ماومەتەوە هەتا ئێستا بای نەدەهات ئەلعانیش ئەوە خەرمانەکە شەقڵ کراوە نازانم بۆ وا دەکەن؟ کوێرەوەری چاندن و کێلان ودروونەوە وهەموو شتێکی بە ئەستۆی ئێمەیە ئەوانیش هەر سوور وەدەر کەوت دێن شەقڵی دەکەن و ئەگەر هاتە خواردنێ نیوە لەنیوەمان بۆ ناهێڵنەوە. ئێستێ لەپێش تۆدا ئەو باب نۆکەرە خوێڕی یە ماینی وەسەر حاسڵی زەحمەتی ئەوساڵم کردبوو. وەخت بوو لە حەجمەتان* بمرم. دەستەڵاتم نەبوو، دەنا ئەگەر پارووی لەسووری گەنمی بادەدا و پێکۆڵی لێ دەکرد، وامدەزانی پارووی لە جەرگم بادەدا وسمکۆڵی لێ دەکات."

لەداخان هەموو تووکی لەشی قرژ ببوون و پڕ بە پێستی هەڵمسابوو. ئەگەر سەری هەڵێنا تەماشای کرد کوڕەکەی ئەوە گەمەی بە سووری گەنمەکە دەکا وشەقڵ و شوێنی تێکداوە. هەربەو قین ورقەوە کە لە داخی ئەو هەموو زوڵمە هاتبووە دڵی، دەستی شل کرد و هەتا هێزی دەبەردابوو زللەیەکی لەبناگوێیدا. کوڕەلاتڕەی* بەست و رەتی برد و بەسەر دمەداسێکی کۆن دا کەوت و لاجانگی بەخوێن سوورهەڵگەڕا کوێخا هات و شات وشووتی دەس پێکرد کە بۆ شەقڵی خەرمان شکاوە. بە هەزار چەرمەسەری کوێخا دەست بەردار بوو و رۆیشت.

سۆفی پاش ئەو رووداوە دڵتەزێنە برینی لاجانگی کوڕی بە بۆسۆ برژاندەوە. پاش بەینێک لەو گوندە رۆیشت. ئێستا پاش چەند ساڵ کوڕ گەورە بووە وژنی هێناوە و بۆتە گۆچانی پیری باوکی. بەڵام هەر چەند جار پیرەمێرد سەر هەڵدەبڕێ و جێگا برینی دمەداس لەسەر لاجانگی رەنگ گەندوومی کوڕ دەبینێ شەقڵی کوێخای دێتەوە بیرو ئاخێک هەڵدەکێشی وتەریق دەبێتەوە وتف لە ستەمکار دەکا!



«« زانایانی بەناوبانگی کورد »»

ئیبنولحاج

رەحیم فەرەج

ئیبنولحاج زانای گەورەو، ئەدیبی پایە بەرزو، شەرع زانی کەم وێنەو، موحەدیسی بەناوبانگی کوردمەلامحەمەدی کوڕی حاجی حەسەنە، خەڵکی دێی (سنجوێ)ی سەردەشتە.

سەرەتای ژیانی ئەو زاناگەورەیە نەزانراوە. ئەوەندە نەبێ کەلەسەرەتای ژیانی داوپاش تەواو کردنی خوێندن لەدێی سنجوێ بۆ ماوەیەک دەرسی گوتۆتەوە و زاناوخوێندەواری پێگەیاندووە. پاش ئەوماوەیە لەبەر هۆیەکی نەزانراو (کەم وابووە مەلایەک پاش ئەوەی لەجێگەیەکدا بووبێ بەماموستا بێ هۆیەک ئەو جێگەی خۆی بەجێ هێشتبێ وبۆوڵاتێکی دی یابۆجێگایەکی دوورچووبێ) جێگەوشوێنی خۆی بەجێ هێشتووە وچۆتە دێی (هەزار مێرد)ی نزیکی تانجەرۆو سلێمانی و لەوێ دەستی بەدەرس گوتنەوە کردووە ولەهەموو لایەکەوە فەقێ بەتاسەوە بۆخزمەتی هاتوون ولەکۆڕی دەرس گوتنەوەدا بەو پەڕی ئەدەبەوە دانیشتوون و لەدەریای بێ پایانی دوڕوگەوهەریان وەرگرتووەو شەوو ڕۆژیان لەخۆیان هەراسان کردووە. بۆ ئەوەی کاتیان لەکیس نەچێ و زیاتر کەلک لەوسەرچاوە روونە وەربگرن.

وەکوو گوتمان هیچ بەڵگەیەکمان دەربارەی، سەرەتای ژیانی (ئیبنولحاج) بەدەستەوەنیە هەروەهالەبارەی ژیانی کەس وکاری چۆنەتی بنەماڵە وجێگاوشوێنی. بەڵام لەنیوە شیعرێکی کتێبەکەیەوە کەدەڵێ: زانیومەبەئیرثییەتێ" روون وبێگومان ئەوەمان بۆدەردەکەوێ کەئەوزانایە لە بنەماڵەیەکی ئایینی کۆن بووە وپشتاوپشتیان بەزانای بەرزوخوێندەواری چاک هاتوونەتە خوارەوە وهەمیشە کەڵەپیاووشاسواری مەیدانەکانی زانست بوون وهەموو گەیونە پلەی موحەدیسی. ئەم زانستەیان پشتاوپشتوبۆیەکدی بەجێ هێشتووە. بۆ پلەی (ئیبنولحاج)ئەوەندە بەسە کە ئەدیب وزانایانی وەکوو ماموستا مەلاعەبدوڵلای بێتووشی وشێخ مارفی نۆدی فەقێی ئەوبوون، لەسەر سفرەوخوانی ئەدەبی ئەوتۆپشووی ئەو ئەدەبە بەرزەیان، هەڵگرتووە کەجێ وشوێنێکی تایبەتی هەیە. بێجگەلەوە کە بێتووشی ئەو پارچە شیعرە بەرزەی کە تائێستاش لەعەرەبیدا وێنەی نەبووە وبەیەکێک لەشاکارە هەرە بەنرخەکانی ئەدەبی عەرەبی دادەنرێ، وەکوو نامەیەک بۆ ئیبنولحاجی ماموستای ناردووە.

ماموستای گەورەمان وەک چەرخ وسەردەمی خۆی بەڵکوو زیاتریش هەربەدەرس گوتنەوە وزانای گەورەپێگەیاندنەوە خەریک بووە وئەسپی خۆی لە زۆرمەیداندا تاو داوەو، لە

هەموو ئەو مەیدانانەشدا
شاسوار بووە.

یەکێک لەو مەیدانانە مەیدانی تەئلیف وکتێب دانانە لەم رووەوە (ئیبنولحاج) گەلێک کتێبی زانستی جۆراو جۆری داناوەودانراوەکانیشی بەچاکترین کتێبی بابەتی خۆیان ناسراون.

بەڵام گومان لەوەدانیە وەک مێژووی ژیانی نازانرێ زۆربەی کتێب ونوسراوەکانیشی

پیاوێک بێتووشی ئەو نامە بەرزەی بۆناردبێ بە نامەیەکی لەوە بەرزتر یا وەک ئەوە وەڵامی نەدابێتەوە؟ بێگومان خوێنەرانی بەرێزیش لەگەڵ ئێمە دەڵێن: نابێ. بەڵام لەمەولایش مێژووی ئەو زانایەهەروا بەنادیاری بمێنێتەوە؟ من لاموانیەئەگەر هەوڵ بۆکۆکردنەوەی، پاشماوەکانی بدرێ گەلێ شتی بەنرخ وەدەس دەکەوێ.

شیعرانەی بەوجۆرە گوتراون وئەوانەی کەلەسەر ئەو رچەو رێبازە رۆیشتوون وتاکەی ئەو شێوەدەوامی کردووە، تا ئێستا هیچی دەربارەی نەزانرا ـ وە. لێرەدا ناوی هێندێک لەبەرهەمە ناسراوەکانی پێشکەشی خوێندەوارانی بەرێز دەکەین:

١ـ نظم محاسن الغرر.
٢ـ شرح نظم محاسن الغرر
٣ـ رفع الخفاعن ذات الشفا



تائێستا نەناسراون ورەنگە زۆریشیان بێ سەروشوێن لەنێوچووبن.


بەهەرحاڵ ئەوەندەی پێمان بکرێ سەرنجی خوێندەوا ـ ران بۆئەم باسەرادەکێشین وئەوە دەڵێین: پیاوێک بەو هەموو زانستەو، بەوهەموو ئەدەبەوە، دەبێ شیعریشی زۆر نەبێ؟دەبێ دیوانی شیعری عەرەبی یاکوردی ـ نەبێ؟ دەبێ بۆگەلێ بابەت وموناسبە، شیعری نەیابی نەگوتبێ؟دەبێ

سەرەڕای ئەمانە بۆرێزی ئەو زانایە هەمیشە ئەوە لەبیر ناکرێ کەیەکەم کەسە تائێستا ناسرابێ،لەئەدەبی نووسراوی کوردیدا ـ کتێبی بە لەهجە وعەروزێک داناوە کە جگەلە شیعرەکانی (ئێل بەگی جاف)و (ئەحمەدی کۆر)کتێبی پێ دانەنراوە ونەبێسراوە.

دەبێ ئەو جۆرەعەرووزەلە سەردەمێکدا باو بووبێ و شیعری پێ گوترابێ، بەڵام سەرەتای ئەو سەردەمەو، ئەو

٤ـ حاشیەی (مەونە)ی لە سەرکتێبی(البهجة المرضیة فی شرح الالفیه).
٥ـ رسالەفی بیان المقصود والممدود.
٦ـ مەهدی نامە

خەتمی عەلامەتان تەمام
ئەو جاکۆتا بکەین کەلام
ئەرجوولە (رب ذی الانعام)
خەلاسن کالە قیامەتێ



ئاخ شلێرۆک

پەرویز جیهانی

ئـاڤـێ ژهـەر جی یـێ چی یا دەرددا
گوڵک و سێ بسکێ ژنۆ سـەر ددا
خەلقێ تەزە پەز ودەوار بـەر ددا
رێز رێز دبوون ل چی یا کەری یێ می یا
خۆش دکشین سەر بەرف و بەلەکێ یا

* * *

دەما بوهارێ کو پەز دچوو چۆلێ
گول وەددان هەر درک و هەر قۆلێ
پەز دەردکەت ژ هەر نەوال و دۆلێ
سەری دکەت ناڤ کەری و مـی دزان
شەمزە دئانین بەخڤان و لاوێ جان

* * *

بەخقان دخۆن زاک و فرۆ خەلەندۆر
عەردێ ل بن هەبانا خو دکن کۆر
کەڤرا لناڤ ئاگرا دکن سۆر
داوێژن ناڤ زاک خەلەندۆر چێدکن
کەرێ تینن شەمزەلۆکا لێدکن

* * *

ئاخ شلێرۆک رەفێ تەیرا فڕ ددان
بلوورڤانا هەڤرا بلووری ددان
پنجارچنا ل بەر وان دەنگ ڤەددان
مەژی دلیست سەر سینگ و پێسیراتە
ئەڤ یەکانا گەلۆدێنە بیرا تە

* * *

تووری پنجار مە ددا سەر بەندکێ
ئەم دهاتن گوولک، ترشۆ، مەندکێ
وەک خەزالێ بچرپینە دەندکێ
ئەودەم وەکی خەونا ل بیرا منە
ناڤ پەڕۆکا سینگ و پێسیرا منە

* * *

ئاخ شلێرۆک کۆترێ تە دفڕیان
کێرووشک ل بن قیفارادا دەرەڤیان
چۆل و چیمەن شین دبوون گول ڤەددان
توخو دبووی بەهەشتا روویێ عەردێ
ئەرێ وەللەهـ خەملا بوهارێ تەتێ

* * *

ل بوهارێ دەنگێ قولنگ و قازا
رەف رەف دچوون ناڤا قامووش و سازا
کالەکالا هۆگچ و ماز، درمازا
وەک پەرژینا سینەمێم، بەرچاڤایە
دبیرا من هەرمێشە و هەر گاڤایە

* * *


دیمەن و بێنبەرێ تە ناچە ژ بیر
تا مرنێ هەیلۆ دەماک دبم پیر
مەرڤ دەبێک بیر نەکە ئەمەک و شیر
ئەمەکی تە ئوستی یێ مەدا گەلەکە
مێر ئەوە کو ئەمەکێدا بیر نەکە

* * *


ئاخ شلێرۆک کانی یێ تە خۆش هلکەلین
کەچ وبووکێ چاڤ بەلەک و گولاڤین
جەرێ ئاڤێ ل سەر ملا دئانین
دەستە دەستە دمەشین بووک و زەری
باقێ گولا ل پێسیر و بەرسەری

* * *

ئاخ شلێرۆک چیڤ چیڤا رەشۆلەکا
کەو کۆترا ، دخاندن هەر کێلەکا
دهات دەنگێ گۆلک و وان چێلەکا
بەرخ و کارێ سۆر و سپی، رەشبەلەک
کەری، کەری دچێریان مشە* و گەلەک
* * *
ئاخ شلێرۆک سۆنە، ئۆردەک بەر چەما
قاز و قومری خۆش دنالین هەردەما
ئەوانا قەت نزانین ئاژشا* غەما
تەیرێن بازی پەڕ لێ ددان دقووژیان
ئەوان پەیێ نێچیرێ خۆ دگەریان
* * *
شلێرۆکێ ئەو شلێرێ* بەیانی
خارمێل دبن ل سەر زانگ وبەرکانی
چەندێ کەژن ، چا دهەژن ب جوانی
زۆر بنازن، دل بخازن ، سەر رازن
جێ هێلوونا تەیرێ ئەلوە* و بازن
* * *
ئاخ شلێرۆک مام سۆسنێ تە شینن
بێهنا وانا کولا دل دوەشینن
کانیێ تە وەک گوهەرێ چلقلینن
پوونگ لناڤاوان ئاڤادا دهەژن
پەلەخ* وەکی پۆڕی کەژالا کەژن
* * *
شلێرۆکێ کەری یێ قەرقاش دکشە
وەک لێڤی یێ بەر ب مەغەل دخوشە
نێرێ کەڤەر پێشی یاکەری دمەشە
ئەو نێری یا بۆ کەری یا پێشەنگە
کەری یێ بێ پێشەنگ وەللەهی دلەنگە
* * *
ئاخ شلێرۆک روویێ تە چیل* کەڤەربە
پێسیرا تە تژی گولێ سۆر، زەربە
پشتی مەژی دلێ تە بێ کەسەر بە
دونیا حەموو مەڕا قەزا و قەدەرە
مەرگ و مرن ل پەیێ مە دگەرە
* * *



ل وی گاڤێ تاڤا تە دقژلاند*
کانیێ پێ تە ژ چاڤ هێسر دڕژاند
گول چیچەکا داواتە دخەملاند
وان گولانا هندێ بۆمە بشینە
بدە ئاڤێ، ئاڤێ ژ مەرا وەرینە*
* * *
چ خۆش دهات دەنگێ تەیری حەشەری*
قەوە قەوا خاسەکەو و کەو دەری
دەنگێ شالوولا دهات ژ هەر دەری
بولبول دنالین هەر وەک ئەڤینداری
کو بینا من دوور کەتیە ژ یارێ
* * *
سۆرگول و گولسۆسنان پەلگ وەددان
چ خۆش دهات کالەکالا بەرۆ* دان
فیتینا زارێن بچووک و بەرخەوان
چەندێ خۆش بوو چیا و زوزانێ تە
دەنگێ پەزو شڤان و بەخڤانێ تە
* * *







وت وویژێک دەگەڵ ع.خزری

پرسیاری ١٧- بە بڕوای ئێوە دەوری گۆواری سروە بەناوی گۆواری ناوەندێکی ئەدەبی و فەرهەنگی لە بەرانبەر فۆلکلۆردا چیە؟

وەڵام- بە بڕوای من ئەو ناوەندە ناوی خۆی بەخۆیەوە. ناوەندێکی فەرهەنگی و ئەدەبی یە و دەبێ زیاتر سەرنج بداتە فەرهەنگ و کەلەپووری ئەو گەلە و زیاتری خۆ پێوە ماندوو بکا و خەڵکیش زیاتری لە خزمەت دابن. زیاتر دڵسۆزی بن. هەرکەس لە هەرجێ یەکە هەر شتێکی فەرهەنگی و کەلەپووری* وەدەست دەکەوێ کۆی بکاتەوە وسروەش بەناوی ناوەندێکی ئەدەبی وفەرهەنگی تا ئەو جێ یەی لەدەستی دێ بۆ پاراستنیان هەوڵ بدا ،کارێک بکا ئەوانەی لەو رێبازەدا کار دەکەن یەک بگرن وبە پێی بەرنامەیەکی زۆر ورد و جوان ورێک و پێک و حیسێب کراو هەنگاوێکی بە کەلک بۆ زیندووکردنەوەی کەلەپوور وفەرهەنگی ئەو گەلە هەڵ بگرن.

پرسیاری ١٨- هەر وەک دەزانی لەباری فەرهەنگ و ناساندنی بەیت و بەیت بێژانی کوردەوە سروە یەکەم گۆوار بووە لە ئێراندا کە بایەخی بەو مەبەستە داوە. ئایا لەو پێیەدا تا چ رادەیەک سەرکەوتوو بووە و لەمەو دواش ئەرکی لەو رێبازەدا چیە؟

وەڵام- بەڵێ. بە حەق سروە یەکەم گۆوار لەنێو خۆدا بووە کە دەستی بەو کارە کردووە بەڵام عەیب و ئیرادی کار لێرەدایە کە ئەو ناوەندە بەناوی ناوەندێکی ئەدەبی وفەرهەنگی و لانی کەم هەر لەباری فەرهەنگی یەوە دەبوو بەر لەو کارە خوێنەرانی خۆی بە ناساندنی ئەو خەزێنە بایی دارە وائامادە کردبا کە خوێنەری تامەزرۆ خۆی رێگەی خۆی دۆزیباوە ،خەڵک سروەیان هان دابا و ناچاریان کردبا زیاتر بپرژێتە سەرئەو مەبەستە. کاتێک بۆ وێنە بیۆگرافی خوالێخۆشبوو حەمەدی بەیتان یا کاک حەمەدی ئاغای یا رەسووڵ مینایی لە سروەدا چاپ دەکرێ، ئاشکرایە خزمەتێکی گەورەیە ،کارێکە تا ئەورۆ هیچ گۆوارێکی کوردی نەیکردووە. بەڵام هەموو کەس بەو خزمەتە نازانێ ، زۆرکەس تەنانەت نازانن بەیت یانی چی. کاتێک سروە دەنووسێ فلان بەیت بێژی مەزن سەبارەت بە پاراستنی بەیتەکان چ زەحمەتێکی کێشاوە چەندە گەڕاوە و چی کردووەو چی

نەکردووە .زۆرکەس نازانن بەیت چیە وئەو زەحمەتە تا چ رادەیەک پێویست بووە. یان کاتێک فلان بەیت لە سروەدا بێ هیچ لێکدانەوەیەک بێ هیچ هەڵسەنگاندن و تەنانەت مانای وشە دەرخستنێک پێشکەشی خوێنەر دەکرێ نابێ چاوەنواڕی ئەوەبین سۆنگەی خزمەت بەفەرهەنگ کردنی سروەدا واخۆ بناسن و ئەدەب و فەرهەنگ و کەلەپووری خۆمان بناسن کە نەکەونەخزمەت کردن بە فەرهەنگی کابرایەکی چینی یان ژاپۆنی ـ ناسینی هایکۆ... ناسینی فلان شاعیری هەندەران .بەراستی پێویستە، کارێکی باشە بەڵام



لەباری فەرهەنگی یەوە خەڵک بگاتە ئەو مەبەستە کە لانی کەم بە ئەندازەی نوێلێک یا پەخشانێک یا شیعرێک رێزی بۆ دابنێ. هەڵبەت ئەوانیش تارادەیەکی زۆر پێویستە ببن. بەڵام نە تا ئەو رادەیە کە هەمیشە کەوەکە وەبەرئەدەب بکەوێ و چۆلەکە وەبەر فەرهەنگ! کەبڕوام ئەوەیە ئەدەب دەتوانێ لەمەیدانی هەراوی فەرهەنگدا رمبازێن بکا.

واباشە لاوە دڵسۆزەکانمان لە لایەن سروەوە بەوشیار کردنەوەی ژیرانەی سروە لە کەی ؟ پاش ناسینی خۆمان یا بەر لەوەی بزانین ناوی خۆمان چیە! سروە دەتوانێ نەهێڵێ کە بڕوامان وابێ :

ئێمە بەداخەوە هیچمان نیە، کەسێکی وەک فلان شاعیری ژاپۆنیمان نیە شیعر وهۆنراوەیەکی وەک هایکۆمان نیە، بەسەرهاتێکی هاملێتمان نیە ،هەشمانبێ شاراوەن .

ئەوەندەم بڕوا بەسروە هەیە وا دڵنیام لەوە کە سروە لەناو دڵی خەڵکدایە باری گرانی سەرشانی سروە واهەست دەکەم کە دڵنیام دەتوانێ تەواوی ئەو کارانە بکا.

سروە دەتوانێ ئاوێنەیەکی باڵنوێن بێ بۆ دەرخستنی هەموو بارێکی جوان ودزێو. ئاشکرایە کەس بەدزێوی خۆی رازی، نیە. ئەوکاتە هەوڵ دەدرێ بۆ دەرخستنی جوانی یەکان رەنگە بڕواتان وابێ زۆر بارو زۆر قسە بۆ کوتن نابن. رەنگە لەسەر ئەو بڕوایە بن لە کارێکی وادا زۆر مەبەست شیاوی باس کردن نین بەڵام پێم وایە هیچ قانوون وزاکوونێکی ئینسانی نالێ تۆ باسی دەرمان مەکە، نالێ تۆ باسی فلان گۆرانی ئەویندارانە مەکە ، یان فلان مەبەستی نالەباری کۆمەڵایەتی مەهێنە گۆڕێ ، جا مەگەر نەزانین چۆنیان باس بکەین ونەزانین مەبەستمان لە باس کردن چیە و دەمانەوێ چ بدەین بە خوێنەر ،ئەگەر مەبەست دەرمان بوو، مەبەست وشیارکردنەوە بوو باسی دەردیشت کرد کەس دژایەتی لەگەڵ ناکا. ئەگەر کوتت کاتێک لاوێکی کورد بە خۆشەویستەکەی دەڵێ: تێی هەڵدە دەگولەی مێردت بۆم وەرە ژوانێ، هۆیەکەی چیە و رەگ وریشەی ئەو دەردە لەکوێ یە، کەس تانووتت

لێ نادا .

بەڵێ خەڵک حیسێب لەسەر سروە وئەرکی سەر شانی سروە دەکاتەوە هەربۆیەش دەبێ زۆر وردتر بێ و قووڵتر بڕوانێتە ئەو مەبەستانە .

پرسیاری ١٩- بە ناوی کەسێک کە چەند ساڵە لەو بەشەدا کار دەکەن چ پێشنیارێکتان هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە خەریکی کاری فەرهەنگین ؟

وەڵام- لەپێش دا خۆیان ساغ کەنەوە ، ئایا چ مەبەستێکیان لەو کارە هەیە؟ دەیانەوێ ناوی خۆیان بەسەر کتێبێکەوە ببینن یائەوە کە خزمەتێک بکەن . ئەگەر داخوازی ناوبانگن لەو کارە گەڕێن ئەگەریش دەیانەوێ خزمەت بکەن دەبێ خۆیان بۆ زەحمەتێکی زۆر ئامادە بکەن. تەنانەت لۆمە و تەشەر ! چونکە زۆر کەس بەداخەوە ئێستاش لەسەر ئەو بڕوایەن چەند ساڵ لەبەیتێک کۆڵینەوە وچوار وشەی ڕەسەن دیتنەوە لە سەدەی بیستەمدا حەیفە خۆی پێوە ماندوو بکەی ئەوکارە پێویستی بە سەبر وحەوسەڵەی زۆر هەیە ماندووبوونێکی زۆری دەوێ، کەم لوتفی دۆستانیش لەوێ ڕاوەستێ کە ئامادە نین تەنانەت ئیزن بدەن چاوتان بەکتێبێکی وان بکەوێ و نووسراوەیەکیشی ببینن . نابێ لاتان وابێ ئەوکارە بە ساڵێک ودوان دوایی دێ وئەو دارە بەرو سەمەر دەگرێ بەکورتی دەبێ ئەوەندە ئەویندار بن کە خۆتان ببنە بەیتێک .پاشان هیچ گرێ وچ کەند و کلۆیەک شلتان ناکاتەوە ئەگەر بکرێ بۆ کاری وا چەند کەس پێکەوە هەوڵ بدەن و هەرکامەی بەشێک لە کار وەئەستۆ بگرن زۆر باشترە و زووتر بە ئاکامدەگەن .

ئەوانەی لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا فێری بووم ئینشائەڵلا لە هەلێکی باشدا بەڵکە بڵاو بکرێنەوە کە دووجار بە ڕێ یەکدا نەڕۆن و چەندجار کارێک نەکەنەوە .

پرسیاری ٢٠- هەڵبەت دەبوو ئەو پرسیارەمان لەپێش دا لێ کردبای بەڵام ئەگەر دەکرێ هێندێکیش لەبابەت ژیانی خۆتەوە بدوێ

وەڵام- ئەمن ناوم عەلی خزری یە ، ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی لە گەڕەکی سەربەرداش لە مەهاباد لە دایک بووم هەرلە مەهابادیش خوێندم وساڵی ١٣٥٠ی هەتاوی ژنم هێناوە و هەتا ئێرە ! چوار مندالم هەیە، ساڵی ١٣٥٢ چوومە ڕادیو مەهاباد و دەست بەکار بووم. هەتا ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی هەر لە مەهاباد بووم لە بەهاری ساڵی ١٣٦٢ ڕاچوومە باختەران ولەو کاتەشەوە لەبەشی کوردی وێ کاردەکەم زۆر سوپاسی ئێوەش دەکەم کە ئەو هەل ودەرفەتەتان دابە من کە دەگەڵ خوێنەرانی بەڕێزی سروە دەردی دڵ بکەم. هیوادارم هەموو لایەک سەرکەوتووبن و گۆواری سروەش هەر وەک هەمیشە سروەیەکی بەهاری بێ، گیان بەخش وبۆژێنەرەوە.

لێرەدا جێی خۆیەتی لە لایەن دەستەی نووسەرانی سروەوە پڕ بەدڵ سپاسی کاک عەلی خزری بکەین کە لەم وت ووێژەدا بەشداری کرد ووەڵامی پرسیارەکانی بەوردی داوە.

وێڕای داوای سەرکەوتن بۆ ئەم بەڕێزە وهەموو ئەدیب وزاناو فەرهەنگدۆستانی وڵات هیوادارین تەنگ و چەڵەمەی ڕۆژگار تەنگی پێ هەڵنەچنێ وئێمەش بتوانین بەرهەمی کاری کاک عەلی خزری بخەینە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێز.

"دەستەی نووسەرانی سروە"

ئەدەبی

فۆلکلۆری

کوردی

بەدرخان



لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ
لێ میرۆ لێ لێ میرۆ
ملێ خانێ خۆش ملێ خانێ
بەژنا بەدرخان بەگ زراڤە مینا بناتلا
بنا ریحانێ
شەمۆیێ دێرشەوی کرە گازی :
وەسمان پاشا کووچک باب
دەستێ بابێ تێلی میرێ بۆتاشێرێ کوردا
بتە نایێتە گرێدانێ
دەلۆلۆ ... لۆلۆ
لەمەتێ دەنگێ تۆپان وجبەخان و لە
پەی مەتێ
حەیفە بۆ مخابنا دلێ مە دمینێ
کووچکێ کوشتەرێ رۆمیا

کەتنە شارێ جزیرێ بۆتا
هەیلۆ بابۆ لەمن خراپ دکن جی یێ
ئاغان و عەشیرەتێ
لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ میرۆ
ملێ خانێ بلندە لە دەوی رێ یۆ
وەسمان پاشا یاوورک کشاندە قووچا میسلا
ئەز دکم و ناکم قەواتا من ناشێیۆ
بلا قەواتەکە گران هێژا ژمرا بێ یۆ
تۆپی مەزن بلا ژمرا بێ یۆ
حەسەنێ هەویرێ تاهیرێ مەیمۆسامی یێ
لۆتی
شەمۆیێ دێرشەوی کۆپەکێ مەزن
ئێروسەرێ حەفت سالا لەچیایێ ئەورەقی
بینە ئاسێ یۆ

ده لۆلۆلۆ..لۆلۆ
لەمەتێ دەنگێ تۆپان وجبەخان ولە پەی
مەتێ
حەیفە بۆ مخابنا دلێ مە دمینێ
کووچکێ کوشتەرێ رۆمیا
بەسەر ولاتێ شارێ جزیرێ بۆتادا
هەیلۆ بابۆ لەمن خراپ دکن جی یێ
سنجەقا عەشیرەتێ
لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ
لێ میرۆ لێ میرۆ
ملێ خانێ دا کەتم وا بلالیوۆکا
وەسمان پاشا یاوورک کشاندە قووچا میسلا
دەبلا بێت ژمەرا تۆپێ تەم بچیکا
حەسەنێ هەویرێ تاهیرێ مەیمۆسامی یێ
لۆتی
سێ رۆژە شەر دکن لەگەلیێ ئەورەقی
وەکی کەیفێ زاڤا وبیکا
دەلۆلۆلۆلۆ..لۆ
لەمەتێ دەنگێ تۆپان وجبەخان ولەپەی مەتێ
حەیفە بۆ مخابنا دلێ مەدمینێ
کووچکێ کوشتەرێ رۆمیا
کەتنە شارێ جزیرێ بۆتا
هەیلۆ بابۆ لەمن خراپ دکن جی یێ
میران و عەشیرەتێ
لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ
لێ لێ میرۆ لێ میرۆ
ملێ خانێ خۆش ملێ خانێ
بەدرخان بەگ دکە گازی :
حەسەنێ هەویرێ تاهیرێ مەیمۆسامی یێ
لۆتی
شەمۆیێ دێرشەوی
هنگ شەڕی ناکەن بە ئاشق و دلا
شەمۆیێ دێرشەوی کرە گازی :
میرۆئەمێ چاوا شەڕی ناکەین بەئاشق و
دلا
ئەڤرۆ شەر بمە هەرچار خۆش مێرا
مینا کەیفێ زاوایان و خەملا بیکا

میرو ماتە نەزانی لمە هاتە کوشتن
تاهیرێ بچیوکا
دەلۆلۆلۆ...لۆلۆ
لەمەتێ دەنگێ تۆپان وجبەخان ولە پەی
مەتێ
حەیفە بۆ مخابنا دلێ مەدمینێ
کووچکێ کوشتەرێ رۆمیا
کەتنە شارێ جزیرێ بۆتا
هەیلۆ بابۆ لەمن خراپ دکن جی یێ
سنجەقا عەشیرەتێ
لێلێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێلێ
میرۆ لێ میرۆ
ملێ خانێ خۆش ملێ خانێ
میر بەدرخان بە سێ دەنگا کرە گازی:
حەسەنێ هەویرێ تاهیرێ مەیمۆسامی یێ
لۆتی
شەمۆیێ دێرشەوی :
وەسمان پاشا سەکنی جزیرا بۆتا
برۆژێ عەسکەرێ خو کۆم دکە
بشەڤێ بەرەلاْ دکەتە سەر رێزا گوندا
ئەڤ شەڤ من دڤێ باڤێنە سەرئۆردویێ
وی کووچک بابی ..
ببرن سەرێ تۆپچی و ڤۆمان دارا
دەلۆلۆلۆ...لۆلۆ
لەمەتێ دەنگێ تۆپان وجبەخان ولە پەی
مەتێ
حەیفە بۆ مخابنا دلێ مە دمینێ
کووچکێ کوشتەرێ رۆمیا
کەتنە شارێ جزیرێ بۆتا
هەیلۆ بابۆ لەمن خراپ دکن جی یێ
سنجەقا عەشیرەتێ
لێ لێ میرۆ لێلێ میرۆ لێ لێ میرۆ
لێ لێ میرۆ لێ میرۆ
ملێ خانێ خۆش ملێ خانێ
میر بەدرخان بەسێ دەنگا کرە گازی:
حەسەنێ هەویرێ تاهیرێ مەیمۆسامی یێ
لۆتی

شەمۆیێ دێرشەوی :
وەسمان پاشا سەکنی جزیرا بۆتا
برۆژێ عەسکەرێ خو کۆم دکە
بشەڤێ بەرەلا دکەتە سەر رێزا گوندا
ئەڤ شەڤ من دقێ باڤینە سەرئوردویێ
وی کووچک بابی ...
ببڕن سەرێ تۆپچی و قومان دارا
دەلۆلۆلۆ.. .لۆلۆ
لەمەتێ دەنگێ تۆپان وجبەخان ولە پەی
مەتێ
حەیفە بو مخابنا دلێ مە دمینی
کووچکێ کوشتەرێ رۆمیا
کەتنە شارێ جزیرێ بۆتا
هەیلۆ بابۆ لەمن خراپ دکن جی یێ
سنجەقا عەشیرەتێ
لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ
لێ لێ میرۆ لێ میرۆ
ملێ خانێ وا بدارە و بلالیکا
هەر ما شارێ جزیرێ بۆتا خۆش دێ دەنگێ
زاوایان وبیکا لێ لێ میرۆ
زەینەب خاتوون کرە گازی لە میسلا و
بەغدایێ
تۆپا رادەکیشنو تابان پاشا تۆپی کەلێ
رەش
ژ مەرائینا
وەسمان پاشا کەتمە بەندێ تە دانە
گازەکی
وان پیرا و بچیوکا
دەلۆلۆلۆ...لۆلۆ
لەمەتێ دەنگێ تۆپان وجبەخان ولەپەی
مەتێ
حەیفە بۆ مخابنا دلێ مە دمینی
کووچکێ کوشتەرێ رۆمیا
کەتنە شارێ جزیرێ بۆتا
هەیلۆ بابۆ لەمن خراپ دکن جی یێ
ئاغان و عەشیرەتێ
لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ
لێ لێ میرۆ لێ میرۆ
ملێ خانێ خۆش ملێ خانێ
میر بەدرخان چوو سەیرانە شەڕێ
مەیت کێشانە مینا کێشاناکایێ لجوخینا
لەشێ ئەسکەر وتۆپ وجبەخانە مانەلچۆلینا
بانگ کر سوارا شەڕی بەتال کەم هنگ
رازینا ؟
شەمۆیێ دێرشەوی کرە گازی :
میرۆدانە بادێر گولا رەنگین جی یێ مەیە
دەستێ مەبێ شەڕ لێ وەنابە
دەلولولو...لولو
لەمەتێ دەنگێ تۆپان وجبەخان ولەپەی
مەتێ
حەیفە بۆ مخابنا دلێ مەدمینێ
کووچکێ کوشتەرێ رۆمیا
کەتنە شارێ جزیرێ بۆتا
هەیلۆ بابۆ لەمن خراپ دکن جی یێ
سنجەقا عەشیرەتێ
لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ لێ لێ میرۆ
لێ لێ میرۆ لێ میرۆ
ملێ خانێ دا کەتم وابجەمەدا
زەینەب خاتوون پیش عەسکەرێ وەسمان پاشا
وەچوو
جەلەوێ هەسپێ وەسمان پاشا گرت و بەر
نەدا
وەسمان پاشا کەتمە تۆرا تە و بابێ تە
دەستێ بابێ تێلی بەگ هەتا باژێرێ
دیاربەکرێ
لە کەلەپچەمەدا
دەلۆلۆلۆ...لۆلۆ
لەمەتێ دەنگێ تۆپان وجبەخان ولەپەی
مەتێ
حەیفە بو مخابنا دلێ مەدمینێ
کووچکێ کوشتەرێ رۆمیا
کەتنە وولاتێ شارێ جزیرێ بۆتا
هەیلۆ بابۆ لەمن خراپ دکن جی یێ
میران و عەشیرەتێ

کۆچ

م.سووتانی



ئاوایی زوڵمئاوا یەکێکە لە گوندەکانی وڵاتەکەمان . برێ کات ناوی شتێک سەرنجی پیاو بۆلای خۆی رادەکێشێ. "زوڵمئاوا" بەراستی دەڵێی کالایەکە و بە باڵی ئەم چەند ڕێزەماڵەوە براوە! دیمەنی ماڵەکانی جۆرێکەکە دەڵێی کەسانێک،بەپەلەپەل و سەر لێ شێواوی لەو لێژاییە ئەو هەموو خشت وکوچک،و کولۆیەیان لە سەر یەکسوار کردووە و بە ناهومێدی یەوە دارەڕایان کردووە تا چەند ڕۆژێک خۆیان لە هورووژمی بەفر و باران و رەشەبا بپارێزن. رەنگە ئەگەر خەڵکی تێدا نەبوایە رێبواری ناشارەزا ئەم پرسیارەی بۆ دەهاتە گۆڕێ کە ئەم ماڵانە شوێنەواری کام دەوری مێژوون ؟

بە پێچەوانەی ماڵەکانی ئاوایی کەدەڵێی چەپۆکێکی توند وبێ رەحمدیوارەکانی لاروگێرو نەپۆڕ(۱) کردووە تەبیعەتی دەوروبەر بە قەولی خەڵک،شاقڕی(۲) نواندووە! بەر ئاوایی کانی و دارستانێکی چڕوپڕوشینایی-یەکی دڵکەشی لێ هەڵکەوتووە و کانی و حەوزی ئاوایی هەمیشە خوڕەیان دێ .

کاکەعلی یەکێک بوو لە خەڵکی ئەم ئاوایی یە. پیاوێکی بەکارو لەسەرەخۆ بوو. دوو کوڕو کەنیشکێکی بوو. لە زەوی و زاریشدا جێی یەک دوو تۆمەشان(۳) زەوی بەراوو برێکیش دێمی هەبوو.

بەهۆی لێهاتوویی و ژیری یەوە توانیبووی ماڵەکەی نەختێ پاکتر و چاکتر دروست بکا. دەروازەیەکی گەورەی رەنگ کراو،وبالاخانەکەی ، ماڵی ئەوی لە ماڵەکانی تر جیا دەکردەوە. کاکەعلی لە کشت وکاڵ وئاژەڵداریشدا هەر لێزان و ژیر بوو.جاران بێستان و مەزرای کاکەعلی لە تەواوی ئاواییدا نموونە بوو.لەپەڵە شەوۆر(۴) و وێنجە و خەیار و تەنانەت لەگەنم و جۆیشدا هیچ بژارێک نەدەبینرا. خەڵک وەخت و بێ وەخت دەیاندی کەخەریکی هەڵکەندنی بنە"هەرێزێک"(۵) یا "چاوزاقەیەک(۶)" بوو کە بێ ئیجازەی ئەو لە نێو حاسڵەکەیدا پنجی کوتابوو. کورت و کۆتا لە دەستی زەحمەت و کاری خاوێن و چاک و لەچاوانیشی عیشق و عەلاقە و ئەوین دەباری. لە وەختی کار و فرمان‌دا دەمە و بەیان لە ماڵ دەردەچوون و بە تاریکان دەگەڕانەوە و ئەستێرەیان پێکەوە دەلکاند. بە هۆی کارو زەحمەتی زۆر دەم و چاوی دەتگوت لە بەردیان تاشیوە قەت ئاو لە ژێر پێستی نەخزابوو(۷).بەڵام بەم حاڵەشەوە بەرهەمی کەم بوو. بە سەخڵەت خۆی و منداڵەکانی دەژیان .

منداڵەکانی لە خوێندنی بەردەوام بێ بەری بوون. بۆیە جاروبار بە هاواڵانی دەگوت:

دەکاول بێ دێ! ئێستا خێرو بەرەکەت لە شارە." با لە شەوێ بەهاردا سەری بکێشینە ماڵی کاکعەلی.

شەوێکی بەهارە، بۆنی خۆشی شەوبۆی بەهار لە دەوروبەری ئاوایی بڵاو بۆتەوە. کوێستان کە تازە لەخووسی[8] زستان هاتۆتە دەر لە تاریکایی شەودا رەش و رەشتر دەنوێنێ. بێجگە لە زریوە و ورشە و پرشەی ئەستێرەکان وتاپۆی رەش و بەهەیبەتی کوێستان، چاو چاو نابینێ. ماڵی کاک عەلی لە دەوری چرا لامپایەکچۆکیان داداوەتە سەر سفرەی شێو. بەدەم نان خواردنەوە لە کار وباری رۆژی رابردوو و رۆژی داهاتوو دەدوێن.

شەمامەی کچی کاکعەلی کە تەمەنی دە ساڵ دەبێ دەڵێی هەر ئەو بەهارە لە گەل هەڵاڵە و برەمبرەمەی بەر ئاوایدا گوڵی پشکووتووە. روو دەکاتە باوکی و دەڵێ:

- ئەرێ بابە، ئەوساڵ چی درووس دەکەین؟

- بەخوا بێژم چە، هەر چی درووس کەدین هەر زەحمەتەکەمان پێ ئەبڕێت.

ناسر کوڕەگەورەی کاک عەلی تەمەنی شازدە،حەڤدە ساڵێکدەبێ و بە پچڕ پچڕ توانیویەتی تا کەلاسی پێنجەم دەرس بخوێنێ. بۆ خۆی ئیتر وەرزێریکی تەواوە و لە کاری کشت و کاڵدا وەکباوکی شارەزا، بووە. دەزانێ کەی وادەی بێستان کردنە و چۆن حاسڵ لە ئاو دەکەوێت. کەی دەبێ ئاو لەحاسڵ بگەڕێتەوە کام زەوی بۆ چ حاسڵێک بە پیتە و کەی وادەی کۆکەند وگێرە وئالف کێشانە.

بۆیە لەم حەین وبەینەدا سەری هەڵدێنی و بە شێوەی خۆی بە توندی وەک چۆن لە گا بخوڕێ، یا چۆن وەختی جۆماڵ برا بچووکەکەی لەو بەری دەراوەکەوە بانگ دەکاتە شەمامە و دەڵێ:

- دوای شەر بێستانم بڕی! هەر مەینەتە، زەوی خۆشکردن و بزار و کوڵۆ وردکردن و سەرئاوو ئاو دێران، لە ئاخریچەوە بیوە بازارو بیکەباوەش شاریەکان و خۆت دەس وشک،و خاڵی بگەڕەوە!

خەجێی دایکی بە لا-تیرێک[9]،کوڕەکەی مەجبوور بە پاشەکشە دەکا و دەڵێ:

- حەی حەی جائێمە چۆن بێ "تۆماتێز"وخەیار بۆمان ئەکرێت.

- جا وەڵڵا باشە بەشکەم چاومان لە دەس مەردم بێت با کیلۆ کیلۆ لە شار بیسێنین. ئەشێ هەربەش خۆمان درووس کەین!

- لە پایین وێنجەکەوە

فەرهەنگۆک

١- نەپۆڕ= خوارۆخێچ.تێک. رووخاو و نالەبار.

٢- شاقز= شاکار، کچی زۆرجوان.

٣- تۆمەشان = تۆوچێن پێوانەیەکە لە زەوی کە بە رۆژێک دەچێندرێ.

٤- شەوەر،شەبدەر،سێوەرە

٥- هەرێز= فریزوو

٦- چاوزاخە= چاو زەقە دڕویەکی ناو مەزراودەغڵ ودانە کە زۆر بە ئێشەو کاری پاڵە لەنگ دەکا.

٧- ئاو لە ژێر پێستی نەخزابوو= سپی و سۆڵ و قەڵەو نەبوو.

٨- خووس= خووسار، زوقم ئاونگ.

٩- لاتیر= تانووت،تەشەر.

١٠- گەدە - زگ، سک گەدوگیپاڵ.

١١- گیا دروون

دوو مەشتە حاسڵ هەر بەش خۆمان ئەکێڵین . کاک عەلی هەر بەم قسە دوایی بە باسەکەهێنا .

هێشتا لە خواردنی شێو نەبوونەوە ،کە لە کوڵانەوە نەفەرێک،کاک عەلی بانگ کرد .بە کوڕەکەی گوت :

-"ئەوە حەمەی کاکمیزایە پێی بڵێ بێتە بان ." حەمەی کامیزا دۆستی نیزیکی کاک عەلی یە . بۆ تۆوی گەنمی بەهارە داماوە و هاتووە لەوی قەرز بکا ، بە دەم دانیشتنەوە دەڵێ :

- هەستە گورج کەشەکەتم گەنمەکەم بۆ بپێوە و بیکە ناو تەلیس باچم شەوگار بەهار شەوگاری میوانداری و دانیشتن نیە .

- ئەی بەزیا ی نەکەی! ئێژی بۆ سکلێ ئاورهاتووە . دانیشە با چایەک بخۆین جا ئەچین .

- چەس ؟ ئیمڕۆناوچاوت خاس نایژێ .نەکا خەجێ لێی داوی !

- نەوەڵڵا خەجێ لێی نەداوم .سەرم لێ شێویاگە نازانم چی بکەم .

- ئەها ! وادیارەدیسان داویە لەسەرت .ناکا بۆشار بیرۆ کەی !

- ئەم بالەم بەرەو بێت ئەشێ و نەشێ هەربچین . خۆ ئەم کارە بۆ ئێمە هیچی خێر تیا نەماوە . زستان بوو قەزانێ هاتم بچم بۆ سمێل ریشیچم نیا بانیەوە . مانگاکانی خۆمم فرۆشت . مانگای هولەندیم سەند ئەویش سنانا دایە بن دەسی و مردارۆ بوو .ئیتر منالەکانم دەم وشک وخالی . بەخوا تازە لێرە یەکمان نابێ بە دوو .

- کوڕە ئەوە هات و چوویتە شار .چەت ئەبرێت . ئەوندی رەش و رووت تێ رژاوە هەر بەشرمن و تۆ ناکەوێ .

- تازە فکری خۆمم کردووە هەر پاییزم لێهات تەوەکول بە خوا زەوی وزار و مەڕ وماڵات ئەفرۆشم وئەچم منیش وەک ئەوانی تر وا چوون .

بەم جۆرە هەڵقەیەکی تر لە زنجیری ئاوایی پچڕا . هەر هاوین تەواو بووزەوی و زاری کاک عەلی بوو بە پوول و دەستی گرت . چووە شار و ماڵێکی لەوانەی بە شەوێ هاتۆتە دارەڕا ،سەند ماشێنەکەی ئاوایی لە رۆژێکی پایزدا ماڵی کاک عەلی هەڵگرت ولە کاتێکدا خەڵکی ئاوایی فرمێسکیان بۆ دەرشتن ، رێی شاری گرتە بەر .

لەشار لە دوو دیوی ماڵەکەیان دیوێکیان کردبە دووکان و ئەوی تری بۆ دانیشتن وخەوتن وئاشپەز - خانە وتەونی (قالی) بۆ شەمامە تەرخان کرا .

ناسر وبرا چکۆلەکەی کە چەند مانگێ بە شوێن کاردا گەڕان، لە " دەوری ، حەوزەکەی " شاردا دەستیان کرد بە کڕین وفرۆشتنی کۆپین و لەو کارەدا بوونە پسپۆر .

ژیانیان بەتەواوی لێ گۆڕا .خەجێی بەستەزمان وەک شتێکی ون کردبێ ، بێ ئامانج هەر لەگەڕەکوماڵدا هات و چۆی بوو . ئاخر عادەتی نەبوو بەکیلۆماست و تەماتە بکڕێ وبۆنانێک بچێتە سەفی نانەواخانە . وەرزی لێ شێوابوو و نەیدەزانی زستان کەی دێ و بەهار کەی تەواو دەبێ .


کاک عەلیش ئاو کەوتە ژێر پێستی وئەوەدەستانەی ئاودێران وزەوی خۆشکردن و کاری کشت وکاڵی دەکرد، ئێستا وردەواڵەی دووکان رێک وپێک دەکا و دەم و چاویشدا چۆڕاوە . حەمەی کا میزای هاواڵی جاروبار دێ بۆ ماڵیان وپێی دەڵێ :

- عەلی نەموت ئاوی شار گەدە[10] (زگ) زل ئەکا ؟

- کاکەعەلیش هەرچەندلە دڵەوە دەڵێ : خۆزگەم بە جاران ،بەڵام رووی تێدەکاو دەڵێ :

- تیر کە لەکەوان دەرچوو ناگەڕێتەوە "

بەشی
٣



جوغرافیای شنۆ

مارف
ئاغایی

شنۆ ئاسەواری زۆرە کە هێندێکیان بەم جۆرەن :

گوندی بێمزورتێ – دنخە گردی دێ شەمس – گردی حەسەن نووران – چەشمە گۆل – تەپکی نەرزیوێ – چواربۆت – گردی مەلا حمەد – قەلاّ تۆک .

گوندی بێمزورتێ : لە کتێبی (**تاریخ باستان**)دا ، هاتووە کە لە چوار سەدهەزار کەس خەڵکی شاری شنۆ سەد و بیست هەزار کەسیان لەو گوندە بوونە . بێمزورتێ لە ئەسڵدا (بێ دین زورتێ) یانی (مەوقووفە) بووە . بە قەراری نووسراوە و کتێبی ئاشووری لەو گوندەدا کلیسای دارو – لعولەمای مەسیحی بە ناوی **مارابراهم** بووە کە ئێستاش ئاسەوارەکەی هەر ماوە . لەو کلیسایەدا قەشەیەکی مەسیحی بەناوی مارابراهم کە گۆیا لە حەوارییەکانی حەزرەتی مەسیح بووە لەوێ نێرگەی ئایینی مەسیحی داناوە و لە زۆر جێگای دیکەوە خوێندکاری بۆ هاتووە . ئاسەواری گۆڕستانی مەسیحییان دەگەڵ کوتەڵی شێر و بەران و بزن و.... کە لەبەرد هەڵکەندراون لەو ناوچەدا بەرچاو دەکەوێ .

ئەو کلیسایە چەند گوندی دیکەشی مەوقووفە بووە کە ئەمانەن :

– **خورشت** (بەمانای نزیک) گوندی هەرە نزیکی مارابراهم بووە .

– **سینگان** (بەمانای بڵیند) کە لەسەر گردێک ساز کراوە .

– **سەرگیز و نەڵۆس** کە لە ناوی دووقارەمانی مەسیحی بەناوی سەرگیس و باخۆس وەرگیراون .


گوندی دنخە :

دنخە لە جەنووبی رۆژئاوایی شاری شنۆ هەڵکەوتووە . رۆژهەڵاتناسی ئینگلیزی (**سر– ئۆرل ئستین**) پێش شەڕی یەکەمی جیهانی چووەتە **دنخە** و لێی کۆڵیوەتەوە . لە کتێبی (راههای باستانی غرب ایران) دا نووسیویە ئەم تەپکە دوو هەزارساڵ پێش لە دایک بوونی مەسیح بووەوقەشەیەکی مەسیحی بە ناوی **ماردنخە** پردی داری لە نێوان دوو بەشی رووباری شار هەڵبە – ستووە و هەر دوولای شاری پێک وەسڵ کردووە .

کێلەشین :

کێلەشین بەردێکە کە بە درێژایی مێژوو سەرنجی پسپۆرانی راکێشاوەوزۆریان بایەخ داوەتێ . کتێبی **المنجد ، تاریخ آشور، کشیشهای ریش قرمز** لە بارەی کێلەشینەوە نووسیویانە .

لەسنووری ئێران وعێراق هەڵکەوتووە و کەوشەنی دابەشینی ئاوەکانی سنوورە و (**مقیم المیاهی**) پێدەگوترێ .



لەکتێبی "کشیشهای ریش قرمز"دا هاتووە: ئەو بەردە ۹۰۰ ساڵ پێش تەختی جەمشید دامەزراوە و ناوی سێ شاری **شنۆ** و **ورمێ** و **نێرگی** لێ نووسراوە.

وەرگێڕاوەی ئەم بەردە لە کتێبەکەدا هاتووە. هەوەڵ کەس کە کێلەشینی ناسی کۆنینەناسی ئەلمانی **شۆلش** بوو. بەڵام بەداخەوە کوژراو روونووسەکەی وەدەست نەکەوت ژنراڵ روالنین دۆزەرەوەی **بێستوون** بەشێک لەوحەکەی روونووس کرد. لەساڵی ۱۶۵۲ **خانیچۆف** قالبێکی لەم بەردە هەڵگرتووە کە ئەویش لەنێو چووە. لە ساڵی ۱۸۵۸دا **بلاو** بەهێندێک بەڵگەوە قالبێکی جوان ساز دەکا و ئەویش لەرێگەدا دەشکێ و دوای پێکەوەلکان شێوەی پێشووی نامێنێ.

پاش ماوەیەکی دیکە آ.ھا **سایس** لەت وپەتی شکاوی بەردەکە تێک دەکاتەوە و موتاڵای لەسەر دەکا.

لەساڵی ۱۸۵۸ تا ساڵی ۱۸۹۰ کەس کاری لەسەر ناسینی ئەو بەردە نەکردووە بەڵام ساڵی ۱۸۹۰ **دیمۆرگا**ن بۆخۆی وەدوای لێکۆڵینەوەی ئەو بەردە دەکەوێ و خانێکی ناوچە دەگەڵ خۆی دەخا ولە گوندی (هێ)را دەچێتە سەرکێلەشین نوسخەیەکی (استامپاژ) لە بەردەکە هەڵدەگرێ وبۆ پرشیل ئاشووری زانی شارەزا دەنێرێ پرشیل وەرگێڕاوەی تەواوی بەردەکە لە رۆژنامەی Pecueild.St.auaux چاپی پاریس وەدەردەخا کە ۴۲ دێرەکە ئاوا نووسراوە:

میهرکپوسی وایشیۆنین و کوڕەکەی منوا کە هەرسێکیان پادشای وڵاتی تووشیبا بوون، خەڵاتی هاڵدیەخێوی شاری موزازیر دەکرێن ....

ویلایەتی پارسوا لەرۆژئاوای دەریاچەی ورمێ ئازاد نەکرا.

جوغرافیای ئابووری:

حاسڵ وداهاتی شاری شنۆ بەستە بە زەوی وزارە. ئەو بەرهەمانەی لە ناوچەدا رەعەمەل دێن بریتین لە:



گەنم: بەرهەمی هەرە گرینگی کشت وکاڵی شنۆ گەنمە کە ساڵانە بەشی زۆری زەوی یەکانی کەشاوەرزی دادەگرێ و بەرهەمی ساڵانەی نزیک بە چوارهەزار تۆنەکە

٢٥ لەسەدی ئەو گەنمە لە شار دەخورێ یا بۆ چاندن و ئارد و... لەکار دەکرێ و ٧٥ لەسەدیشی دەفرۆشرێ بە دەوڵەت یا بۆشارومەڵبەندی دیکە بەڕێ دەکرێ.

جۆ: بەرهەمی ساڵانەی جۆ نزیک بە دووهەزار تۆنە کە بەشێکی بۆ مەڕو ماڵات زستانان کەڵکی لێ وەردەگیرێ وهێندێکی بۆ چاندن و ئەوی دیکەش بۆ ناوچەکانی دیکە دەنێردرێ.

توتن: ئاووهەوای سازگار وگڵەسوور و رەڵەماڵانی ئەو شارە بوونەتە هۆی رەعەمەل هێنانی تووتنی باش. جۆرە تووتنێک لە شنۆ رەعەمەل دێ کە قوڵەساقەتە و گەڵای پانە و تووتن ناس بە جسنێکی هەرەباشی تووتنی دەناسن. بەڵام تایبەتی بەرچاوی تووتنی شار ئەوەیە کە جگەرەی(اشنو) وێژە لە تووتنی شنۆ ساز کراوە.

نۆک: بەرهەمی ساڵانەی نۆک ٥٠٠ تۆنە. دە لەسەدی، ئەو بەرهەمە رادەگیرێ و پاش ماوەکەی بۆناوچەکانی دیکە بەڕێ دەکرێ.

چەوەندەر: بەرهەمی ساڵانەی چەوەندەر نزیک بە ٤٥٠٠ تۆنە کە دەنێردرێتە کارخانەی قەندی پیرانشار. بەرهەمە ـ کانی دیکەی کشت وکاڵی شنۆ، **برینجی گردە گوڵەبەرۆژە گەنمەشامی باقلە وسێوک و پیوازە.**

ژمارەی قوتابی بەپێی ژمێرەی ساڵی ٦٥ ـ ٦٦:



ژمارەی هەموو قوتابی سەرەتایی لەشارودێ ٤٢٥٩، کەس. ژمارەی قوتابی سەرەتایی شار ٢٠٧٥ کەس.

ژمارەی قوتابی سەرەتایی گوند ٢١٨٤ کەس.

ژمارەی قوتابی راهنمایی شار و دێ ٨٤٤ کەس

ژمارەی قوتابی راهنمایی شار ٧٧٢ کەس.

ژمارەی قوتابی راهنمایی گوند ٧٢ کەس.

ژمارەی قوتابی ناوەندی ٤٦٩ کەس

ژمارەی قوتابی شار و گوند بەتێکڕایی ٥٥٧٢ کەس

فێرگەی سەرەتایی کوڕانە ٦ دەست

فێرگەی سەرەتایی کچانە ٢ دەست

فێرگەی راهنمایی کوڕانە ٢ دەست

فێرگەی راهنمایی کچانە ١ دەست

فێرگەی دەبیرستانی کوڕانە ٢ دەست

فێرگەی دەبیرستانی کچانە ١ دەست

فێرگەی راهنمایی گوند ١ دەست

بەپێی ژمێرەی ساڵی ١٣٦٠ ٩٤/٣ لەسەدی کوڕان خەریکی خوێندن بوون (ئەوانەی تەمەنیان بۆ خوێندن دەبێ) هەروەها ٥٧/٤ لە سەدی کچانیش خەریکی خوێندن بوون بەڵام لە دەورەی راهنماییدا ٧٠ لە سەدی کوڕان دەرسیان خوێندووە و٤٠٫١٤ لە سەدی کچان درێژەیان بەخوێندن داوە.

لەم ژمارانە ئەوەدەردەکەوێ کە رادەی کەمبوونەوەی خوێندن دوو هۆی بنەڕەتی بووە:

یەکەم: دایک وباب بە شێوەی شیاو بایەخی خوێندنیان نەزانیوە.

دووهەم: هێندێک لایان شوورەیی یە کچەکەیان بنێرنە فێرگە.

درێژەی هەیە

بار هێنانی منداڵ



ف : وەفایی

پێویستی یەکانی منداڵ بۆ گەورەبوون وگەشە کردن، دووجورە .

الف ـ پێویستی یەکانی فیزیۆ ـ لۆژی

ب ـ پێویستی یەکانی ڕەوانی

لێرەدا ئیشارەیەکی کورت دەکەین بەو پێویستی یە ڕەوانی یەی کە بۆمنداڵ پێویستن تابتوانێ بەکەڵک وەرگرتن لەوان بناخەی کەسایەتی خۆی پێدا مەزرێنێ ولەشاڕێی ژیاندا سەربەرز وسەرکەوتووبێ .

١ـ خۆشەویستی دوولایەنە

منداڵ پێی خۆشە لەلایەکەوە دایک وباوکی ، مامۆستاکانی قوتابخانە ،هاورێ وخزم وکەس ئەویان خۆش بوێ بە تایبەت ئەوانەی لەو گەورەترن یالەو زۆر نزیکن وزۆربەی کاتی خۆی لەگەڵ ئەوان دەباتەسەر . لەلایەکی دیکەشەوە پێی خۆشە کە ئەوانی خۆش بوێ پێویستی بەکەسانێک هەیەکە ئەو خۆشەویستی یەی ئەو بناسن و وەری بگرن پەسندی بکەن .

٢ـ باوەڕ بەخۆ

خاترجەمی پێویستی یەکی بنەڕەتی یە ، منداڵ ئەگەر خەیاڵی ئاسودە نەبێ ناتوانێ بۆ ئامانجەدیاریکراوەکانی هەوڵ بدا ، لەگەڵ خەڵک تێکەڵ ببێ، بێ گومان بۆدەست هێنانی پێویستی یەکانی ژیان تووشی ناڕەحەتی دەبێ .

٣ـ پەیوندەی بەدەستەیەک .

منداڵ دەبێ خۆی بەستراوە بەکۆمەڵێک بزانێ کە لەوکۆمەڵەمافی دەربرینی بیروڕای خۆی هەبێ،ئەندامی دەستەیەک بوون هەستی کەسایەتی دەدابەمنداڵ . باشتروایە ئەودەستەیەپێک هاتوو لەمنداڵەهاوتەمەنەکانی خۆی بێ کە بۆگەیشتن بە ئامانجێکی بەرز وەک ئامانجێکی وەرزشی یازانستی هەوڵ دەدەن .

٤ـ وەرگیران .



منداڵ هەرچۆنێک بێ ، هەرتوانایەکی هەبێ پێی خۆشە ئەوەندەلەلایەن دایک وباوک ومامۆستاوهاورێ و ... و وەرگیرێ . منداڵ پێی خۆش نیە لەلای خەڵک ولە کاتی پیاهەڵداندا شاخ وباڵی بۆ

دروست بدرێ . بەلکوو مندال دنیا بەراستی دەبینێ و پێی خۆشە هەمووشتێکی بەراستی ببینێ وبگوترێ وبەڕێوەبچێ و ...... وەرگێرانی مندال لە لایەن دایک وباوک وماموستا و ...... هەستی باوەڕ بەخۆی دەداتێ وئەوکات چاوەڕوانی کاری شازی لێ دەکرێ .

٥- سەرکەوتن .

پێش کەوتنی مندال پلە پلەیە . وپێویستەکە ئەو پلانە بەریز یەک لەدوای یەکتر هەلبوێرێ و بەرەوپێش هەنگاوبنێ سەرکەوتن بەسەرنالەبارییەکا -نی، ژیاندا وەدەرخستنی وباس کردنی ئەوسەرکەوتنە باوەڕی مندال بۆهەلێنانی چەلەموزال بوون بەسەر نالەبارییەکاندا پتەوتردەکا

پێویستە کەدایک وباوک و ماموستاو ... ئەوسەرکەوتنانەی مندال بەرچاوبخەن وڕێزیان لێ بگرن.

٦- سەربەخۆیی وئازادی

بەستنەوە ومەکەومە رۆ کردن لەمندال توانایی داهێنەری ئەولەنێودەبا . مندال بەئازادی وسەربەخۆیی سەرەڕونابێ ونافەرمانی فێرنابێ. بەلکوو ئەوکارە خراپانە هۆی دیکەیان هەیە مندال بۆدۆزینەوە داهێنان پێویستی بەوەهەیە کەدایک وباوک وراهێنەردەسەری بۆمندال پەیدانەکەن . ولە بەرێوەبردنی کاردا مەترسی نەخەنە دلیەوە .

٧- ریزگرتن لەخۆ .

مندال دەبێ رێزی خۆی بگرێ وجێ وشوێنی خۆی بزانێ هەست بەکەسایەتی بکا و خۆی خۆش بوێ تیروتوانج دان لەمندال کارێکی باش نیە وکەسایەتی ئەوی پێ دەڕووخێ . ریزگرتن لەخۆتەنیا



لەلایەن دایک وباوک وماموستا - وەبەمندال دەدرێ و ئەوەش بەبەرپرس زانینی مندال لە ئەنجام دانی کارەکانیدا دروست دەکرێ .

٨- هەل نان وهان دان .

مندال بۆئەنجامدانی زۆربەی کارەکان پێویستی بەهەل نان و هاندانی دەوروبەرەکانی -یەتی .


مندال پێی خۆشە کارێک ئەنجام بدا کەدەوروبەرەکانی پێیان خۆش بێ .

٩- هێمنی .

رەنگە گەورەترین پێویستی رەوانی مندال هەست کردن بە بوونی هێمنی لەکۆمەلدابێ مەترسی لەبەزین وهەرووژمی ناکۆکی یەکانی ژیان دەتوانن لەژیانی مندالدا بەشێوەیەکی خراپ دەوریان بێ، ئەرکی دایک وباوکو راهێنەرەکانی مندال لەپێش هەموو شتێک دروست کردنی بارودۆخێکی هێمنە . کە مندال بتوانێ لەوپەڕی هێمنەتیدا بۆپێش کەوتن هەول بدا .

ژیاننامەی شاعیری شەهید





سەرەتای بەهاری ساڵی "١٣٤٢"ی هەتاوی،لەحاڵێکدا کە چیا وبەندەن وپێدەشتە جوانەکانی محاڵی ئاختاچی لە ژێر هەتاوی بووژێنەری خاکە- لێوەدا دەترووسکانەوەونەرمە گیای بەهاری خەملاندبوونی ، ئەودەم کە سەرما وسەختەتی زستانێ بەرەو نەمان ئاژوا بوو و ڕێژنە و ڕەهێڵەی بە گرمە وهەڕەشە پاشماوەکانی حاشار دراوی بەفری ساڵی پێشوویان سەرکوت دەکرد ، لە گوندی گوێگجەلی لە ناخی خانوویەکی لادێییدا کۆرپەیەک پێ دەنێتە مەیدانی ژیان گوێزەبانەی بۆ دەدرێ وناوی "**بیلال**"ی پێ دەڕازێتەوە . لە دایک بوونی "بیلال" هیوا و هومێد دەخاتە دڵی پیر ولاوی بنەماڵەی "زاهیدی" و لە بێشکەدا سینگی دەسرازە دەناسێ و گوێی بە لایەی کوردی دەکرێتەوە و چاوی بە دیتنی کووژەکە روون دەبێتەوە. ئەو کوڕە خوێن شیرینە لە تەمەنی دوو ساڵیدا کە لە سەربانی ماڵێ خەوی لێ دەکەوێ و تیشکی بەتاووتینی خۆرەتاوی وێ دەکەوێ ، چاوی دێشێ و تل دەخوا ولەبانی دوونهۆمرا دەکەوێتە خوار وبێ هۆش دەبێ . باپیری کە زۆری خۆش ویستووە بۆنەجاتدانی گیانی نەوە خۆشەویستەکەی بە سواری تەراکتۆر بەرەو میاندواو دەکەوێتە رێ، بەڵام لەنیوەی رێگادا دەبینێ کە پشووی لێ بڕاوە وچاوی بە مۆلەق* وەستاوە ،دەستی لێ دەشوا و بەناچار بەرەوئاوایی دەگەڕێتەوە وخۆی بۆبەڕێوە بردنی کفن ودفنی نەوەکەی ئامادە دەکا کە لە پڕ هاوار دەکەن :

ئەوە زیندووە ، زیندوو !

خێرا دوکتۆر لەشار بڕا دێننە سەرینی،دوای حەوتوو- یەک بێ هۆشی لەجێ هەستاوەو باپیری شوکری خودای بەجێ هێنا وناوی نا "خواداو" .

شەهید بیلال بەهۆی هۆش و زەینێکی کەبوویەتی توانیویە لە تەمەنی پێنج ساڵیدا بچێتە فێرگەی ئاوایی و دەس بەخوێندن بکا ، تا پۆلی سێی سەرەتایی لەفێرگەی ئاوایی خوێندووە ولە پاش وی لەگەڵ بنەماڵەکەی بەرەو مەهاباد کۆچ دەکەن وئەوجار لە فێرگەکانی مەهاباد درێژەی بە خوێندنەکەی دا .

توانایی ئەو لە نووسینی ئینشادا ئەوەندە زۆر بوو کە بوو بە هۆی سەرسوڕماوی مامۆستاکانی وهان دانی ئەوان، لە دوای خوێندنی سەرەتایی پێی ناخوێندنی راهنمایی کە ئەوکات گڕوگاڵی نووسینی شیعری فارسی دەس پێکرد وڕۆژ بەڕۆژ زەوقی شیعری پتر دەپشکووت ، کە

خوێندنی ڕاهنمایی تەواو کرد وگەیشتە ساڵەکانی دەبیرستان فێربوونی زمانی کوردی بە خوێندنەوەی کتێب ونووسراوەی کوردی هەرچەند ئەو کات نووسراوە و کتێبی کوردی نایابیش بوو دەس پێ کرد. نووسینی شیعر، پەخشان، چیرۆک بوو بە سەرەتای کاری ئەدەبی بیلال کە بە کوردی دەینووسی. شەهید بیلال ئەوەندە ئۆگری خوێندنەوەی کتێب بوو کە هەمیشە کتێبی لەبەر دەست و چاو بوو. شەهید بیلال قسە خۆش و بە حەوسەلە وشیرین زمان وئەخلاقێکی باشی هەبوو. ڕێزی بۆ هەموو کەس لەزارۆک وپیر دادەنا، بەوەرازی نەبوو دڵی کەس بشکێنێ یا دڵی کەسی لێ بێ. شەهید بیلال کۆمەڵە شیعرێکی جوانی بە فارسی و

منی کلۆڵ چاوەڕێ بووم سروەی دەنگت بێ
کاروانی وشەکانی پڕ ئاهەنگت بێ

چاوەڕێ بووم بژیتەوە ڕەوانی مردووم
دەرمانم بێ هەر ئەودەردەی کەوای لێ کردووم

چاوەڕێ بووم لە ئاسمانی شاری غەریبا
بمدیبایە ئەو ئەستێرەی کەکەس نەی دیبا

چاوەڕێ بووم بە ئاهەنگی سروەی بلاوێن
شا ڕووباری گەنجی شیعرم بڕژێتە داوێن

چاوەڕێ بووم دیسانەکەش پەندی زنێڕێنت
ئەو پەندانەی پەروەردەبوون بەخوێنی ژینت

وەکوو سکڵی ڕێگای دووری غەریبایەتی
گەرمی بدەن بە زستانی ڕێی کوردایەتی

بەڵام سەد داخ نەگەیشتمێ کە خۆزگەکانم
بێنە بەرهەم بۆ سارێژی برینی گیانم

مامۆستاگیان ئاسمانی گەش شەو دای پۆشیوە
بەهاری سەوز بەرگی ڕەشی عەزای پۆشیوە

لە تابووتی ناکامیدا خۆزگەکانی من
چە واشەن و تازە ئیدی کوا ڕزگار دەبن

نائومێدم لە قەهری شەو لەمەرگی ئاشتی
لەو شەوە وا مەلی خۆری خنکاند و ناشتی

گەمی خەمی نامرادیم لە دەریای تەما
بە تۆفانی جەوری زەمان تۆزیشی نەما

مامۆستاگیان شا ئەستێرەی کەهکەشانی شیعر
ئەی ئەو کەسەی نامومکینت‌دا نیشانی شیعر

ئەی شین گێڕی مەرگی شینی وسەوزی بەهاری
ئەی ڕێبواری نەحەساوەی ڕێگای ڕزگاری

مەشخەڵداری شەوەزەنگی فەرهەنگی کوردان
ئەی ستێری ڕاخوشیوی ئاسمانی ژیان

تۆ نەقیمی ئەنگوستیلەی جوانی سروشتی
دەستی " هۆمێر" چاوی شیعری بەکلی ڕشتی

بەوێرانی بانەی وێران، دڵت بریانە
نەک هەر بانە بە مردنت وڵات وێرانە

بەڵێ گڵای* تیری ئەجەل مەودای پێ نەدای
من دەزانم ئێستاش تینووی هەزاران بریای

من دەزانم دڵی ماندووی خۆشی نەدیوت
هەر لێ دەدا بۆ ناکامی گەلی هەتیوت

من دەزانم ئێستە کەوا لەبەر چاو نەمای
وەک ئەستێرە لە ئاسمانی دڵی خەڵک دای

ئەی ڕێبواری پیری ئەدەب هەتا هەتایە
هەتا شیعر لە سەر "خوانی" سووری دنیایە

ناوت چرای کوێرە ڕێگای هونەرمەندانە
بەڵێ ناوت بەرزتر لە دەرکی زەمانە

کاتێک وشەی جوان ولەباری کوردی ناسی، ئەوجار هەست و بیری تامەزرۆی شیعروئەدەبی بە ووشەی کوردی خەملێ، ئینسانێکی خوێن شیرین ورەزا سووک، دڵاوا و میوانگر بوو، کەهەرکەس لەگەڵی ئاشنا با قەت لە لای وەڕەس نەدەبوو، کوردی لەگەڵ چەند چیرۆک و پەخشانی فارسی وکوردی بۆ بەجێ هێشتووین کە خوا پشتیوان بێ لەداهاتوودا

به چاپی ده‌گه‌یه‌نین و ده‌یانخه‌ینه به‌رچاوی خوێنه‌ران وهۆگرانی شیعر وئه‌ده‌ب .

"کۆچم ره‌نگی گۆنای تۆیه"

خۆشه‌ویستم
روو له سه‌فه‌ر
ئه‌ورۆ ده‌ڕۆم
هه‌رچه‌ند به‌دڵ ئه‌سیری داوی ئه‌شقی تۆم
روو له سه‌فه‌ر ئه‌ورۆ ده‌ڕۆم به‌جێت دێڵم
رێگام دووره
ره‌شه، تاریکه بێ نووره
به‌ڵام گیانه
من به هه‌وای هه‌ڵفڕینی
ئه‌و باڵنده شکۆداره‌ی ئه‌وینی تۆ
وه‌ها وێڵم
هه‌رچه‌ند ده‌ڕۆم و جێت دێڵم
کۆچم ره‌نگی گۆنای تۆیه
له بیابانی مه‌ترسیدا
خوێنا وه‌که‌ی ده‌روونی خۆم ده‌خۆمه‌وه
تۆزی رێگاش به ئه‌سرینی
یادی تۆوه ده‌شۆمه‌وه
به‌و هیوایه له گوڵزاری گه‌یشتنا
شه‌رابی چاوه‌کانی تۆ
تێر ئاوم که‌ن
ئاوی ژیانێکی سه‌ر له‌نوێ
له خاولاوی هه‌ناوم که‌ن



شه‌هید بیلال له ته‌مه‌نی ٢٢ساڵیدا ژیانی ره‌به‌نی کۆتایی پێ هێنا وهاوسه‌ری ژینی هه‌ڵبژارد وزه‌ماوه‌ندی کرد. سێ مانگ دوای ژن هێنان خۆی بۆخزمه‌تی سه‌ربازی ناساند دوای ده‌وره‌ی فێرکردنی شه‌ڕ له‌یه‌کێک له پادگانه‌کانی (م.ت) به‌ره و به‌ره‌کانی شه‌ڕ له‌به‌ره‌ی جه‌نووب چوو، کاتێک که بۆ دووهه‌مین جار هاته‌وه مه‌ره‌خه‌سی له‌گه‌ڵ رووداوی خه‌مبار و دڵته‌زێنی کۆچی دوایی مامۆستای به‌ڕێز "هێمن" به‌ره‌و روو بوو که دیاره وه‌کوو هه‌موو لاوێکی ئه‌دیب و ئه‌ده‌ب دۆست و شاعیر مامۆستا "هێمنی" به نووری چاو و مامۆستای خۆی ده‌زانی، که به‌ڕاستی زۆری پێ تێک چوو، هه‌ر به‌وبۆنه‌وه هه‌ستی ناسکی بریندار بووو شیعرێک له دڵیه‌وه سه‌رچاوه‌ی گرت وشینێکی بۆ گێڕا به‌ڵام به‌داخه‌وه نه‌یتوانی له کۆڕی گه‌وره‌ی مامۆستا "هێمن"دا به‌شدار بێ وبه‌نۆبه‌ی خۆی شینه‌که‌ی گێڕابا .

پاش ٥٠ رۆژ مانه‌وه له به‌ره‌ی شه‌ڕ له کاتێکدا که به‌رگه‌ی "مرخصی" بۆنووسرابوو و دڵی گه‌رمی خورپه‌ی دیتنی عه‌زیزانی تێدا بوو له‌ناکا ـ وێکدا فڕۆکه‌کانی دوژمنی به‌عسی فاشیست هێرشیان دێننه سه‌ر وبۆردمانیان ده‌که‌ن، که به‌داخه‌وه ته‌ڵاشی بۆمبای به‌عسی ئه‌و دڵه گه‌رمه پڕ له شۆر وهه‌ست وبه‌زه‌یی و خۆشه‌ویستی یه‌ی بۆهه‌تاهه‌تایه له‌کار خست، ئه‌و دڵه‌ش وه‌ک هه‌زاران دڵی گه‌رمی دی پێشکه‌ش به‌و خاک وئاوه کرا و بوو به قوربانی گه‌ل ، به‌داخه‌وه ئه‌و ته‌نانه‌ت یه‌که‌م ساڵ هاتی جێژنی زه‌ماوه‌ندی خۆی نه‌دی تا به‌و بۆنه‌وه جێژنێکی بچکۆڵه بگرێ .

شه‌هید بیلال سه‌ره‌ڕای ئه‌وه که ته‌مه‌نی پتر له ٢٣ ساڵ نه‌بوو به‌ڵام گه‌یبۆ پله‌ی ئینسانێکی باش و ئینسانێکی شاعیر که ته‌نیا یادگاری ئه‌و شه‌هیده چه‌ند ده‌فته‌ر شیعر ونووسراوه‌ن که بۆ ئه‌ده‌بیاتی کورد و بنه‌ماڵه‌که‌ی جێ ماوه، رووحی شاد ویادی به‌خێر بێ .

بۆلۆرکا..



کەمانێکم خەڵاتکەن
کەمانێکی دۆمانە
تا بە هەناسەی لەرزۆک دنیایە بلەرزێنم .
ئاگرێک هەڵگیرسێنن و بە دەورەی دا هەڵسووڕێن ،
با ئەستێرەکان بشکێن
بۆ سەر زەوی هەڵوەرێن .
کەمانێکی بریندار وەک سینگی خۆم خەڵات کەن
تاوەکوو قسەی دڵم هەڵڕێژمە سەر تە*ڵ گەلی .
کەمانێکم خەڵاتکەن بناڵێنێت و بدوێ
تاوەکوو خەڵکی دنیا ناڵەمیان بگا بە گوێ .
با کەمانی دۆمانەم بە هەر پەردە بناڵێ
تا بیرەوەرگەلی کۆن وەخەبەر بێ و بێتە سەرزار ،
لێی گەڕێن با کەمانم دەردی دڵی خۆی بکا و
چیرۆکی غەمبارانەی ڕۆڵە دومێک دەربڕێ .

* * *

گیتارێکم خەڵاتکەن ، ناڵە وئۆف بخولقێنێ
تاکوو گۆرانی یەکانی دۆمانەم ببز*رکێنێ :
چاوەکانی دۆمانەی هەتاکوو بلێی ڕەش بوو ،
گیتارەکەم ، دەی بێژە !
تەختی نێوچاوانی ئەو دەشتیبەرین و گەش بوو ،
گیتارەکەم دەی بێژە !
ئەو کاتەی لە دایک بوو
مناڵێکی بێ خەم بوو ، وەکوو گشت مناڵی دێ ،
بۆ یەکەم جار لای لایەی خەمباری دایکی خۆی بیست ،
گیتارەکەم دەی بێژە !
زانی کە بۆ خەمخۆری هاتۆتە سەر دنیایە ،
گیتارەکەم دەی بێژە !

گۆرانیگەلی دۆم

وەرگێر

ج. شێخەلیسلامی

رەنگە دەنگێکی بەسۆز لە دڵی کەمانی دۆمرا
" لۆرکای کردبێتە شاعیر لە کازیوەی بەیاندا !
کام پەژارە قورسترلە خەم و دەردی دۆمە ؟!
کاتێ ئاهەنگی دۆم و
گۆرانی لەرزۆکی ئەو
لەسەر کەمان دەناڵێ
دەڵێی ئاسمان و زەوی وەک مێژۆکە* دەلەرزن ،
زایەڵە و نارە*کانیش
بەرەوبەهاران دەفڕن .

* * *

کەم تەمەن بووم ئەو کاتەی وشەی فاشیستم کەبیست ،
بێ وەی مانای بزانم .
سالی ٤١ هێشتا لەپشت گەلێک سالان بوو ،دەهۆڵەکەی ئەهریمەن
ئەهریمەنی خاچ شکاو ـ
نەی زڕ*یبوو لە چاوان خەوی ئارام و هێمن ،
سالانی خوێن ومەرگیش هێشتا گەلێک دوورتر بوو .
باوکم رۆژنامەکانی بە قەلسی هەڵدەداوە ،
منیش لە چاوانی دا ئەمانەم دەخوێندەوە :
فاشیزم ، ئیسپانیا ، گرانادا ...
رۆژێکی دی هاتەوە ، مات و پەرۆش و گرژ :
" ئەوان شاعیریکیان کوشت ..."
دەموچاوی تێک چرژا :
" ئەی هاوار فاشیستەکان "لۆرکا یان کوشت ..لۆرکا "
" نەعلەتیان لێ بێ ، ئەوان خوێنی شاعیرێکیان رشت! ..."
چەشنی گەڵای دارێک من
لەرزیم و لەرامەوە .
چونکە دەمگوت : " شاعیرگەل بێ مەرگن وهەرمانن! "
پێ مەکەنن بەم وتەم
من هەر لە منداڵی یەوە لەگەڵ شاعیر ئاشنام
پێم وابوو،بروام وابوو کە : شاعیر بەهارانە ،
هەیڤ* ، ئەستێرە ، خۆر ، ئاسمانە ،
رووبار گەلی خوڕێنە ،
چاوانی ئاگرینی کازیوەکەی بەیانە .
شاعیران لقی چرۆ ،
دەنگ و هەوای گۆرانین .
" فاشیستەکان "لۆرکا "یان کوشت ..." لۆرکا "
لەم رستەدا بوو کە من مانای فاشیزم زانی :

هەیڤ و بەیان و خۆرکوژ
خوێن مژانی چرۆ و گوڵ ...

* * +*

بەهارێکم خەڵات کەن بتکێتە ناخی زستان
هەتاوێک بە شەو هەڵبێ .
شاعیرێک ، چەشنی کراس
پێستی لە لەشدا ماڵن .
شاعیرێک کە ژیانی
زیندانێکی ئەوتۆ بێ ، بەبێ شەوو بەیانی
شاعیرێک قسەی وەکوو "شاندۆرپتۆفی" وابێ و
وەک "جەلیل" خاوەن هونەر
لەگوین "سابیر" دەردەدار ، وینەی "نازم" دەربەدەر ،
شاربەدەر وەک "لێرمانتۆف" ،سەربازێک وەک "شۆچینکۆ" .
گیتارم خەڵات بکەن ، کەمانێکم پێ بدەن .
جا تەل گەلی دۆمانەی ئەم دڵەم بلەرزێنن .
"من رۆلەیەکی دۆمم"
پشتاو پشت بیابانیم .
لەو رۆژەوە کە دنیام بەو چاوانەی خۆم دیوە
" ئیسپانیام بە زێد و نیشتمانم ناسیوە ."
نا ، ئاگرێکم دەنێ،بە لرفەی بلێسەی گەش
تاکوو لەودا بسووتێم وەک "جۆردانۆبرونۆ !"
" لۆرکا " ، " لۆرکا " ، ئاگر
ئەمەیە بەشی شاعیر ،
کە بەرزترین راستی هەر لەمەدا بەدی کرد .
خونکارەکان ، بۆخۆیان
بە ورینگەی شاعیر لەخەو رادەپەڕن وهەڵدەستن ،
بەڵام لە ئەو تۆقیون !
زیندانان دروست دەکەن
خەرمانی گڕ هەڵدەکەن
دڵانی پڕلە خورپەی گۆرانی دەوەستێنن
کورتەی قسە کەمانێکم خەڵات کەن
جا تەل گەلی دۆمانەی ئەم دڵەم بلەرزێنن



ئێمە و خوێنەر

تكا لەخوێنەرانی بەڕێزی سروە دەكەین ئەم خاڵانەی خواروو لەبەرچاو بگرن :

١- نووسراوەكان بە خەتێكی خۆش بنووسن وابێ بۆ خوێندنەوەی تووشی گیروگرفت نەبین .

٢- لە دیوێكی كاغەز بنووسن .

٣- ناونیشانی خۆتان تەواو بنووسن تا وەڵامی نامەكانتان بە دەست بگاتەوە

٤- ئەگەر بابەتی وەرگەڕاومان بۆ دەنێرن ئەسڵەكەشی بۆ بەراورد و هەڵسەنگاندن بۆ ئەم ناوەندە بنێرن .

٥- ئەگەر دەگونجێ نووسراوەكان لە دوو لاپەرەی گۆوارەكە پتر نەبێ بۆئەوە جێگە بۆهەموو بابەتێك ئاواڵە بێ .

٦- دەستەی نووسەرانی سروە وەك گۆوارێكی فەرهەنگی-ئەدەبی دەتوانێ لەباری ڕێنووس ورێزمانەوە دەست لە نووسراوەكان وەربدا .

٧- ئەو بابەتانەی بۆ ئێمەی دەنێرن لەبابەگانی- دا هەڵدەگیرێ و نادرێتەوە بەخاوەنی تكایە نوسخەیەك لای خۆتان رابگرن .

دەستەی نووسەرای سروە

یەزد : مەهدی سولەیمان

چەند نموونە لە شیعرەكانت بنێرە با دەستەی نووسەرانی سروە رای لەسەر بدا ئەگەر بۆ چاپ ببێ چاپ دەكرێن .

مەریوان : ئەحمەد قادری

نامە جوانەكەتمان پێگەیشت . پڕە لەسۆزوهەستی دڵسۆزی و عەلاقە هانی داوی و تۆش پێت خۆشە سروە بێ عەیب بێ .

براگیان ، ئەوە هەر زمانی كوردی نیە كە وشەی لە زمانەكانی دیكە وەرگرتووە . جا ئەو وشانەش دەستەی نووسەرانی سروە (بە قەولی ئێوە)نەیدزیون بەڵكوو خەڵك لەكاریان دەكا جا هێندێك كورت كراونەوە و دەستەیەك وەك خۆیان ماونەوە و دەستەیەكیش مانایان لەدەستداوە وەك وشەی " ئیختیار " لە فارسی دا مانایەكی دیكەی هەیە كە لە كوردی دا بە پیر وپەك كەوتە دەڵێن . یا خانەوادە لەكوردیدا بە مانای نەجیب بەكار دێ.

جا بۆیە هیچ پێكەنینمان نایەوهیواداریں تۆش هەروا دڵسۆزانە یارمەتی سروە بدەی.

بانە : ئاوارە

ئێمەش وەك تۆدەڵێین ژن نیوەئینسان نیە وبیرو باوەڕی ئیسلامیش وا نالێ. ئەگەر مەبەستت میراتە ئەوە هۆی ئابووری وكۆمەڵایەتی هەیە ووەختی خۆی باسی لێ دەكەین .

بۆكان :سوهەیلا هونەرپەژوو

لەوە كە سروە جێگەی رەزامەندی ئێوەیە بۆئێمە جێی شانازی یە ولەهەستی پاك وخاوێنت سپاس دەكەین

داواكەتمان دا بەدەستەی نووسەرانی سروە و خوا

یار بۆ لە ژمارەکانی داهاتوودا ژیاننامەی مامۆ - ستا هەژار بڵاو دەکەینەوە

شنۆ: پەریزاد عەبدوڵڵا

سپاسی دیاری یە جوانەکانت دەکەین وهیواداریین وەک هاوکاریکی دڵسۆزی سروە یارمەتیمان بدەی .

........:عابید رەشیدی

نرخی جڵدکراوەی دوو ، ساڵەی سروە ٢٨٠ تمەنە و دەتوانی لە نوێنەری سروە لە شارەکان وەری بگری یا پارەکەی بە حیسێبی ژمارە ٥٤٠٠ ی ئینتشاراتلەبانکی سپەدا بنێری تاجڵدکراوەی دووساڵەی سروەت بۆ بەرێ بکەین .

قزڵ گومبەد: خدر فەللاح

سپاسی هەستی بەتینت دەکەین. نووسیوتە تاسەعات دەی شەو لە تاران کار دەکەم و دوایە دێمەوە سروە دەخوێنمەوە.من ماندوو و شەکەتم سرووش وەک مەجلیسێکی گەرم و خۆشە و دڵم نایە بەجێی بێڵم...

داوات لێ دەکەین بەو قەڵەمە جوانەت یاریدەی سروە بدە .

بۆکان : **جەعفەررووحی زادە**

نامە جوانەکەت گەیشت . شیعرەکانت لە ڕێنوێنی ئەدەبیدا وەڵام دەدرێتەوە.

وێنەی داشبەندت کە بۆ ناردووین هەروا ماوە و هێندێک لەباری فەننی وێنەگەری یەوە کەموکووڕی هەیە. و بۆ پشت بەرگ نابێ. بەهیوای خوا وەختی خۆی کەلکی لێ وەردەگرین .

نەغەدە: **سمایل شەریفی**

وێڕای جوانترین سڵاو سپاسی هەستی بەتین و خاوێنت دەکەین سەبارەت بە گۆواری سروە.

براگیان،ئەگەر نووسراوە - یەک لەژمارەیەکی سروەدا نەبوو نیشانەی بەکار نەهاتنی نیە بەڵکوو نۆرەی نەگەیوەتێ.

دیاری یە جوانەکانت لە بەشی "دیاری"دا چاپ دەکەین و هیواداریین هەروا دڵسۆزانە بەهاوکاری لەگەڵ گۆواری دڵخوازی خۆت **درێژە** بدەی ولەم دیاری یە جوانانەمان بۆ بەرێ ، بکەی .

سەقز: زاهید کازمی

بەشی هەوەڵی وتارەکەت جوان بوو. تکایە بەشی دووەمیش بنێرە با پێکەوە بەراورد بکرێن وپاش رای دەستەی نووسەران بۆ چاپ ئامادە بکرێن .

ئەم وتارانەی باسیشت کردوون بۆمان بنێرە دەیخە- ینە بەر دەستی دەستەی نووسەران تا رای لەسەر بدەن و بڵاو بکرێنەوە.

نامەو دیاری ئەم ئازیزانەشمان پێگەیشتووە سپاسیان دەکەین وهیواداریین وەک هاوکارێکی باش پێوەندی خۆیان هەڵنەبڕن.

کەرەج :**خوشکەفەریبا مەقسوودی**
کرماشان : **موزەففەر جەلیلیان**
ورمێ : **رەشید گولابی ئازەر**
بۆکان: **مونیرە فەیزە**
یۆگۆسلاوی: **ئەنوەر کۆچەر**
کۆپنهاک : **فەرهاد پیربال**
بۆکان :**فەتاح شەریفی**
سەردەشت :**بەختیارحەسەنی**
تاران : **عەلی سدیق تۆفیق**
کرماشان : **محەممەد کەریم جەوهەری**
بەندەرعەباس : **جەعفەر هەمزەیی**
خانێ: **سەید نەجمەدین عەبدوڵڵا پوور**
نەغەدە: **دیاری غەفووری**
بۆکان : **ئەحمەد رەحمانی**
بوکان : **نادر مستەفا زادە**
بانە : **عەلی حوسێنی**
بوکان: **شەریف عەرەبی**
خانێ : **عوسمان مستەفاپوور** ،
سنە : **عەلی خانی**
شنۆ : **خ - ساڵح**
مەهاباد: **یووسف قازی**
سنە : **فەرزین ئەسەدی**
خانی: **عەلی پورش**



تەنزی کۆمەلایەتی

خانووی تازە....؟!



ئەحمەد مەولانی

زۆر لەمێژبوو پێوەبووم بچمە ماڵی سولەیمانی هاوالم. بەلام لەبەر کار و باری زۆر وتێکۆشان بۆ لە نێوبردنی تەنگ وچەلەمە ـ کانی ژیان ، هەلێکی وام بۆ هەلنەکەوتبوو. پاش نیوەڕۆی رۆژێکی هەینی مانگی گەلاوێژی هاوینی رابردوو لێ بڕا مهەرچۆنێک بێ ئەو کارە بکەم .

سولەیمان هاوالی زەمانی قوتابخانەم بوو . زۆرمان یەکتر خۆشدەویست .سالێک لەمەوبەر بوو کە ئەو لێ بڕا خانووبەرەیەک دروست بکات . دوای ئەوە دەستی بە سازکردنی خانووبەرەکەی کرد. زۆر جاران لەنێو شاری تووشی دەهاتم. دەمدیت کراس و پانتۆلێکی کۆن و تۆزاوی لەبەردایە و ریش هاتوو سەر ئالۆز خەریکی کڕینی خشت وسمیت وئاسن و گێچ و قسل و کەرەسەی پێویستی ترە بۆ خانووبەرەکەی. بەلام لەگەل ئەوەدا تاو سووتاندبوی و تەواو رەش هەلگەڕابوو. هەر فیکەی سمێلی دەهات و دەیگوت :

کوڕەکاکە ئەگەرخانووی خۆم هەبێ نانیش نەبێ بیخۆم قەیدی ناکات! بەس نیە لەدەست کرێ نشینی نەجاتم دەبێ !

نێزیکەی مانگێک دەبوو سولەیمان مالەکەی گوێزتبۆوە و چووبووە نێو خانووەکەی خۆیەوە. جابۆیە پێویست بوو پێوەی بچم ولەنزیکەوە پیرۆزبایی پێ بلێم .

هەرچەندە گیرفانم بەتال بوو بەلام نەدەکرا بە دەستی بەتالەوە بچم.جا لەبەر ئەوە سەرەڕای پرتە و بۆلەی خێزانم دەستم دا ئەوئاوێنە گەورەی دەمێک بوو کڕیبووم بەلام لەبەر بێ جێ و ڕێ یی وەبەر دەستانمان نەخستبوو .

سەرت نەیەشێنم ساز بووم و بەرەو مالی سولەیمان وەڕێ کەوتم. مالەکانمان ئەوسەرەوسەری شار بوون . بە پێ یان نەدەگەیشتمێ. سواری تاکسی بووم. بەلام کاتێ دابەزیم هێشتا مەودایەکی زۆری مابوو بگەمە مالیان .تاکسی لەبەر کەندوکلۆی ڕێگا نەیدەتوانی چی دیکە بڕوا . ئەوجار بە پێ یان ملی ڕێگام گرت . لە چەند کۆلانێک تێپەڕ بووم وپاشان لە شەقامێکی گەورەی پڕ لە

خۆڵەمڕە پەڕیمەوە و پێم
نایە ناو ئەو مەڵبەندەی
کە وا لە لایەن " سازمانی
زەمینی شاری"یەوە درابوو
بە خەڵک بۆ دروستکردنی
خانووبەرە.

ئەو جێگایە بەیەرقەدی
کێوێکەوەیە کەهەتا نیوەی
کێوەکە کراوەبەخانووبەرەی
دوو نهۆم وسێ نهۆم. جا
کەوابوو دەبوا چەکەی ملم
بکێشم و بە بارەوە لەو
هەورازە وەسەر کەوم. هێزم
هێنا بەر خۆم وڕێ کەوتم.
کۆڵانەکان پڕبوون لەقوڵکەو
کەندەڵان و گابەردی زەلامکە
لە کێوەکە هەڵکەندرابوون
و ڕێگایان لە ڕێبوار
بڕیبۆوە. هێشتا زۆر
نەڕۆیشتبووم کە ئارەقەم
کرد و وەهەناسەبڕکی کەوتم
ناچار برێک ڕاوەستام هەتا
ماندووم بحەسێتەوە.دیسان
کەوتمە ڕێ.سەرتان نەیەشێنم
بە چوارپێنج وچان گەیشتمە
کۆڵانەکەی ماڵی سولەیمان.
ماڵەکەیانم نەدەزانی کامە
درگایە. پێنج شەش منداڵ
لەبەر دەرکی ماڵەکان لە
سەر کۆما خیزێک خەریکی
کایەکردن بوون. لەوانم
پرسی یەکیان گوتی:

ئەو کاک سولەیمانەی
کوڕەکەی نێوی هێرشە؟گوتم:
ئەرێ وەڵڵا ڕاست بۆخۆیەتی.
گوتی:

هۆو درگارەنگ نەکراومیە
کە لە سەرووی هەموو ماڵە-
کانەوەیە!

لەدڵی خۆمدا گوتم ماڵت
ئاوەدان بێ خۆتۆ چوویە
کێوی قاف! کوتام ورۆیشتم
گەیشتمە بەردرگاکە بەڵام
ماندوو هیلاکبووم دەتگوت
لە گەڵی کورتەکی وەسەر
کەوتووم.

لە درگامدا هیچ باس
نەبوو. دیسان لە درگام
داوە کەس جوابی نەدامەوە
کەمێک لە درگاکە دوور
کەوتمەوە وروانیمەپەنجەرە
و دەلاقەکان .سەری منداڵێکم
دی کە لەگەڵ چاوی بەمن
کەوت سەری بردەوە ژوور و
هاواری کرد:

بابە،بابە، کاکحوسێنە
کاکحوسێنە! پاش ماوەیەک
سولەیمان بۆخۆی درگاکەی
لێ کردمەوە. پاش سڵاو و
چاک وخۆشی چووینە ژوور
هێشتا دانەنیشتبووم.هاوارم
لێ پەیدا بوو گوتم:

کاکە لە تووینیان خنکام
چۆڕێکم ئاو دەنێ!

منداڵەکانی لە دەورم
دانیشتن و سولەیمانیش
ڕۆیشت.دوای ماوەیەک
گەڕاوە و لیوانێکی ئاو بۆ
هێنام و گوتی:

زۆر خەجاڵەتمسەهۆڵمان
نیە ڕەنگە ئاوەکەمان زۆر
سارد نەبێ!

ئاوەکەم لێ وەرگرت
بەڵام گەلێکم پێ سەیر بوو!
چۆن دەبێ ئاوی ساردیان
نەبێ ؟! پیرۆزبایی
خانووبەرەکەم لێکردوگوتم:

لێتان موبارەکبێ بە
سەرودڵی خۆش. نانی حەجی
تێدا بخۆین ئیشەڵڵا.......
هێرش و هێرۆ و هیوا
هەرسێکیان گوێیان دابووە
قسەکانمان و چاویان لێ
نەدەترووکاندین . چاوێکم
لە وڵاتگێڕا هەتا بزانم
خانووبەرەکەی چۆن ساز
کردووە. ئەو جێگایەی
لێی دانیشتبووین هاڵێکی
گەورە بوو کە هەموو
دیوەکانی دیکەی لێ دیار
بوو. دیوارەکان بە
گێچێکی بۆر و ناشیرین
گێچ خاک کرابوون. درگای
دیوەکان بە ڕەنگ نەکراوی
مابوونەوە و پەنجەرەکان
ژەنگیان هێنابوو. هەموو
دیوەکان جگە لە هاڵەکەو
وەتاغێککە مۆکێتیان تێدا
ڕاخرابوو چۆڵ بوون و
هیچیان تێدا نەبوو. پێم
سەیر بوو، لەخۆم دەپرسی
بۆچی تا ئێستادیوەکانیان
ئاوەدان نەکردۆتەوە و
شتەکانیان ڕانەخستووە؟!
سولەیمان بۆوا دژ داماوە؟
منداڵەکانی بۆچی ئاوا کزو
مات و بێ گەشە و نەشەن ؟!
خێزانی بۆ دیار نیە؟ وڵات
بۆ وا شپرێوە ؟ ئەو
پرسیارانەم بەدڵ داهات
بەڵام لەرووم هەڵنەهات

لێی بپرسم. جا بۆ ئەوەی سولەیمان لەسەرسوڕمانەکەم نەگات و دوایی بە بێ دەنگی یەکە بێنم لە بارەی ساز کردنی خانووبەرەکەیەوە دەستم کرد بە پرسیار کردن. سولەیمان پاش برێک رامان گوتی :

وەڵڵاهی کاکە خۆ راستە ئێستا لە خانووی خۆم دام و کرێ خانوو نادەم ، بەڵام بریا هەر کرێ نشین بایەم و خانووبەرەی ئاوام لەو بەندەنەی نەبوایە!! بە بیستنی ئەو قسانە واق وڕمانەکەم لێ بوو بە سەرلێ شێواوی. تەواو حەبەسام مەگەر سولەیمان تەنیا ئاواتی لەمێژینەی ئەوە نەبوو منداڵەکانی لە خانووی خۆیدا هەڵسووڕێن ؟ ئەدی ئێستا کە ئاواتی وەدی هاتووە ئەو قسانە چیە دەیکا ؟ درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی :

بەڵەشی ناخێرم ویستم خۆم لە کرێ نشینی نەجات بدەم کەچی ئێستا لەدەست قەرزداری وەختە هەڵێم و روو لە کێوان کەم. هەزار رەحمەت لە قەبری پێشینیان چاکیان گوتووە :

" قەرزداری گولی یە " کورە خۆناوێرم بە راشکاوی بچمە نێو شاری. بەسەری تۆ بەزاتی خودای درۆی ، تێدا نیە. دوێنێ هێرشم لەگەڵ خۆم بردە دووکانێکی وێنەگری هەتا وێنەی بگرم



بۆ قوتابخانە . لە نێو دووکانەکە چاوم لە وێنەکان دەکرد لەپڕ چاوم بە وێنەی کابرایەکی ناسیاو کەوت هەر ئەوەندە بوو دڵم نەتۆقی. وەکوو بەرق بمگرێ یەک بەخۆم هەڵبەزیمەوە ! پاشەوپاشکشامەوە و لە دووکانەکە هاتمە دەرێ ! ویستم هەڵێمەوە بۆ ماڵێ و خۆم بشارمەوە! بەڵام لە نەکاو هەر وەکوو لە خەو راپەڕم تێگەیشتم کە ئەوە وێنەی کابرایە نە خودی ئەو ! دوو مانگ لەوەپێش شووشەم لێ کڕیبوو بۆ ئەو بەقوڕێ گیراوە و نزیکەی دوو هەزار تمەنی پێ قەرزدار ماوم ! حاڵی بووی کاکی خۆم خانووبەرە ئاوای ترسەنۆک و خوێڕی کردووم . نامەوێ بەدەردی خۆمەوە تۆشتووشی ژانە سەر کەم بەڵام بۆ ئەوەی برێک مەبەستت بۆ روون بێتەوە پێویستە مەسەلەکەت بەکورتی بۆ بگێڕمەوە .

سیغارێکی داگیرساند و بەهێرشی گوت :رۆڵە برۆ بزانە سەماوەرەکە نەکوڵێ؟ چایەک بخۆینەوە .


پاشان بە نارەحەتیەوە دوو مژی توندی لە سیغارەکە دا و گوتی :

بۆخۆت دەزانی ئەو پووڵەی وەری دەگرم بەحاڵە حاڵ پێی بەرێ دەچم و هیچم بۆ پاشەکەوت ناکرێ. کەوابوو ئەمن بێ ئەوەی پووڵێک بە خۆمەوە شک ببەم دەستم بە قوڕەکاری و خانووبەرە ساز کردن کردووە . کاتێک زەمینم وەرگرت و دەستم بە کار بووم هەشت نۆدە هەزار

تەمەنم هەبوو. چوومەوە ئاوایی بۆلای بابم بەڵکوو وەکهەمیشە یارمەتێکم بدات. ئەویش‌دەستی بە رووە نەنا ولەودوومانگا-یەی هەیبوو یەکیانی بۆ فرۆشتم وپووڵەکەی دامێ. خێزانیشم برێکی زێڕ هەبوو فرۆشتمان. بەو پووڵانە کە نزیکەی هەشتا هەزار تمەن بوو بناغەی خانووبەرەکەم داڕشت و لەخەندەکم دەرهێنا چونکە دەبوو هێندێک لە کارەکانی بکەم جا ئەوجار بانکوامی دەدامێ. پاش هاموشۆیەکی زۆر بە چوار جاران سەدوپەنجا هەزار تمەنم وەرگرت. بەڵام بەو پووڵەش کاری خانووبەرە-کەم تەواو نەبوو. پەنامبۆ یەکدوو کەس لەهاواڵەکانم برد. ماڵیان ئاوەدان بێ لەگەڵ تۆ دەستیان گرتم کەچی خانوو هەر دوایی نەهات. ئەوجار دەستم کرد بەشت فرۆشتنی نێوماڵ. فەڕش و تەلەویزیۆن و یەخچاڵ وبرێک کەل وپەلی دیکەشم فرۆشت وهێندێکیش بە خەڵکی قەرزدار مام. لە ئاکامدا خانووبەرەکەم ئەو جۆرەی کە ئێستا دەی بینی بۆ تەواو بووە. هەڵبەت بەرق و ئاویشم بۆنەکێشراوە لەو ماڵانەی جیرانمان ئاو دێنین و لە عەمباراوی دەکەین. شەوانەش لەبەر چرای گرسۆز دادەنیشین.

حەوتووی رابردوو بە خێزانم گوت ئەو جووتە گوارە زێرەی ماوتە بمدەیە بی فرۆشم. بەڵکوو ئیمتیازێکی ئاوی پێوەرگرم بەڵام هەرچی حەولمدا بۆم رازی نەبوو.

چت لێ بشارمەوە لەسەر ئەو مەسەلە بەشەڕ هاتین و لەو دەمەوە تۆراوە و ئەو منداڵانەی بەسەردا بەجێ هێشتووم.



هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو منداڵەکان دەستیان کرد بە گریان و فرمێسکهەڵوەراندن بۆ دایکیان. سولەیمانیش‌دڵی پڕ بوو بەڵام بەبیانووی چایی هێنانەوە هەستا رۆیشت بۆ دیوەکەی دیکە.

کاتێ ئەو بەسەرهاتە دڵتەزێنەم بیست و گریانی ئەو منداڵە بەستەزمانانەم چاو پێکەوت، غەم و پەژارەیەکی زۆر دایگرتم هێندەی نەمابوو ئەمنیش وێرای ئەوان دەست بکەم بە گریان بەڵام هەر چۆنێک بوو خۆم راگرت و منداڵەکانم ژیر کردەوە. برێکیشم دڵ خۆشی سولەیمان داوە و پاشان چایەکم خواردەوە و هەستام.

تەنیا کارێکی توانیم دەرهەق بەو هاواڵە خۆشەویستەم و منداڵەکانی بکەم ئەوە بوو چووم بۆ ماڵی بابی خێزانی سولەیمان و برێک بەسەر براژنە مەنیج داهاتم و لەگەڵ خۆم هێنامەوە بۆ ماڵی خۆیان.

کۆچ و کۆچبا

ڕ. ڕەسەشەحمەدی

لەپێشدا داران بەکێلیز دەچەقێنن . وەکی دەزانین کێل(لـــا) ئاوایە. و ئەگەر سەروبن کرێ (ࢯ) ئاوای لێدێ. یانی دوو داری دمدوولک کە بەرینایی هیندێک لە بەرینایی چیغ پترە دەچەقێنن وچەڵەکەیەکی داوێنە سەر.

بەرزایی کێلیز دەبێ ئەوەندە بێ کەچیغ کەردەستی بگاتێ. بەڵام بەعام **بەرزایی چیغ گەزو نیوێکە و بە مەودای دەسانت ریزێکی بەن تێهەڵدەکێشن** . چیغ هەتا بەنی پتر تێهەڵکێشن "**بەکرتر**" یا بە پشت تر دەبێ .

بەردە چیغ :

بەردێکی لووس و درێژە ولەبارە وبەقەت قولانجی مێرمنداڵێک درێژە و بۆ گلۆلەبەن هەڵکردن بەکاردێ.

ئەم جۆرە بەردە لە چۆم و-دەراوان زۆرە.

شێوەی گلۆڵەهەڵکردن :

دوو سێ گەزبەن لە بەردەکە داڵێنن وقوڵفەی بۆسازکردنی چیغ لە پێشدا دوو دوو لەیەکیان گرێ دەدەن ووەک تیر بەسەر چەڵەکەی کێلیزیاندا ، دێنن .

چیغی ئاسایی سێ گلۆڵە بەنی دەوێ .پازدە لەمدیوو پازدە لەو دیو. بۆ ئەوە بەنەکان لەریزی خۆیان نەترازێن دارچەڵە لەشوێنی بەنەکان لەلە دەکەن.هەوەڵ شووڵ بە ئیشتیای خۆیان لە بەنەکان قایم دەکەن بەڵام بۆ شووڵەکانی دیکە هەموو جارێ گلۆڵەکان بەسەر دارچەڵەدا ئەمدیو ئەودیو



دەکەن، دەنا وەختی ئەمدیو ئەودیو کردنی گلۆڵە وە شاتلۆرە دەکەوێ و لە بەریەک هەڵدەوەشێتەوە. جا پێدەکەن. بەمجۆرە تا دێ چیغ زیاد دەکا . وەختێک گەیشتە نێوەراست دەڵێن **نیوەبەر** وکاتێک لەسەر

کێلیژڕا گەیشتە عەرز مەڵبەندی ئێمە لە دەم
دەڵێن **بەرێک** تەواو کراوە. رووباری «ژاراوێ» شین دەبێ
بۆجوانی هەموو بەر و ماڵێکی دەستی بڕوا چیغی



نیوەبەرێک لەجیاتی قامیش چوار پێنج سوورە شووڵ دائەنێن . ئەم شووڵانە بەرجی ئەوە چیغەکە دەنەخشێنن ، زۆریشی قایم دەکەن .

لە کوردستان شووڵ و قامیش بڕین کاری پیاوانە، **چیغ کردن کاری ژنانە.**

لەم شوێنانە کە هێشتا چیغ کردن ماوە پایزان کچ وەبەر ناکەون و هەر رۆژە لە ماڵێک بە گەلەکۆمە چیغی ماڵێک تەواو دەکەن . بەمجۆرە تا هەوار چیغی هەموو ماڵان حازر دەبێ.

جۆرەکانی چیغ :

چیغی کرتوو:

جۆرە قامیشێکی نێو پڕە تا بڵێی جوان ورێک ولووس ولەبارە، بەڵام لە هاتو چۆدا قورسە. **کرتوو** لە کرتوو ساز دەکا. گەڵای کرتوو وەک کەوەری یەکساڵە دەچێ وپیاو بەزەحمەت لەگەڵ **سێ سو** لێکی دەکاتەوە وهەروەکی ئەویش



بۆ باقەبێن دەبێ.

بۆ سەری گیشە وقۆڕی بەکەلکە وئاو نادەڵێنێ. هاوینان کۆل کۆل و پۆل پۆل نێری دەکەوێتێ و لە باڵای پیاو بەرزتر دەبێ.

سوورە چیغ:

لە قامیشی نێوکلۆر ساز دەکرێ. زۆر جوانە و بۆ هات وچۆ سووکە.بۆوەی قایمتر بێ هەموو نیوەبەران چوار پێنج سوورە شووڵی لاوێنی تێهەڵدەکێشن . جوانترین نەخش بۆ ئەم جۆرە چیغانە ،**نەخشی شیرو مەتاڵە** کە کچە چیغ کەر سازی دەکەن. وەستایانە بەنەکان راست وچەپ، ئەم دیو ئەودیو دەکەن ونەخشی شیرومەتاڵ دەکەوێتە **کرەکە-یان .**

چیغی زڕبیزا :

زڕبیزا گیایەکی کوێستانی یە.دۆپی* واهەیە گیا دروەکەی زڕبیزا دێنێ کە ماڵات کەیفی پێی نایە. هاوینان وەختایەکی لەوەڕ ناخۆش دەبێ بزن بە نابەدڵی گەڵاکەی دەقرتێنێ. نێرتکەکانی

یەک یەکە بۆچیغ دەبن*. زۆر قورس و نالەبارە و چیغەکەی چیغی ناعیلاجی یە. بۆ ئەوە کە زۆر دزێو نەبێ نێوە نێوە لاوێنی داوێنی .

لاوێن :

چەشنەبی یەکی شلک وباریکە کە زۆرتر لەدم رووبار شین دەبێ وکەمتر بۆ ئاڵوو



دار دەبێ .

چەتان :

جۆرە چیغێکە لە شووڵ ساز دەکرێ. بۆ سازکردنی لە بەنی ئەستوور و شووڵ کەلک وەردەگرن. لەهەرێمی دەشتەکی دەیکەنە **وارشی عارەبە** وترێلی تراکتۆر و بۆکێشەوی **کاوگزرە** کەلکی لێ وەردەگرن.

تا چیغ دوایی نەیە کاریان بە رێک وپێک کردنی سەروبنی نیە. وەختێک تەواو بوو سەروبنی لەسەر کۆلکەدارێک دادەنێن وبە **تەشوێ خشتی دەکەن**.ئەمجار کۆنەکوێنێک دێنن و بە بەرینایی **کەژوو** دایدەدڕن و **سەروبنی چیغی پێ کۆبە دەکەن.**

(دەسەروبنی چیغی هەڵدەدروون)

ئەگەر چیغ **کۆبە** نەکەن بنی لەعەرز دەخورێ و دەسوێ و سەرەوەشی وەختی باوباکوت دەکوێن هەڵدەچەقی ودەیدڕ- ێنی .

فرفرینگ یا بەروێنچکە

تاوڵی واهەیە هەشت چەڵەکەیە. دیارە دەبێ زۆر قورس وگەورەبێ وگواستنەوەی گەستەمە .لەبەرئەوە سەرتیکی* لێ نادروون تا بتوانن بە دووکەرەت رایگوێزن لە راستی سەرتیک نێوە نێوە لوولاکە حەیوان قایم دەکەن و لەبەرەکەی دیکەش هەر بەمنێوانە قولفە بەنی داوێنێ. لەکاتی تاوڵ هەڵدان **قولفە** ولوولاک لێک قایم دەکەن و بەم جۆرە چادر دەبێتە یەکسەری.

کەپر :

کەپر سانی ترین وهەرزا نترین سەرپەنایە کە هەموو کەس دەتوانێ سازی بکا، بەو مەرجە هێندێک خۆ ماندوو بکا.


کەپر پێویستی بە چوار کۆڵەکەی سەربەدوولک هەیە هەتا کۆڵەکە پتر بێ کەپر قایمتر دەبێ.بنی کۆڵەکەکان وەک مەزرەق دادەتاشن .

عەرزی بۆ هەڵدەقەنن بەڵام بۆ ئەوە کەقووڵکە- کان لەرادەی پێویست بەرین تر نەبن بەدمە خاکەنداز هەڵیدەقەنن.ئەوجار بنی کۆڵەکەکان لە قووڵکە دەنێن وبەردی بە بەرەوە دەکوتن تا شەق راوەستێ و لەقە نەکا.

هەرکە کۆڵەکە بنەگر بوو دارچەڵەی داوێنە سەر و دوایە داری بەسەردارایەڵ دەکەن.ئێستا کەپر قایمە و یەک دەتوانێ بچێتە سەری و تێک نەقرمێ. جا ئەوجار وردە وردە لە خوارەوەڕا، چرپی ولقەداری بەگەڵاوە دەدەنە دەست کابراوئەویش بانی کەپرەکەی پێدادەپۆشێ.

بۆئەوە باو باکوت چرپی یەکان نەڕفێنێ بەردی پان پانیشی لەسەر دادەنێن.

کەپر لەتاوڵ فێنکترە بەڵام لەحاند رێژنەبارانی بەغورەمدا چی پێ ناکرێ



ئەحمەد بەحری

داری ساڵە

زمان ئەو ئامرازە گرینگە خواپێداوە، وێنەی دارێکی پڕ لک وپۆیە. بێتو خزمەتی نەکرێ، کلۆڵ* دەبێ وئیشک هەڵدێ. دیارە ئیشکەڵیش ئاخری دەکەوێتەبەر تەوری زەمان ودێ بەتووشی تەندووری فەوتان. داری بێ پەرژینی زمانی کوردی، هەروەک ئەو داربەڕووەی لەلێڕ رووا وە و چنگی لەبەندەن داکوتاوە وەیا ئەوگەنمە خێرۆکەی* کە بەبێ سە ڕافەتی خاوەنی هەموو ساڵێ بەنم نمی بارانی رەحمەت دەبووژێتەوە، هەتا ئیمرۆ خۆی راگرتووە وبەختەوەرانە نەبۆتە کلۆی سەر قەننەوچەقەنەی ئاش، بە ناشکوری نەبێ ئێمە نەئەو نەتەوەین کەنووسەری هەندەران بەشانازی‌یەوە نشانگەکانیان بەزمانمان نووسیبێ وەنەئەو نەتەوەین کەبەسێ سەدوچوار سەد شاعیر شێعریان پێ هەڵبەستبێ. بەڵکە ئەو نەتەوەین کەهەتا ئەو سەرو بەندانەش تەنانەت نووسەرانی خۆماڵیش ناموێیان* لێ دەکردین ولێمان دەپرینگانەوە! ئەگەر تاق ولۆقیش هەڵکەوتبا تەگەرەی* پڕ سەمەرەی دەخرا سەر رێ ولەرێ بەدەر دەکرا. دیارە هەر زمانێک هەل ومەرجی ئاوای بۆ بێتەپێش ئاڵ وگۆڕی بەسەر دادێ. ئێستا ئێمە ئەو ئاڵ وگۆڕی‌یە لەشارەکانماندا بەجوانی هەست پێ دەکەین. ئەوەی ئیمڕۆ ئەوان پێی

دەئاخوێن تەنیا قاپۆڵکی زمانەکەمانە! بەختەوەرانە ئاخاوتنی گوندییەکانمان نەگەیوەتە ئەو قۆناغە. ئێستاش بۆ ئەوە دەبێ پشتی پێ ببەستی وبیکەیە شارە. زمان لەدێ داپوختوپاراوی خۆی کەمتا کورتێک پاراستووە بەیت وباوەکان هەروا بەرمێنن* .ئێمە ئەگەر دەمانەوێ زمانێکی پوخت وپاراوی ئەدەبیمان هەبێ پێویستە رووبکەینە گوندەکانمان، شێوەئاخاوتن وبەیت وباوەکان رەچاوکەین وکەلکیان لێ وەرگرین وبە زمانی ئەوان بنووسین.هەتا بتوانین هێدی هێدی بەرەو دوندی بەرزی ئەدەب تێهەڵبینەوە. ئەگینا تووشی ئەو قەرقەش* وسەرلێشیواویە دەبین کە ئەوانی تر تووشی هاتوون وبۆ خۆشیان لە خۆیان حاڵی نین،چ بگا خەڵکی تر، وێدەچێ گوندکانیش بە دەردی شارەکان بچن .یەکێک لە بەڵگەکانی ئەمقسەیەم دوایین پشتی بەیت بێژانە بەداخەوە نەسلی داهاتوومان لەو هونەرمەندانە بێ بەش دەبێ. ئەو هونەرمەندانەی کەهەست ونیستیان بەیتە و شوێنێکی یەکجار گرینگیان خستۆتە سەر زمانەکەمان (بەتایبەت سەرشێوەی موکریا- نی). ناساندنی بەیت بێژان چەند قازانجی بنەڕەتی هەیە کە دەتوانین قامکیان لەسەر دابنێین، بۆوێنە هەست بەئەمەگداری کردن ورێز لێنان لە هونەرمەندانمان هەروەها ناسینی ئەوهونەرمەندانە بەبەرەی داهاتوو کە بە گوتنێ لەنگەریان بە تەێران دەبەست. کەوایە وەرن بۆ پاراستنی کەلەپووری نەتەوایەتیمان تێ بکۆشین. ئەو بەیت بێژەی کەئەمجارە پێتان دەناسێنم، بێجگە لەوەی یەکێکە لە بەیت بێژە هەرەگەورەکان، هاوچەرخ وهاونشینی زۆربەی بەیت بێژەکانی ئەم سەدەیەی ناوچەی مەنگوڕی مەهاباد یشە. لەسەرەتای هاوینی ساڵی ۱۳۶۵ چووینە خزمەتی وت و وێژمان لەگەڵ کرد. گەرچی ئێمە مەبەستمان سەرگوزەشتەی خۆی بوو، بەڵام ئەو زۆرتر لە بەیت بێژانی کۆن دوا! ئەوەش کورتەیەک لەو وت و وێژە:

بە" حاجی ساڵەتەورە "مەنشوور- م" ماڵم لەگوندی"قۆزلو"ێ چووکە. لەگوندی " کیتکە" لە دایک بوومە. بابم نێوی مینەیە ودایکم نێوی خانمێیە نیزێک ۹۵ساڵم تەمەنەسەرێکی لە"بەرەجۆ" بووین، لەوێرا چووینە " خەلێفان"۱۵ ساڵ لەوێ ماینەوە ،دیسانچووینەوە کیتکە. هەروا لەو بەینە رامان بوارد هەتا لێرە گیرساینەوە (واتا :قۆزلوی چووکە) .هەر لەسەروبەندی منداڵییەوە بەیتم گوتووە بەجعێڵی* بۆداوەتانیشم دەگوت .زەینێکی چاکمهەبوو ئەوەی بەرۆژ بیستبام بە شەو هەمووم وەبیر دەهاتەوە. لە بەیتەکان زۆربەیان دەزانم جارێکی کابرایەکی ئەلمانی هاتبووە قۆزلوێ گەورە. لە دوایان ناردم، چووم بۆمگوت ئەویش زەفتی کرد وبردێوە ئەلمان، بیست ساڵ دەبێ.

دەکرێ بفەرمووی لە. بەیتەکان کێهانە دەزانی؟و ئەوانە لەکێ فێر بووی؟

لەبەیتەکان کاکەمیروکاکە شێخ، خەج وسیامەند، سایل محەممەد حەنیفە، سەیدەوان، مێرو وەفا ،شێخ فەرخ، مەحمودەشۆڕی مەرزینگان، سەعیدومیر سێوەدین بەگ، لاس وخەزاڵ، گەلۆ، سوارۆ، عازیزە، پایزە، شەوونیوەشەو گوڵەجوان، ناسرومالماڵ شێخی سەنعان ....دەزانم بەیتی سەعید ومیرسێوەدین بەگ لە" مەندە" فێر بووم شوعەرای وەک مەندەم کەمدیوە خەڵکی "لاجان"ێ بوو. هەرچی خودا داینا وە دەیزانی کەس دەنگ وئاواز وسەدای ئەوی نەبوو.

مەندە زۆرمەنشوورەبەیتی* لاس لە " ئەحمەدەکوێری کاڕەسووی" فێر بووملە " یەڵتەمر"ی مرد. مێرووەفا

مستەفا عەیزقۆیلەری" فێر بووم. خەڵکی "گردەبەردان" بوو، خۆش خوانێکی کەم وێنە بوو. سەیدەوان لە" عەولا، کۆڵی خدرشەمێ" فێربووم قەدیم خەڵکی " یەڵتەمر"ی بوو، لە " کولتەپە"مرد.خەج وسیامەند لە " عەولا گۆج " فێر بووم، شارویرانی بوو پێموایە خەڵکی "دارەلەک"ێ بوو.گەلۆلە ئەحمەدکەپۆسووری کانی رەش" فێربووم. بەیتی شێخی سەنعان لە "سەعیدی نادری"وە بەیتی محەممەد حەنیفەلە" حەمەقازی" فێر بووم. خەڵکی "خەڵیفان"بوو لەکێنتکە عەمری خولای کرد. ناسرو ماڵماڵی چاک دەزانی. بەیتی کاکە میرو کاک شێخ لە برایمی شەریفی" فێر بووم. بەیتی سایل لە" وسووی سمایلی" فێربووم، خەڵکی "بەرەجۆ بوو ئەویش مردووە.

— حاجی بێجگەلەئەوکەسانەی نێوت بردن، کەسی دیکەت پێ شک دێ کەبەیتی چاک زانیبێ؟"

— ئەڵڵاقیتک"م دەناسی خەڵکی " بێکۆس "بوو.چاکی دەگوت.عازیزە هەرلەزاری ئەو خۆش بوو. هەرچی مەدحی بکەی کەمە. ئەحمەدی شەنگ هەر ئەو گوتبای. ساڵێکی هاتبۆوە دیوەخانی خەلیفانێ.ئەمنیان برد هەتالێی فێربم.حوسێنی مینەی کوێخا ئەڵڵا" خەڵکی خەڵیفان بوو. پێموایە هەر لەوێش مرد. "عەولای ئەحمەد قاسمی" بەیتی شۆڕ مەحمودی مەرزینگانی دەگوت خەڵکی "داربەسەر"ێ بوو.دوایەهاتە" دارەگردەلەی". ئەگەردەیگوت دەستی داویشتە سەر دەسکی خەنجەرێ. هەرشیرن بوو. بیلێ.لەمێژ مردووە.

"ئەحمەدی مەلای مۆتانی"م دەناسی. دەتوانم بلێم دەنگی وەک حەزرەتی داودبوو.گوتن هەر بۆئەوی دەبوو. " مام رەحمانی ئاختەتەری"، "رەحیم شایەری قەباغکەندی" ،وسامە کوێری خەڵیفان"، "عەلیحەیران" کەلە کاسەکەران مرد، " کەریم مل خوار بەیتی کاکەمەمی چاک دەزانی. " کەریم شێخ لەری " بەیتی جوولەکانی دەگوت، " مام نادر" (نادرە کوێر) خەڵکی خەڵیفانێ بوو.بەیتی سەیدەوان وپایزەو.... چاک دەگوت.دەنگی زۆر خۆش بوو ودەرویش حەمەدی قەرەداغی " هەمووکەس دەیناسێ، هیچکەسی ناگاتێ.

— "حاجی داوای تەمەنێکی دوور ودرێژت بۆ دەکەین و هیوادارین هەتا دەرفەت ماوە ئەو گەواهێراتانە بخرێنە سەر شریت ولە فەوتان رزگار یان بێ"

فۆڕمی ئابوونمان   ژمارە

ناو............شۆرەت ....دانیشتووی ....

...... تمەنم بەحیسابی ژمارە ٥٤٠٠ ی شوعبەی ناوەندی بانکی سپەی ورمێ گرت و

فیشەکەم وێڕای ئەم بەرگە بۆ ناردن . لەژمارە.......ڕا هەتا ....گۆواری سروەم

بۆ بەڕێ بکەن .

ناونیشان ....

....

ڕێنوێنی ئەدەبی

مەهاباد: یۆسف ڕەسووڵی

نازانین ئەوە شیعرە یا پەخشانە؟

کەسێک کەنازی منی دەکێشا
دایک بوو
کەسێک کەگەنجی دونیای بە
من سپارد باوک بوو
کەسێک کەنیوەشەوبەدەنگی
گریانی من
وەک ئەسکەندەر ڕادەپەڕی
دایک بوو

...: عەلی پەناهی

شیعرەکانت گەلێک جوانن لەسەر کێشی خۆماڵین . بەلام بەداخەوە درەنگمان پێگەیشت ووەختی بەسەر چووە. ئەوە بەشێکی چاپ دەکەین .

بولبول دەخوێنێ دڵ
دەبزوێنێ
غونچەی باوەشی گوڵ
ڕادەژێنێ
گوڵ بە نازەوە بۆن
دەپرژێنێ
پەپوولەی شادی
دەهارووژێنێ
چاوەڕێی یارە دڵی
بێقەرار

عەلی شوکری:

شیعرەکەت لە باری وەزنەوە کەموکووڕی هەیە وەک:

نە هاژەی ماشێن نە
زرنگەی زەنگ
شارشار خامۆشان بازار
بێ دەنگ

یا:

دەمەوێ بزانم کێ وای
کردووی
کەوا سەرتاپێ تەواو
دامردووی

هێندێک جێگاش مانای نایە وەک:

بەتەرزێک ناجۆر زوڵمی
لێ کرام

لە هێندێک جێگا قافیەش لەبەرچاو نەگیراوە وەک:

بەسەهات وبەسەرهات
تێکرا و ڕێژا
ئاوارمان و دووکان
لانکدا وبۆرتمان کرا

تلفن ۳۵۸۰۰

چون خۆشەویستان ولایەنگرانی سروە لە دەروژووری وڵات بە نامەی جوان ورازاوە داوای "فۆرمی ئابوونمان"یان کردووە، ئەوە چۆنەتی ئابوونمان لە دەروژووری وڵات بەو شێوە رادەگەیەنین

نرخی	١٢	ژمارە بۆنێو خۆی وڵات	٢٠٠	تمەن
نرخی	١٢	ژمارە بۆ وڵاتە دراوسێکان	٣٨٠	تمەن
نرخی	١٢	ژمارە بۆ هیند وئورووپا	٤٢٠	تمەن
نرخی	١٢	ژمارە بۆئامریکا وخاوەری دوور	٥٠٠	تمەن

ناونیشان: اورمیە - صندوق پستی ٧١٧ - انتشارات صلاح الدین ایوبی - تلفن ٣٥٨٠٠.

بۆ ئەم خوێندکارانە کە لە زانستگاکانی دەرەوە دەخوێنن (ئەگەر بەڵگەی خوێندکاری خۆیان بنێرن) هەل و مەرجێک پێک دێنن کە گۆواری سروەیان بەنیوە قیمەت پێ بگا .

بایەوا ودایەوە

چاوەڕوانی شیعری جوانترین.

عوسمان پشکۆ :

بە بڕوای ئێمە ئێستا باوی ئەوە نەماوە خەڵک داوایەک بە شیعر بنووسێ بۆ وێنە فلان بابەت لە گۆواردا جێ بکەنەوە بەڵکوو شیعر هەستێکی دەروونی یە لە قالبی وشەدا بە رێک وپێکی دێتە دەر و قانوونی شیعری تێدا لەبەرچاو دەگیرێ .

سەلاح عەبدوڵڵازادە :

برا گیان بەرجی ئەوە شیعرەکەت لەباری وەزنەوە لەنگە ماناشی نیە وەک :

بخوێنەبا قەدری هونەر
دەرکەوێ لەپشتی پەردە
چون لەمێژگوڵی هیوا
هەیەتی خەمڵانەوەیەک

لەم چەند شیعرانەی تۆ کە تا ئێستا بە دەستمان گەیشتووە پێمان وایە تۆ ئەگەر بارێکی دیکەی ئەدەب جگە لە شیعر بگریە بەر دەتوانی باشتر وبەکەلکتر بنووسی .

محەممەد قەهوەیی :

برا گیان ئێمەش پێمان وایە بووژاندنەوە خۆشترە لە وشک کردن . روان وگەشە کردن جوانترە لەدامرکان و سیس بوون .

شیعرەکەت زۆر پەرداخ ، نیە .لەسەر ئەوەشڕا چاپی دەکەین و داوەری دەدەین بە خوێنەران :

لە شک دام
وەک شکی هەڵۆیەکی نەبەز
وەک ئاواتی بێ تاوانی،
ناو قەفەس
لە شک دام
بەڵام
لەپەلامار دەس هەڵناگرم
دەبێ ببێ دەنا دەمرم
دەس بکەوێ
ئاواتەکەم
وەدی بێنم من رەواکەم
غەزالەکەم

نافیع عەلایی :

برا گیان لەنێو شیعرەکانتدا ئەم چەند شیعرەمان هەڵبژاردووە و هیواداریون وەک هاوکارێکی دڵسۆز یارمەتیمان بدەی و پێوەندی خۆت درێژە پێ بدەی.

سروە سەمەری سەبری سەدان
سابت ووریا
سروە سەمەن ویاسەمەن و
سەرووسوڕەییا
سروە بەگوڕو گەرم وگورم
گوردی وڵاتم
سروە بەخەبەرهێنەرەوەی ،
هەستی خەباتم

شاروخ فەیزنیژاد :

لەوە کە خۆت هەستت بە کەموکووڕی شیعرەکانت کردووە نیشانەی هەڵدان و گەشەی بیر و زانستی تۆیە کە بۆ ئێمە جیی شانازی یە .

لەبابەت پرسیارەکەشت کە نووسیوتە چ بابەتێک لە سروەدا چاپ دەکرێ ؟ دەبێ بڵێین سروە فەرهەنگی و ئەدەبی یە . چاو بە لاپەڕەکانی دا بخشێنە بۆت دەردەکەوێ چ جۆرە بابەتێک لە سروەدا چاپ دەکرێ .

نووسراوەکەتمان دا بە دەستەی نووسەران تا ئەگەر پەسندی کرد بۆچاپ ئامادە بکرێ .

چاوەڕوانی هاوکاری پتری تۆی بەرێزین .

عەلی پدرام :

بەداخەوە ناتوانین شیعری فارسی چاپ بکەین .

لەبابەت پرسیارەکەشت :

بەڵێ وشەیەکی لەنگ و نالەبار لە شیعردا ئەگەر وەزنەکەی نارێک بکا بۆشیعر ئیرادێکی گەورەیە .

سەیدکەمال لەتیفی :

شیعرەکەت تەعبیری شاعیرانی کۆنی زۆر تێدایە . هیندێک شیعر مانای نیە وەک :

لەبیری تاروئالۆزم مەهی
یارم لەوێ دیارە
کەبۆتە بووکی رازاوەوئیتر
نای بینمەوە دیارە
یاوەکوو پەندێکی ناخۆش با
بچێتەتەنگی گیرفانم!

تائێستا کێ پەندی لە گیرفانی ناوە .

لە شیعری دووهەمتدا (**هەستاند ورووشاند**) و (**بەرز وفەرز**) و... قافیە نین.

چاوەڕوانی دیاری جوانترین .

کات ژمێر بەچرپ وکوت
تەقەلایەتی خۆی بگەیەنێتە
نۆو و نیو .

خەو لەچاوی وریای منالٚ
زیز بووە .مەشقەکەی بۆ
نەنووسراوەتەوە و هەزار
بیری بە مێشکی دادێ .

ئێستەکەزوربەی هاوالٚە-
کانی نوستوون ، وریای ژیر
لەبیری باوکی دایە کەبۆچی
وەک پار پاییزێ لەخەمی
سووتەمەنیوکەل وپەلی
سەرمادا نیە !

شەو پاییزی ئەمسالٚ
دەلێی لێفەی چلکن وچەوری
بێ سنووری عاسمانی پیرە
کەخۆی بە عەرزی شل و بێ
تین داداوە و هەناسەی
لێ بڕیوە و جار جار
ئارەقەیەکی ساردی پێ دەکا
ووای بەلێنی پێ دەدا کە
زستانەکەی سەختە و دەبێ
وریا بێ،بەلام عەرزی کۆنە
نەخۆش خۆڕاگرە وچاوەڕێی
زستانی تەڕە کە بێ و تاو
پۆی لێفەی چلکن شی کاتەوە
و لۆکەی پیسی وەدەم بای
وەعدە بدا وئاداری بەسەر
پادارەوە نەهێلێ. روکارە
جوانەکەی بەهاری خۆی بە
خەلکی بنوێنێ وئەوەندەی
لە توانای دایە خۆشی لە
دلان باوێ .بەخۆشی یەوەئەو
کارەش بەتوانا و هێزی
تەواوەوە بەجێ دێنێ .

ئەلبەت تەبیعەتی جوان
پشتیوانێتی و دەستی
ئادەمیزاد لە حاندیدا
کۆلە و غەیری مل کەچی چی
دی پێ ناکرێ !

خۆزگە لە هەموو شتێکی
جوان دا دەستی نابەکارکۆلٚ
بوایە! بەلام بەداخەوە زۆر
جاران وانابێ وئەو پاییزە
ناخۆشەی کە هەموو سالێ
لەبەر عەرز بەزیوە ئەمسالٚ
تۆلەی خۆی لە وریای بێناز
و منالٚ ئەکاتەوە و لەچوار



دەوری حەساری خەمدەکێشێ
و خەونی ناخۆشی وەدی
دێنێ.ئەوەی کە باوکی لە
منالێدا بەسەری هاتووە
وردە ،وردە لە داهاتووی
ناخۆشیدا سەر رێ بە وریا ..
دەگرێ .

بەلێ هەموو خەلکی شارە
خۆشەکەمان لەبەر تەزووی
پاییز خەریکی وەکۆ کردنی
نەوت وسووتەمەنین ،بەلام
باوکی بەڕێزم چاوەڕێی تازە ،
بوکەکەبۆی بێتەمالێ وخێرا
لەبیری چووە کەقسەیەک لە
قسەنەدەگیرا دیگوت : تاوانی
بێ دایکی وریا لەمنەوەیە و
ئیتر ژن ناهێنم وتۆلەی
ئەوە بۆوریا بکەمەوە کەلە
باوەشی گەرمی دایکی بێ بەش
بووە، بە خودای ناهێلمتاقانە
کوڕەکەم نێوچاوانی ترش و
مۆڕی زڕدایک ببینێ ئاخر
بۆخۆمتامیم زۆرچاک چێشتووە
ئەرێ ، ئەرێ چاک دەزانم !!

وەختێک باوکم دایکی
تەلاق داوپاش ماوەیەک زڕدایکمی
هێنا ،بۆماوەی دوو ،سێ حەوە-
توویەک ریحانەوگولی زڕدایکم
بووم تابۆنی پێوە نەکردبام
نەدەنوست .

تاکو رۆژێک قەندانێکم
لەدەست بەربۆوە وشکا ،بەپەلە
گەیشتەسەرم ،

ـ چی بوو عەلی؟

ـ دایەقەندانێکم شکاند!

ـ دایەی چی تولەسەگ! کەی
من دایکی سەگی وەک تۆم ؟لەم
ڕۆ بەملاوە نێوی ئەودایکە
گلاوەت بەسەرمن دا نەبڕێ!
هەرپێم بلێ "باجی " بەس!
ئەمجارەش نۆبەبەخشت بێ
لەمرۆبەملاوە هەرشتێک بشکێنی
بۆخۆت دەزانی ومن! ئەوەتا
ئێستا رووم داویەی خەریکی
پشوی لێ هەلکێشی!

ـ خو...خو....دا......

دا .... خۆباجی بەئەنقەست
نەمشکاندوە زۆرم خۆش دەویست
ئاخر پارلەگەڵ دایکمان
کڕیمان .

- باشە- باشە چابوو شکا
ئەزیادگارە گڵاوەی دایکت!

ئەمقسەکەمکەم تەواوی مێشکی داگرتم ،لەخوێنم چزا بەئازای بەدەنم داگەڕا بوو بە تاوپۆ دەوری دڵی تەنیم لەگوێم راچوو بەدەست هەستم پێ کرد .

وڕمابووم لەلەت وکوتی قەندانەکە ، ئەمجار بەتوندی قیژاندی .

- زووبەفڕێ یان دە! بامن دەستم بەوانە - گڵاونەبێ!

ئەی خوێنم هاتەکوڵین چاوم سووربوو- دەستمرەق بوو قینم هەستا وهاوارمکرد بەس بلێ گڵاو . ژنەتیوەنالەبارە !

- چی چی! بەمن دەڵێی نالەبار ! دایکەواوالێ، کراوەکەتە - یالڵا !

ئەمجار ئەمیش خۆم پێدادا مستی لێ دەم تفی لێ کەم ، ئاخ وئۆخی دڵی خۆی پێ دەرکەم بەلام ،من چووک وئەو گەورە ئەمن مەزلووم وئەو زاڵم ئەمن بێ هێز وئەوبەهێز ، من بێ کەس وئەو پشت ئەستوور. لەنێو دەستی داگیرم کرد لەشم ئازاری هەست پێکرد کوا - نێ دایکم زوو بمگاتێ؟کوانێ باوکم لەفریام بێ؟

بەڵێ خەیاڵ زووتێپەڕبوو دایک نەبوو بەلام باوکم هێندەی پێ نەچوو هاتەوە پرسی: چی بووە عەلی؟

ئیتر جوابم پێ نەدراوە. گریان وقینمتێکهالان تەواوی لەشیان داگرتم- خێرا خۆم دەباوەشی کوتا وئیتر خۆم پێ رانەگیرا ولەقوڵپەی گریانمدا .

دەستی لەسەری وەردەدام و بەباوەشی یەوە دیکوشیم دەیگوت :

چی بووە رۆڵە بڵێ؟

رق وقینم - سینگ وگەرومی داگرتبوو نەم دەتوانی چی پێ بڵێم هەرگریان بوو ،لەپڕ باجیم پەیدا بوو .

- بەخێربێ یەوە کابرا - تۆ دەزانی کاکەعەلی فێربووە بەشەقەوە بۆمان بێ پڕی بە گوارەکەمداکرد هیندەی نەمابوو گوێم هەڵ دڕێ ، ئیتر خێرا باوەشی باوکم شل بۆوە ،وەک مردووی لی هات ،گەرمایی باوە - شی تەواوبوو وەکووهەوری تاڵی لێ هات ،بەپەلە دای نام بەسەری داگوڕاندم .

ئیتر نەبیسم بەباجیت جوێن بدەی ، دەزانی هەمیشە لەفیکرت دایە ، لباست بۆ دەشوا چێشتت بۆلێ دەنێ ، ئەمەبەپاداشی چاکەی کە دەیدەیەوە .

خەریک بووم چاوم لێک نێم وگوێم بگرم وبەتوندی بنەرێنم وبڵێم .

- بۆهەرمن لەم ماڵەدانان دەخۆم ! بۆخۆتان هەمیشە بەرۆژوون؟ بۆتاقە دووکوت لباس بچولەی من هێندەی ئەرکە کەوام بەسەربێ ؟ بەلام زبانم گەڕا با دوو هێندەی دیمئیجارە بوو (دووهێندەی دیموێدەکەوت)

بەدوای ئەو بەزمەدا سەرم داخست وچومە ژوورەوە لەجێ جارانی دایکم دانیشتم هێندیک سوکنایی بەجێ نەقوچک ومستەکانی ڕان وپشتمداهات وخەریکی وردە هەنیسکی دوای گریانم بووم . کەباوکم هەرای لێکردم "عەلی"وەرە ، نانەکەت بخوا ئیتر ئەمیش کەتازە- خۆشەویستی خۆملەم ماڵەدا بەپچڕاوی دەدیت . بێ دەنگێکی لەلای خوارەوەی سفرەکە بەئەدەب دانیشتمو خەریکی نان خواردن بووم کە چاوم هەڵ بڕی سەعات نزیک چوونی مەدرەسەیە بەپەلە هەستام کەوشم دەپێ کەم وهەڵێم - باجیم- هەرای لێکردم .

- ئەی چایەکەت بەزەهر ناکەی؟بەلالوتێکەوە گوتم : "نا " ورۆیشتم- گوێملێ بوو کەباوکم بەباجیمی گوت :

دەبوو لەسەرئەو"نا "یەلێم دابا پەلام تازەقەیدی ناکا .

. ئەمەبوو بەسەرهاتی تەنها رۆژێکم ، وبەهۆی هەزاران ر- ووداوی تاڵی ژیانم رازیبەوە نیم ، ئەوچاوە جوانانەی"وریا" تەموغەوری خەمی زڕدایکی لێ نیشێ !!!

شاعیرانی لاو

شینی سەردەشت جینا یەتی حیزبی بەعس

هیرۆشیما دێنێتە یاد،
جەستەی زاماری شارەکەم
دەستی پیسی شەڕە کەوا
دەسووتێنێ گوڵزارەکەم

* * *

بەتاوانی بێ تاوانی
دەسووتێنێ هێلانەکەم
بەشیمیایی دەیرشێنێ
شارو کووچەو کۆڵانەکەم

* * *

ژاری مەرگە لەوڵاتم
بەچووک وگەورەی دەچێژێ
خوێنی گەشی لاوی کوردە
شەری داسەپاو دەیڕێژێ

* * *

هەرگوڵی ژینن ئەپرووکن
بەئاوری بێ ئامانی شەڕ
مەگیرانی بەخوێن دەکا
ئەفلەقی پڕ زیان وزەڕ

* * *

کوورەی نەمانی کوردە وا،
بەرزە بڵێسە وگڕی
خۆشی دەکا نەکا جارێ
بەسەریا بێ ساردوسڕی

* * *

هەرواگوڵەوپەڕپەڕدەبێ
لەپووشپەڕی وەرزی تەمەن
ئاسۆ نوقمی خوێنە! سوورە
لەبستۆکەی بەرزی وەتەن

* * *

ب. بریاجی

پیری

پشتی ورەی پۆڵاینم
مەترسی مردن دایمووکاند
پلاری سستی وبیماری
باڵی شیعرەکانمی شکاند

* * *

نووکە گاسنی گای زەمانە
دای لەهەردی هەرزەکاریم
کیلای کێلگەی خەیاڵاتم
شکاندی گەنجی دڵداریم

* * *

قرچەی گەرمای هاوینی ژین
خەونەکانی تواندمەوە
پیری لەسەرکێکی تەمەن
گەڵێ شەمی کوژاندمەوە

* * *

پیرەداری هێزوباهۆم
گەندەڵەداری ڕزیوە
کێوی سەوزی لاوەتی من
بەفروسەرمای تێ خزیوە

* * *

نەماوە باوی لاوەتیم
تەنیام لەگۆشەی بێدەنگی
تەپۆلکەم لێ بووەبەهەڵگورد
لەبەر هەوری نەفەس تەنگی

* * *

بەچاویلکە لێی دەگەڕێم
لە دەورانی تازە ساڵیم
بەپشتی کۆم هاواردەکەم
کوا جەوانیم، کوا منداڵیم

ک. د. ئازاد

ئاوات

دەمەویست
گولێ بام لەناو باغی ژینتا
سوور
دەمەویست
کێوێک بام
لەکوێستانی بەرزی ژینتا
بلێند
دەمەویست
لوتکەیەک بام
لەدەریای فرمێسکی ژینتا
بچووک
بەلام گولی سوورم
بووم ونەبووم
پەلەخوێنێک بووم
کەلەچاوەجوانەکەت را
تکامە سەر رووی عەرز
بەشێواوی دلی بەغەم
بەری رووناکی ئەندیشەو
ژینی بەخۆشیم گرتبوو !

سولەیمان زارعی

بەپڕمەی شین وگریانی
چەپکێ وشەی شیعری تاساو
لەخەوهەستام
وتم کوڕپەم
جگەرگۆشەم
بۆچی دەگری؟
چەند هەنیسکێکی داو وتی:
هەتا کەنگێ
لەزیندانی دەفتەری شڕدا
رامدەگری ؟

رەوەند

دەریا

لەرووبارێکم دەپرسی
ئەگەر رێگات بێ وەگەڕێی
بۆباوەشی دۆلّ وچیا
دەچییەوەیا
دیسانەوە دەگری رێگا
وتی :
دایکی هەموو رووبارێک دەریایە
دەچین لەوێ یەک بگرین
چەپلەی یەکدەست دەنگی نایە


ک . د . ئازاد

سبەینێ

خەفەت مەخۆ
دامەنیشە دەستەوئەژنۆ
مەلێ چ بکەین
ئەو ژیانەی دەمانەوێ
دەبێ گۆرانی بۆ بلێین
دەبێ سازی بکەین
خۆمان دەبێ ئەورۆژەدێ
دلنیابە ئالای ئیسلام
لەژێرسایەی خۆی نەکوشێ
کەس زگی برسی نەخەوێ
کەس لەرێ وبانان نەکان
پادگان وقۆرخانەکان
دەبن بەباخچەی مندالان
لەئاسمان بەجێی دووکەل
دەبینی شەقەی شاباڵان
دارودرەخت چرۆدەکا
لوولەی رەشی چەک وتفەنگ
دەبێتە هێلانەی کۆتر
بۆسۆی گولی گەنم نایە
چەوسانەوەش
دەچێتە گۆڕی تەنگەبەر
خەفەت مەخۆ
دامەنیشە دەستەوئەژنۆ
مەلێ چ بکەم ؟
مەلێ چ بکەین ؟

شێواو





دیکل و ریوی

پەرویز جهانی

رۆژەک ل رۆژێد بوهاری
کەلەشێر بهیڤیداری
ل گوند دەرکەت وچوو چۆلێ
خو گیهاندە ناڤا دۆلێ
گولاوین بوو هەوا بوهار
بشکفتی بوون هەرگول ودار

ناڤ چیمەن ودارو بەرا
تەماشە کر ل هەردەرا
کەیفا وی هات پەڕێ رەنگین
ل هەڤدا و کرە قووتین
دەنگێ وی یێ بەرز و ئازا
کەتە چیاو زانگ و رازا






دەنگێ وی گوهێ رووڤی کەت
رووڤی بۆراڤێ پەی وی کەت
لە*مەلم هات رووڤیێ فێلباز
بەر بدیک چوو ب تەول وباز
دەما کو دیک دوژمن بدیت
دلکا وی ترسا هلاقیت
هەلات وپێ دا فرارێ
بازدا ، فڕی چووسەردارێ
رووڤی دیت دیک ژدەست دەرکەت
نەما ژێ ڕاکەلێن،دەرفەت
چوو بەردارێ بپۆ*لۆتقە
کێشا نەخشە وحیلەوحۆقە
گۆتێ سەلام برایێ باش
برایێ باسک جوان ،دەنگ خاش


توچرا چووی فێزادا رێ
ژمن بۆدکی فرارێ ؟
بۆدترسی برا ، توژمن
ئەزی دۆستم ، نەکودوژمن
وەرە ئەم دۆست وهەڤالن
ئەم دۆست ، ناسێ باڤوکالن
خۆشا من هات ل وی دەنگی
هاتم باتە ب خۆشرەنگی
بەەبەە بنێرە هەوایێ
ل بێهنا خاش وسەفایێ
بنێرمێرگ وگول وچیچەک
سۆسن ، بەیبوونێ چاڤ بەلەک



وەرە ئەم بکەن سەیرانێ
ل ناف میرگێد ڤێ زۆزانێ
بانگ بدە بدەنگێ بلند
دەنگ ڤەدە ل باژارو گوند
دیک گۆتێ هەڕە خاپ* خاپین
بۆمن تو نەخشەیا نەکشین
دزانم تو هەر دوژمنی
تو نەیارو دژی منی
رووڤی گۆت چەندێ سۆسرەتە*
جێ زەندە*مان وعێبرەتە
برا تو بۆم ناناسی
بۆهند بێ هەست وهەواسی ؟
ئەزو باڤێ تە ئەم دۆستن
دوجان لناڤا یەک پۆستن
دهوونی من دیت باڤێ تە
م لێ هلدا سلاڤێ تە
دیک کەنیا وکر قڕەقڕ
گۆتێ بەسە دەرە وڤڕ
باڤێ من پارڤا مری یە
ئەمرێ خودێ جی ئانی یە
رووڤی گۆتێ ئەرێ ئەرێ
م خوشاشکر ل وێ دەرێ
رەحمەتیێ باڤێ تەنەبوو
ئەواکم گۆت دایکا تەبوو
ڤێ پرسێ لێم ببۆرینە
برایێ دیک، ببەخشینە
ئەزگشتی بنەمالاوە
ناسدکم تێمە مالاوە
نزام چڕا تو م ناسناکی
پرسا خۆ ژمڕا راسناکی



دیک گۆتێ ئەز تەناس دکم
دوول وبابێ تەراس دکم
دزانم تویی نەیاری
دوژمنی تو قەت نەیاری
رووڤی کەنیا بڤێلبازی
حەتا کو دیک بکە رازی
گۆتێ توچەند بێخەبەری
دبێژی پرسا سەرسەری



ماتە نەبهیستی فەرمان
فەرمانا شێرسەرەک حەیوان ؟
شێر فەرمان دایە هەردەرا
شاندی یە گشت دەشت و دەرا
گۆتی دوژمنایێ نەکن
دەرکێد خۆشیێ لەخۆڤەکن

ئێدی تونە شەڕو کوشتن
زۆرزۆر یاساغە خوون ڕێژتن
سەگ ورووڤی بوونە هەڤال
دۆستن کەلەشێر وچەقال
مێ وگورێ تەڤ بچێرە
بەرەڤ دکن شوور وکێرە
خرڤەدکن تۆپ وتوفەنگ
ئێدی چنینە شەڕوجەنگ
دیکێ پشتا رووڤی سیاربە
گورێ بۆ پەز نۆبەداربە
خوئەزمامە زەندە گرتی
تەفەرمان بۆنەبهیستی ؟
ل وێ ناڤێدا کەلەشێر
بئێمناتی وبەربهێر*
گەردەن درێژو نێزە کر
بەربگوند ئەوی مێزەکر
رووڤی گۆتێ بخۆش، خێری
تو زل مایی چ دنێڕی ؟
دیک گۆت حەیوانەک وایەدێ
بلەزوگەف وگور وچێ
ئوسا دێ وەک بایێ بەزێ
نزام چڕا دکە لەزێ
ئەو هەروەکی تە کولکینە
گوەپان وزۆر دێل هەژینە
ژتەمەزنترە وپرچین
ژگوند دەردێ، بکەل وبین
ئەز خوەژی ناسناکم چییە ؟
نزام هرچە ،یان رووڤییە
دەماک رووڤی بهیست هەوار
ئەوخەبەرا توند ودوژوار

ژدیک دوورکەت وکەتەرێ
دگەریا ل رییا ڕەڤێ
دیک گۆتێ تێ کودا هەڕی
ئاخر توچڕە دڕەڤی
رووڤی گۆت نیشانێک تەدان
گەمالە یان سەیێ شڤان
ئەم وئەوانا نەیارن
نەیار ،دوژمنێ خووندارن
دیک گۆتێ ئەهەی دەرەوین
ئەهەی فێلبازێ خاپخاپین
تەنەگۆت نەیاری تونە
یاساغ بوویەخوون رێژتنە ؟
بوونە دۆست گشتی دوژمنە
لی ئەو چی ڕەڤ ، هەلاتنە ؟
رووڤی گۆت پرسێ تەراستە
دۆ ژی هەر برایێ ماستە
ئەز دترسم سەیێ شڤان
نەبهیست بەوەک تەفەرمان
ئەوێ وەرەم زەحی کە
پرسا دوستانیێ نەهی کە
ئەڤەگۆت وکەتە چۆلێ
رەڤی خوەداپشتا دۆلێ



دیاری

مەتەڵ

یەک پێ لە دەشتێ
دوو پێی گەیشتێ
خستی یە سەرتەنیشتێ
"دروێنە"

گوێلەوسارم ئاو دەدا
گوێلکەشین هەڵدەمسا
"ئاوداشتنی شووتی"

خانمە خانم دابەزی
کەوتە بیری چل گەزی
سەری پڕبوو لە دەرزی
"کەنگر"

سپی یە پەنیر نیە
کلکی هەیە مشک نیە
"توور"

ئەوە چیە، ئەوە چیە
دوو دیو کۆڵەکێکی هەیە
"کەپۆ"

تەپە خریلە
گیا وردیلە
"سەر"

هەوەڵ چوار لاقە
دوایە دوو لاقە
ئاخری سێ لاقە
"ئینسان"

پەندی پێشینیان

– راستۆل رێ دا، خارۆ دقەهرا خودێ دا.

– کەس ل رێ یا راست دا بەزرنابە

– دونیا ببەکەس، مرۆڤ نابێژە بەس

– گاب جلا نایێ ناسکرن

– هەسپێ نێر ب دەست ولەپێ خۆدەردکەڤە.

– *بۆز ب هونورێ خۆدژی

– تونەبوون ریشاکۆتی بوونی یە.

– چاڤێ دەریا، خولی ل سەری یا.

– چاڤ ب چاڤا دکەڤە چیا ب چیا ناکەڤە

– پۆستێ هێشترێ بارێ هێشترێ یە.

– بلا کچ بەبلا پیربە، بلارێ بەبلا دویربە بلا بهۆری بەبلا کوێربە.

– دیزک دبێژە بەرۆشێ رووتەنی.

– هەسپا چێ رکێفا ل خۆ نادە.

رەشی بەرتاوێ سپی نابێتەوە بە ئاوێ.

دەستێک بەتەنێ تەقەی نایە.

قسە کەوتە زارێکی دەکەوێتە شارێکی.

بۆ مردووی پار هاوینێ مەگێرە تازە گەرمەشینێ

ئەوەی لەمشک بێ هەمبانە دەبڕێ.

بەپەلە ژن مەهێنە تا بە شێنەیی پەشیمان نەبیەوە.

لە هەموو هەوران باران نابارێ.

دەریا بەجێ دمی سەگ پیس نابێ.

نە باغەوان کوڕی لەبیر دەچێ نە مار کلک.

قەت خوێن نابێ بە ئاو.

کارکەری شیرین
نوێژکەری نوورین

کەس بەخەیاڵ نابێتە ماڵ.

دز بازاری شێواوی پێخۆشە.

نە یاری زانا، نە دۆستی نەزان.

گاوان بەگاوانی خۆی پێ عەیب نیە
نان خرکردنەوەی پێ عەیبە،

هەر تەیرێک لە رەوەی خۆی دابڕێ باڵی دەشکێ.

هاوینان سەرت بکوڵێ
زستانان دیزەت دەکوڵێ

هاوینان بکەی قەپۆزە
زستانان دەکەی دەرۆزە

چ بچێنی ئەوەی دەدروویەوە.

ئەو چاوە کوێر بێ دوژمنی خۆی ناناسێ.



کوڕێک ژنێکی تەمبەڵی دەبێ. ڕۆژێک لەگەڵ بابی تەگبیر دەکەن کارێکی بکەن بەڵکوو ئەو ژنە حەیا بیگرێ وکار بکا.
باب گەسکێک بەدەستەوە دەگرێ ولەحەوشە رادەوەستێ بە کوڕەکەی دەڵێ :
- راوەستە من حەوشە گەسک بدەم
- نا بابە. بەسەری تۆ نابێ ! خۆم گەسکی دەدەم
ژنە وەجواب دێ:
- شەڕی ناوێ. هەرڕۆژە یەکتان بیماڵن !



- ئینگلیزی دەزانی ؟
- بەڵێ دەزانم بپرسە.
- بەجیرەی دەرکە دەڵێن چی ؟
- ماڵتە وەدەزانی ماڵی تۆیە. کوا ئینگلیزی دەرکەیان جیرەی لێ دێ ؟




پیاوێک بەسواری کەر بەنێوەراستی خیاباندا دەڕوا پۆلیس دەیگرێ ودەڵێ:
- جەریمە بدە! نازانی ئەوکارە خیلاقە ؟ سەت و پەنجا تمەن بدە!
- بۆ سەت وپەنجا ؟
- سەتی خۆت وپەنجای کەرەکەت ؟
- قوربان هەرنەبێ وەک کەرەکەم حیسێب بکە و پەنجاش لەمن بستێنە ؟



●●●

- رۆڵە ئەوە. بۆ وا داماوی ؟
- وەڵڵاهی دایەگیان نازانم! چەندرۆژە چاوەڕێم رۆژنامە بێ وبزانم لە کۆنکوور قەبووڵ بووم یا نا ، ئەورۆ کڕیم بەڵام ناوی منی تێدا نەبوو.
- هەی لەمنت نەکەوێ ، ها ئەوە دوو تمەن بڕۆ رۆژنامەیەکی دیکە بکڕە.



ئەم وشانە کە لەم ژمارەی گۆواردا نیشانەی(▩)یا ن بۆدانراوە لێرەدا مانا کراونەوە.

فەرهەنگۆک

کێلێز : کێل و بەرد
قولانج : مەودای نێوان قامکی شادە وقامکی گەورە بەراکشاوی .
مێرمندال : لاوێکی تازە تەمەنی لاوەتی دەست پێکردبێ.
شاتللۆرە : خللۆر بوونەوە وەک گاشە و جالە.
ترازان : لە جێگە و ریزی خۆ دەرچوون .
دارچەلە : ئەو دارە ئەستوورە کە چیغی پێوە دەبەستن ، چەلەکە.
شوول : لقە بی یەکسالە کە باریک ودرێژە وسەلە وسەوەتەی پێ دروستدەکەن یا بۆ چیغ کەلکی لێ وەردەگرن .
بەرجی : بێجگە، جگە لە، سەرەرای .
گەلەکۆمە : هەرەوەز، یارمەتی گشتی لە کاردا .
کۆل کۆل : چین چین .
پۆل پۆل : دەستە دەستە .
نێر : بەرجی مانای ئاسایی، بەو دارو گیایەش دەلێن کە گول و تۆو ناکەن و زۆر بەرز دەبنەوە.
دۆپ : پاوان ومێرگ ، لەوەرگە.
کۆبە : قەراغ .حاشیە
سەرتیک : جەمسەری دروومان .
تێک قرمان : تێک رووخان .
چرپی : لک وپۆپی دارە بی .
تەرشداری: مەرداری .
هێژا : شایان ، شایستە .
چاوا : چلۆن .
زۆزان: کوێستان .
ئاران: گەرمێن .
مهی،می : مەر
کەری : رەوە ، مێگەل .
بانین: وەخۆکردنەوەی بێچوو.
قسە بزرکاندن : ورێنە .
مێژۆکە : بەرخی تازە لەدایک بوو.

زایەلە : دەنگدانەوە، تەنین .
نارە : گۆرانی بن لێو.
زراندنی خەو: بێ خەوکردن ، خەو پەراندن .
هەیڤ : مانگ .
داتووکان : داسەکنین (بتمرگ)
پاناوک : زەوی پان وساف لەقەدی کێو.
راز : رەوەز .
بەربەست : سەد.
شیواو: ئەو شوێنە چۆمی پێدادەروا.
پیاسە: قەدەم لێدان .
رەهەند: کانال .
خر : دۆل .
توێلک : توێکل وپێستی دارومیوە
بۆهەرنەهووت :بۆ ترشاو گەنداو.
تەنەوە: بلاو بوونەوە، داگرتن .
کەلەپوور: میرات ؟
خێرۆک : گەنم یا حاسلێکی لە تۆوی رژاوی سالی رابردوو شین دەبێتەوە وخاوەندەکەی زەحمەتی لەگەل نەکێشاوە .
نامۆ: بێگانە ، بیانی .
تەگەرە: گرێ ، کۆسپ .
رمێن : رەواج .
قەرقەش: گێرە و کێشە .
مەنشوور: مەشهوور ، بەناوبانگ
چاوبەمۆلەق وەستان : رەنگی مردن بەخۆوە گرتن .
گلان : کەوتن وهەلنەستانەوە .
گوولک : چرێش ، پانجارەکی کێوی یە
سێ بسکە: پانجارەکی کێوی یە ولە ئاش دەکرێ.گیا دۆکلیو
بەلەکی : کەوی بەفر.
شەمزە : بەرخ وکاریلەیەکی کەلە چیا لەدایک دەبێ .
خەلەندۆر: هەوەلشیری مەروما لات کەپاش کولاندن لەفرۆ توندترە
چرپاندن: قرتاندن، گول چنین .
پێسیر: ئەتەک ، ئاتەگ .
ساز : قامیش ، زەل .
هۆگچ : بەرانی سێ سالە .
ماز : بەرانی چوارسالە

درماز: بەرانی پێنج سالە
پەرژین : پەردە .
بینبەر: دیمەن .
هەیلۆ:تا ، هەتا .
مەرڤ : مرۆڤ ، مەری .
باق : باقە .
قژلاندن : هەلقرچاندن وسووتاندن.
پنجار : پانجار، سەوزی کێوی.
وەرێنە: بێنە .
حەشەری: گەرم داهاتوو .
بەرۆدان : زاووماک .
مشە : زۆر، گەلێک .
ئارش : مەعنی .مانا .واتا
شلێر : جۆرە دەغلێکە کە لە گەنم باریکترە نانی لێ ساز دەکرێ . نانەکەی رەشە. چێوداں
پەلەخ : گیا رەشەی درشت .
چیل : زۆر سپی .
گەمال : سەگ ، چواربێ
لەمەلەم: تەلەتەل ، ماتە ماتە.
پۆلۆتقە: کلکە سووتە .
سوسرەت : عەجیب .
بەربهێر : لەسەرەخۆ.
زەندەمان : سەرسورمان .
قەف :
ئالقە، گرێ.
جەلە :
رستە،گوریسی ئالقەکراو.
سوور :
کۆی گەنمی خاوێن و ئامادە.
بەقوون داخستن :
وەپاش دان. وەدواخستن .
سی :
سیپەلک . ریە .
قۆستنەوە :
گرتنی بەپەلە. گرتنەوەی ، بەپەلە. رفاندن .
لە حەجمەتان :
لە حەیفان. لە داخا، لە تووڕەیی .
لاترەی بەست :
کەوت .هەلەنگووتن وکەوتن .




گوندی ورا (هەوراما ن)


دیاری حەیدەر ئەحمەدی-پاوە



دیاری عارف ئاغایی ـ شنۆ

دیاری عەزیزناسری ـ مەهاباد





دیاری خالیدئیسماعیلی ـ مەهاباد

دیاری خالیدقەلعەکووهی ـ بۆکان



